WISDOM OF GOD'S CREATION

حیکمەت لە بەدیهاتنی بوونەوەرا

ئیمامی غەزالی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لە عەرەبییەوە:
مزەفەر عەولا قەسرێ

پێداچوونەوە:
د. جەعفەر کەرگوانی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

حیکمەت لە بەدیهاتنی
بوونەوەردا

حیکمەت لە بەدیهاتنی بوونەوەردا

نووسینی:ئیمامی غەزالی (ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی تووسی)

وەرگێڕانی: مزەفەر عەولا قەسرێی

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر

چاپی یەکەم٢٠٢٣ز-١٤٤٤ك

نوسینگەی تەفسیر

بـۆچـاپ و بڵاوکـردنـەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆڵی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر

غەزالی، ئەبو حامید

حیکمەت لە بەدیهاتنی بوونەوەردا، ئیمامی غەزالی (ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی تووسی) (نووسەر) مزەفەر عەولا قەسرێی (وەرگێڕ)

١٣٢ لاپەڕە،

١٧* ٢٤ سم

بابەت، ئاینیی

ISBN: 978-9922-679-94-5

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (١٩٢٦) ی ساڵی٢٠٢٠ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاین :نوسینگەی تەفسیر

حیکمەت لە بەدیهاتنی بوونەوەردا

پەردەی ڕاهاتن لابدە و بیر لە بوونەوەرانی خودا بکەرەوە

نووسینی:

ئیمامی غەزالی

(ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی تووسی)

وەرگێڕانی:

مزەفەر عەولا قەسرێی

پێداچوونەوە

د. جەعفەر گوانی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی لێکۆڵەر

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر، دروود و سەلامی خودا لەسەر پێشەوامان کۆتا پەیامبەر، پاشان:

ئەم کتێبە ناوازە و دەگمەنەی پێشەوا غەزالی — خودا لێی رازی بێت — ئەگەرچی لەقەبارەدا بچوکە بەڵام لەناوەرۆکدا گەورەیە و چەندین حیکمەتی لەخۆگرتووە کە مرۆڤ ئارەزوویان دەکات و پێویستە بیانزانێت، تیایدا پێشەوا غەزالی باسی لە حیکمەتی بەدیهاتنی خۆر و مانگ و هەسارەکان و زەوی و دەریا و زەریاکان و ئاو و هەوا و ئاگر و مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵ و هەنگ و مێروولە و جاڵجاڵۆکە و کرمی ئاوریشمیی و مێشوولە و ماسیی و ڕووەك کردووە، لەهەر باسێکدا حیکمەت و موعجیزەی خودایی لە بوونەوەردا خستۆتەڕوو، کە بە ئاشنابوون پێیان دڵ زیاتر هەست بە گەورەیی بەدیهێنەری زانا دەکات.

هەر بـۆیە کتێـبەکە شـایانی بەدەستخسـتنە و هەمـوو کەسـێك سـوودی لێدەبینێت، هەر بۆیە هەستام بە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی.

کارکردن لەسەر کتێبەکە:

کاتێك نوسخەیەکی ئەم کتێبە دەگـمەن و نـاوازەیەم کەوتە بەردەست، بینـیم هەمـوو دێرەکـانی بەیەکەوە بـوون، بڕگەکـانی لەیەکتـر جیـانەکرابوونەوە، مەوداکـانی رێکخـراو نەبـوون، خاڵبەنـدی بـۆ نەکرابـوو، (کە ئامـاژەن بـۆ جیـاکردنەوەی رستە و دەستەواژەکان و گوزارشت کـردن لە واتـای پـرس یـان سەرسـوڕمان و واتایەکانیـان). بـۆیە بەگرنگیـدانێکی تـایبەتەوە دەسـتمکرد بەدانانی هەموو ئەو پێویستییانە، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە لەوە بێبەش نەبێت و، هەروەك چۆن مەرجیشـە کتێبی بڵاوکراوە هەمـوو ئەو رێکارانەی بـۆ ئەنجام بدرێت. مامۆستا عبدالسلام هاڕوون لەکتێبەکەیدا (تحقیق النصوص ونشرها) هۆشـداری لەم بـارەیەوە داوە و گوتـوویەتی: (خاڵبەنـدیی پێگەیەکـی بەرزی هەیە بـۆ تێگەشـتن لە دەقەکـان و دیـاریکردنی واتاکـان، لەوانەیە نەبـوونی فـاریزەیەك لە شـوێنێکی دیـاریکراودا ببێـتە هـۆی واتـایەکی پـێچەوانە و زیادکردنیشـی بەهەمـان شـێوە، بەڵام ئەگەر لەشـوێنی خۆیـدا دانـرا، واتـایەکە دروست دەبێت و هەموو ناڕوونییەك دەڕەوێنێتەوە).

پاشان ئایەتە قورانییەکانم دڵنیاکردۆتەوە.

بەر لە دانـانی دەقـی کتێـبەکە، ژیـانی دانەرم دانـاوە و پـێگە و ئاسـتی زانستیی و شکۆی دانەرم لەنێو زانایانی مسوڵماندا روون کردۆتەوە.

لەکۆتاییدا ئومێدەوارم بەرگێکی تـرم بەبەر ئەم کتێبە نـاوازەیەدا کردبێت و خوێنەران چێژ و سوودی لێببینن.

سەرکەوتنیش لە خوداوەیە

محمد رشید قبانی

١ی موحەڕەم/ ١٣٩٨ کۆچی

١١ی کانوونی دووەم/ ١٩٧٧ی زاینی

بەیروت

ژیاننامەی دانەر

پێشەوا غەزالی (خوا لێی رازی بێت)

ناوی تەواوی (أبو حامد محمد أحمد الغزالي)یە، بە (حجة الإسلام) و (زين الدين الطوسي) و (الفقيه الشافعي)[1] ناسراوە.. پێشەوا غەزالی کەسایەتییەکی مەزنی ئیسلامە، بەبیستنی ناوەکەی دڵ دەکرێتەوە و دەروون زیندوو دەبێتەوە، بەنووسینی ناوەکەی پێنووسەکان شانازی دەکەن و پەڕاوەکان شکۆدار دەبن، بە بیستنی وتەکانی گوێچکەکان فەخر دەکەن و سەرەکان نەوی دەبن.

لەساڵی چوارسەد و پەنجای کۆچی لەشاری تووس لەدایك بووە. باوکی پیشەی چنینی سووف بووە[2].

لەسەرەتای تەمەنیدا لەشاری تووس دەستیکردووە بە خوێندن، پاشان لەنیسابوور و دواتریش بۆتە فێرخوازی پێشەوای دوو حەرەمەکە (أبي المعالي الجويني)، فێرخوازێکی چەلەنگ و چالاك بووە و بەماوەیەکی کەم بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووە. لەسەردەمی مامۆستایەکەیدا بۆتە یەکێك لە

---

[1] وفيات الأعيان لابن خلكان ٢١٧/٤، تحقيق الدكتور احسان عباس.

[2] طبقات الشافعية الاسنوي ٢/ ٢٤٢، تحقيق عبدالله الجبوري.

کەسە ناسراوەکان و لەو سەردەمەدا چەندین کتێبی نووسیوە.

چۆتە لای وەزیر (نظام الملك)، پێشوازییەکی زۆری لێکراوە و، لە دانیشتنەکانی وەزیردا چەندین کەسی زانا هەبوون، لەسەر بابەت و باسەکان گفتوگۆیان کردووە، بەڵام دوای هاتنی غەزالی لەهەموو باسێکدا بەسەریاندا سەرکەوتووە، بەمەش ناوی دەرکردووە و کەسانی زیرەك و هەڵکەوتووی بەناوکراوە.

دوای ئەوە وەزیر ئەرکی وانەگوتنەوەی لە قوتابخانەکەیدا پێ سپاردووە، کە بریتی بوو لە قوتابخانەی (النظامیة) لەشاری بەغدا لەساڵی چوارسەد و هەشتا.. خەڵکی عیراق پێی سەرسام بوون و لەلای ئەوان بوو بە خاوەن پێگەیەکی بەرز.

دوای ئەوە غەزالی هەموو ئەو پێگە و ناسناوانەی بەجێهێشت و لەساڵی چوارسەد و هەشتا و هەشت ڕێگای زووهدی گرتەبەر و دواتر حەجی کرد و دوای گەڕانەوەی بەرەو شام چوو. بۆماوەیەك لەشاری دیمەشق مایەوە و لەگۆشەیەکی مزگەوتدا دەرسی دەگوتەوە. دوای ئەوە چوو بۆ بەیتولمەقدیس و لەوێ قۆڵی لە پەرستن هەڵماڵی، پاشان بەرەو میسر چوو و بۆ ماوەیەك لەشاری ئەسکەندەریە مایەوە. دوای ئەوە گەڕایەوە شارەکەی (تووس) و چەند کتێبێکی گرنگی نووسی، لەوانە (الوسیط) و (البسیط) و (الوجیز) و الخلاصة) لەبواری فیقهدا. هەروەها (إحیاء علوم الدین) کە یەکێکە لە ناوازەترین و باشترین کتێبەکان. هەروەها لەبواری (أصول الفقه) کتێبی (المستصفی)ی نووسی، کە لەساڵی پێنج سەد و سێ تەواوی کرد. هەروەها (تهافت الفلاسفة) و (محك النظر) و (معیار العلم) و (المقصد الاسنی في

شرح اسماء الله الحسنى) و (مشكاة الأنوار) و (المنقذ من الضلال)[1] و (الاقتصاد في الاعتقاد) و (علوم النظر) و (معارج القدس في أحوال النفس) و (مقاصد الفلاسفة) و (تنزيه القرآن عن المطاعن) و (المعارف العقلية) و (جواهر القرآن) و (فضائح الباطنية) و (التبر المسبوك في نصيحة الملوك) و (مناهج العابدين) و (ياقوت التأويل في تفسير التنزيل)ی داناوە، ئەوەی کۆتایی تەفسیرە و نزیکەی چل بەرگە[2].

پاشان گەڕاوەتەوە نیسابوور و لەوێ لە قوتابخانەی (النظامیة) بۆتەوە مامۆستا، دواتر جێیهێشتووە و گەڕاوەتەوە ماڵەکەی لە تووس و لەوێ خانەقایەکی کردۆتەوە بۆ سۆفیگەری و قوتابخانەیەکیشی کردۆتەوە بۆ زانست و زانیاری و خۆی تەرخان کردووە بۆ کاری چاکە و قورئان خوێندن و دانیشتن لەگەڵ ئەهلی دڵ و وانەگوتنەوە.

لەرۆژی دووشەممە، چواردەی جەمادی دووەم، لەساڵی پێنج سەدوپێنج لە شاری(تووس) کۆچی دوایی کرد و گەڕایەوە لای پەروەردگارەکەی[3].

---

[1] الأعلام للزركلي ٣/٩٧٠.

[2] وفيات الأعيان لابن خلكان ٤/ ٢١٨.

[3] تووس: شارێکە لە (خوراسان) لە نێران.

پێشەکی دانەر

سوپاس و ستایش بۆ ئەو زاتەی بوونەوەری نوقمی بەخششەکانی کردووە، پەیپێبردنیشی تایبەت کردووە بە بەندە بیرکەرەوەکانی، بیرکردنەوەشی کردۆتە ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی باوەڕ لەدڵی بەندە بینەرەکانی، کە لەڕێی بەڵگەکانییەوە ناسیویانە، تاقانەییان بۆ دەرکەوتووە و بەتاك و تەنیا پەرستوویانە، پەیان بە گەورەیی و بەرزی بردووە و بەپاکیان داناوە. ئەو زاتە لەهەموو دۆخێکدا دادگەرە و بەندەکانیشی بە بینایی و بەڵگەوە شاهێدن لەسەر دادگەرییەکەی و بۆیان دەرکەوتووە، کە زاتێکی دانا و توانا و زانایە، هەروەك لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾ آل عمران: ١٨.

واتە: خوا شایەتی داوە، کە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە، جا شایەتیەکەی خۆی لەگەڵ شایەتی فریشتەکان و زانایان لەیەك ڕیز دانا، لەسەر گەورەترین شایەتی بۆ دراو، کە ئەویش شایەتیدانە لەسەر یەکخوایی خوا و هەڵسانی بە دادگەریی، جگە لەو، کەس شایەنی پەرستن نییە، کە دەسەڵاتێکی وای

هەیە، گەر بیەوێ شتێ بکات، هیچ شتێك نابێتە ڕێگر لەبەردەمیدا، دانا و کاربەجێیە لەقسە و کردەوەکانیدا.

دروود و سەلامیش لە سەرداری پەیامبەران، پێشەوای لەخواترسان، تکاکاری تاوانباران محمدی کۆتا پەیامبەر و خێزان و هاوەڵانی تا ڕۆژی قیامەت.

پاشان: براکەم، خودا سەرفرازت بکات و خێری دنیا و قیامەتت پێ خەڵات بکات، بزانە، ڕێگای ناسینی خودای پەروەردگار بریتییە لە بیرکردنەوە لە بوونەوەرانی و تێگەیشتن لە حیکمەتی بەدیهاتنیان.

ئەم کتێبە بۆ خاوەن ئاوەز و هۆشمەندان نووسراوە، زۆرینەی کتێبەکە ناساندنی حیکمەت و بەخششەکانی پەروەردگارە، کە عەقڵی بەدیهێناوە و لەڕێی وەحییەوە تەواوی کردووە و فەرمانی بە هۆشمەندان کردووە بیر لەو موعجیزانە بکەنەوە، کە لەبوونەوەردا داینان، فەرموویەتی: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١ ﴾ یونس: ١٠١.

واتە: ئەی پێغەمبەر! بە گەل و قەومەکەت بڵێ: ئەو بەڵگە و نیشانانەی خوا، کە لە ئاسمانەکان و زەوی بەدی دەکرێن، بیری لێ بکەنەوە و پەندی لێوەربگرن، بەڵام بەڵگە و نیشانەکان و پەند و ئامۆژگاریەکان و، ئەو پێغەمبەرانەی بەندەکانی خوایان بە سزا و تۆڵەی خوا دەترساند، دادی قەوم و کەسانێك نادات و سوودی نیە، کە بڕوایان بە هیچ شتێ لەمانە نیە، لەبەر ئەوەی ئەوان ڕوو لەحەق وەردەگێڕن و کەللەڕەق و عینادن. هەروەها فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا

فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ الأنبياء: ٣٠.

واتە: ئەوانەی کافر و بێ باوەڕن، ئایا نەیانزانیوە، کەئاسمانەکان و زەوی، پێشتر بەیەکەوە لکابوون و هیچ بۆشاییەك لەنێوانیان نەبووە و یەك پارچە بوون، نەباران لەئاسمان هەبووە، نەڕوەك لەسەر زەوی؟! جا بەتوانا و دەسەڵاتی خۆمان لەیەکتریمان جیاکردنەوە و بارانمان لەئاسمان باراند و ڕووەکمان لەزەوی ڕووواند و سەوز کرد، لەئاویش هەموو شتێکی زیندوومان دروست کرد، جا ئایا ئەم بێ بڕوایانە، بڕوا ناهێنن بەوەی کەدەیبینن و تەنها هەر خوا بپەرستن؟

چەندین ئایەتی تر و بەڵگەی ڕۆشن، کە هەموو خاوەن ئاوەزێك لێیان تێدەگات، بەهۆیەوە زیاتر خودا دەناسێت، ئەمەش هۆکاری بەختەوەری و بەدەستهێنانی ئەو بەخششەیە کە خودا بەڵێنی بەبەندەکانی داوە.

کتێبەکەم بەسەر چەند باسێکدا دابەشکردووە، هەر باسێك بۆ ئەو بوونەوەرە تەرخان کراوە کە ناومان هێناوە، ئەو باسکردنەش لەسەر بنەمای ئەوە بووە کە عەقڵ و هەستەکان نیشانیان داوین، ئەگەرچی هەموو بوونەوەر پێکەوە ناتوانن هەموو وردەکارییەکانی بوونەوەر بخەنەڕوو. ئەوەی بوونەوەر توانیویەتی بگات و پێی پێببگات بەخششی خودایە و خۆی ویستوویەتی.

پێشەوا غەزالی

باسی یەکەم:
بیرکردنەوە لە بەدیهاتنی ئاسمان و جیهان

پەروەردگار فەرمووبەتی: ﴿ أَفَلَمْ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ ۝٦ ﴾ ق: ٦. واتە: ئایا ئەوانە، کاتێ بڕوایان بە زیندووبوونەوە نەهێنا، بێ ئاگا بوون و تەماشای ئاسمانیان نەکرد، کە لەسەر سەریان دایە، چۆن لە هەموو لایەکەوە بە جوانی و ڕێکو پێکی و پتەوەوە دروستمان کردوە و بە ئەستێرەکانەوە، ئەو ئاسمانەمان ڕازاندۆتەوە، کە هیچ درزێکی تێدا نیە و هیچ ناگونجاوی و عەیبێکی تێدا نیە؟ هەروەها فەرمووبەتی: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًا ۝١٢ ﴾ الطلاق: ١٢. واتە: تەنها خودا، حەفت ئاسمان و حەفت زەوی بەدیهێناون، ئەو فەرمانەی دابەزاندووە، ئەوەی کە بۆ پێغەمبەرانی بەسرووش و وەحیی ناردوە، هەروا ئەو فەرمانەش، کە بەدیهێنراوەکانی پێ بەڕێوە دەبات لە نێوان ئاسمانەکان و زەوی، تا - ئەی خەڵکینە - بزانن، کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە و هیچ شتێك دەستەوەستانی ناکات، خوا بە هەموو شتێك دەزانێ و هیچ شتێك لەزانست و توانا و دەسەڵاتی خودا دەرناچێ.

بزانە، ئەگەر سەرنجی ئەم جیهانە بدەیت، دەبینیت هاوشێوەی خانوویەکە، کە هەموو پێداویستییەکی تێدابێت، ئاسمان وەک سەقف و زەوی وەک ڕاخەر و ئەستێرەکان وەک چرا و گەنج و گەوهەرەکانیش زەخیرەن، هەر یەکێک لەوانەش بۆ ئەرک و پێویستییەک ڕامکراوە.

مرۆڤ وەک خاوەنی خانووەکە وایە، سەرپشکە لەو شتانەی لەناویدایە؛ ڕووەک و ئاژەڵانیش لەخزمەتیدان و پێویستییەکانی بۆ پڕدەکەنەوە.

خودا ئاسمانی بەدیهێناوە، جوانترین و گونجاوترین ڕەنگی بۆ هەڵبژاردووە، کە چاو بە سەیرکردنی ئاسووده دەبێت و بینایی بەهێز دەکات، ئەگەر تیشک و ڕووناکی بوایە زیانی بە بینایی دەگەیاند. بینینی سەوزایی و شینی بۆ بینایی باشە و مرۆڤ بەبینینی ئاسمانی پان و بەرین ئاسووده دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەستێرەکان دیار و مانگ بە دەرەوە بێت.

پاشایان سەقفی کۆشکەکانیان بە نەخش و نیگار دەڕازێننەوە، کە بینینیان دڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەردەوام سەیریان بکەین لێیان بێزار دەبین و جوانی و دڵڕفێنییان نامێنێت، بە پێچەوانەی سەیرکردنی ئاسمان، کە هەرکات مرۆڤ بێزار و بێتاقەت بێت پەنای بۆ دەبات و بەسەیرکردنی ئارام و ئاسووده دەبێت.

دانایان گوتوویانە: بە ئەندازەی ئاسوودەیی و چێژوەرگرتن لە ئاسمان لە ماڵەکەتدا ئاسوودەیی و ئارامی دەدۆزێتەوە[1].

---

[1] لەم بارەیەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِزِينَةٍ ٱلْكَوَاكِبِ ۝٦ ﴾ الصافات: ٦. واتە: ئێمە ئاسمانی دنیامان بە ئەستێرەکان جوان و ڕازاوە کردووە. هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ۝١٦ ﴾ الحجر: ١٦.

←

ئاسمان ئەستێرەی پڕشنگدار و مانگی درەوشاوەی لەخۆگرتووە، بەجوولّەیان ڕێنیشاندەرمانن و هێشتا لە خۆرهەلّات و خۆرئاوا بۆ زۆر کار پشتیان پێدەبەستریّت، ئاڕاستەکانمان بۆ دەستنیشان دەکەن، دەگوترێت پەروەردگار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کاتێك فەرموویەتی: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْحُبُكِ ۝٧ ﴾ الذاريات: ٧. واتە: خوای بەرز و مەزن سوێند بە ئاسمان دەخوات، کە بە جوانی دروستکراوە.

ئەمانە بەڵگەی ڕوونن لەسەر بکەر و داهێنەرەکەیان، شێوازی بەدیهاتنەکەی بەڵگەیە لەسەر فراوانی زانستی بەدیهێنەرەکەی.

ڕیزبەندی و ڕێکخراوییەکەیشیان بەڵگەن لەسەر ویستی ئەفرێنەرەکەیان، پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری توانای زانای خاوەن ویست.

گوتراوە: سەیرکردنی ئاسمان دە سوودی هەیە: خەم و پەژارە کەمدەکاتەوە، دوو دڵیی کەمدەکاتەوە، خەفەت و ترس ناهێڵێت، خودات بیردەخاتەوە، گەورەیی خودا دەخاتە دڵەوە، بیرۆکە خراپەکان دوورەدەخاتەوە، بۆ نەخۆشی ڕەشیی چاو بەسوودە، کەسی تامەزرۆ دڵخۆش دەکات، دڵی خۆشەویستان دەداتەوە و ڕووگەی پاڕانەوەی تکا کارانە.

واتە: لە بەڵگەی توانای ئێمە ئەوەیە، کە: لە ئاسمانی دنیادا چەند شوێنی ئەستێرە و هەسارەکانمان داناوە، کە بەم ئەستێرانە، ڕێگا و کات و بە پیتی و فەڕی و وشکەساڵی و بێ بارانی پێ دەست نیشان دەکەن، ئەم ئاسمانەشمان بە ئەستێرەکان جوان و ڕازاوە کردوە، کە ئەو کەسانەی تەماشای دەکەن و لێی ڕادەمێنن، پەند و ئامۆژگاریی لێومردەگرن!

باسی دووەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی خۆردا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا ۝١٦﴾ نوح: ١٦

واتە: ئەم مانگەی لە ئاسمانەکان کردۆتە ڕوناکیەك و خۆری کردۆتە چرایەکی پڕشنگدار، کە خەڵکی زەوی پێی ڕۆشن دەبنەوە؟

﴿ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ۝١٣ ﴾ النبأ: ١٣. واتە: خۆرمان کردۆتە چرایەکی هەڵگیرساوی ڕۆشنکەرەوە.

بزانە، پەروەردگار خۆری بۆ چەند ئامانج و مەبەستێك بەدیهێناوە، کە تەنیا خۆی دەیانزانێت، هەندێکیانمان لەلا ڕوونە، لەوانە: جووڵەی خۆر شەو و ڕۆژ دادێنێت، خۆر نەبوایە پرسی دین و دنیا ناتەواو دەبوو، خۆر نەبوایە چۆن خەڵك بژێوی خۆیان دابین دەکرد؟ چۆن لەنێو تاریکاییدا کارەکانیان ڕایی دەکرد؟ چۆن بەبێ سوود و چێژی ڕووناکی چێژیان لە ژیان وەردەگرت؟ ڕووناکی خۆر نەبوایە ڕەنگەکان لەیەکتری جیا نەدەکرانەوە.

سەرنجی ئاوابوونەکەی بدە، چۆن ئارامیی و هێمنیی بۆ مرۆڤ دێنێت، کە دوای ماندووبوونی ڕۆژ پێویستییان بە ئارامی و ئاسوودەیی و حەسانەوەی

لەش و هەستەکانیان هەیە، ئەمە جگە لە بەهێزبوونی هێزی هەرسکردنی خۆراك. زۆربەی ئاژەڵان شەو نەبێت ناحەسێنەوە، ئەمەش بەهۆی گەڕانیان بەدوای بژێوی و پێداویستییەکانیاندا.

هەروەها زەوی بە بەدوای یەکداهاتنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆرەوە دەپارێزرێت، هەڵاتن و ئاوابوونی هاوشێوەی داگیرسان و کوژانەوەی چرایە لەماڵدا، کە داگیرسان و کوژانەوەی گرنگی خۆی هەیە.

گەرمییەکەیشی هاوشێوەی ئاگری خواردن ئامادەکردنە، کاتێك کاریان پێی نامێنێت کەسانی تر نۆرەیان دێت و سوودی لێدەبینن، دوای ئەوانیش کەسانێکی تر. بەم جۆرە بەردەوام خۆر لە خزمەتی دانیشتوانی زەوی دایە، بەهەردوو باری دژیەکی ڕووناکی و تاریکیی، کە دوو دژیەکی یارمەتیدەری یەکترن و مانەوەی جیهانیان پێوە بەندە، پەروەردگار ئاماژەی بۆ ئەم واتایە کردووە، فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ ۖ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ﴿٧١﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾[1] القصص: ٧١ – ٧٢.

---

[1] پەروەردگار لەچەند ئایەتێکدا ئاماژەی بۆ خۆر کردووە: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ... ﴿٣٧﴾ ﴾ فصلت: ٣٧. واتە: لە بەڵگەکانی خوا بەسەر بەدیهێنراوەکانی و بەڵگەکانی ئەو لەسەر تاك و تەنیایی و تەواوی توانا و دەسەڵاتی خوا، بریتییە لە جیاوازی شەو و ڕۆژ و بەدواداهاتنی یەکتری و جیاوازی خۆر و مانگ و بەدوا داهاتنی یەکتریی. ﴿ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴿٣٣﴾ ﴾ إبراهيم: ٣٣. واتە: هەروەها خوای مەزن، خۆر و مانگی بۆ ئێوە ملکەچ و دەستەمۆ کردووە، کە لە جوڵە کردنیان ←

واتە: ئەی پێغەمبەر! بڵێ: ئەی خەڵکینە! پێم بڵێن: گەر خودا وابکات، هەتا ڕۆژی قیامەت هەر شەوتان بەسەر دابێت، جگە لەخودا، چ پەرستراوێك هەیە ڕۆشناییتان بۆ بێنێ، کە دنیاتان بۆ ڕوناك بکاتەوە؟ ئایا ئێوە نابیستن، بیستنێك،کە تێبگەن و شت وەبگرن؟!

پێیان بڵێ: پێم بڵێن: گەر خودا، تا ڕۆژی قیامەت، دنیا هەر ڕۆژو ڕوناك بێت، جگە لەخودا، چ پەرستراوێك هەیە، شەوتان بۆ بێنێ، کە تێیدا جێگربن و تێیدا بحەسێنەوە و ئارام بگرن؟ ئایا ئێوە بەچاوی خۆتان جیاوازی شەوو ڕۆژ نابینن؟!

گۆڕانی وەرزەکان بەخۆرەوە پەیوەستن، کە بەهۆیانەوە ژیانی ڕووەك و ئاژەڵ جێگیر دەبێت. پاشان سەرنجی ڕێڕەوەکەی بدە لە خولگەکەیدا، لەماوەی ساڵێکدا، تیایدا هەموو ڕۆژێك ئاوا دەبێت لە شوێنێکی جیاوازەوە کە

سست نابن، تا بەرژەوەندیەکان بەهۆیانەوە بێنەدی، شەویشی بۆ ملکەچ و دەستەمۆ کردون، تا لەناویدا ئارام بگرن و بحەسێنەوە، ڕۆژیشی بۆ ملکەچ کردون، تا داوای فەزڵ و چاکە لە خوا بکەن و گوزەرانی خۆتان بەڕێوە ببەن.

﴿ ... وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ۝ ﴾ الرعد: ٢. واتە: خوای بەرز و مەزن، ئەو زاتەیە، کە بە توانای خۆی، حەوت ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەگە بەرز کردۆتەوە و ڕایگرتووە، وەك دەیبینین، ئینجا بەرزبۆوە بەسەر عەرش دا بەشێوەیەك، کە شایستە یە بەشکۆ و گەورەیی خۆی، خۆر و مانگیشی بۆ سود و قازانجی بەندەکانی، ملکەچ و زەلیل کردوە، کە هەریەکەیان تا ڕۆژی قیامەت لەخولگەی خۆی دەسوڕێتەوە. هەموو کارووبارەکانی دونیا و ڕۆژی قیامەت بەڕێوە دەبات و هەڵیدەسوڕێنێ، ئەو بەڵگەو نیشانانەی، کە بەڵگەن لەسەر توانا و دەسەڵاتی ئەو، بۆتان ڕوون دەکاتەوە، هەروا ڕونی دەکاتەوە، کە جگە لەو، هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە، تا یەقینتان بەخوا بۆ دروست ببێ و دڵنیا بن بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، ئەو کاتەش بڕوا بە بەڵێن و هەڕەشەکانی دێنن و پەرستن و عیبادەت تەنها بۆ ئەو دەکەن.

بەدیهێنەرەکەی بۆی داناوە، هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر نەبوایە ڕۆژ و شەو پەیدا نەدەبوون و کاتەکانمان نەدەزانی. ئەگەر تاریکی هەمیشەیی بوایە بوونەوەر لەناودەچوو، سەرنج بدە چۆن خودا شەوی کردووەتە ئارامگە و پۆشاك و ڕۆژی کردووەتە بژێوی[1]. سەرنجی خستنەناوی شەو لە ڕۆژدا و ڕۆژ لە شەودا بدە، چۆن بە ئەندازە و ڕیزبەندییەکی تایبەت زیاد و کەم دەکەن[2]. هەروەها سەرنجی لاربوونی خولگەی خۆر بدە، کە بەهۆی

---

[1] لەم بارەیەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ۝١٠ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ۝١١ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ۝١٢﴾ النبأ: ١٠ - ١٢

واتە: شەویشمان کردۆتە پۆشاکێك، کە تاریکیەکەی داتان دەپۆشێ، هەروەك جل و پۆشاك خاوەنەکەی دادەپۆشێ. ڕۆژیشمان کردۆتە مایەی گوزەران و ژیان، کە تێیدا بڵاوە دەکەن بۆ ژیان و گوزەرانتان و هەوڵ و کۆششی دەکەن بۆ بەرژەوەندییەکانتان. حەفت ئاسمانمان بەسەر ئێوە دا دروستکردوون، کە بە توند و تۆڵ دروستکراون و بە مەحکەمی بەدیهێنراون و هیچ درز و کەلێنی تێدا نیە.

[2] پەروەردگار لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۚ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ۝١٣﴾ فاطر: ١٣.

واتە: خوا لە کاتەکانی شەو دەخاتە ڕۆژەوە، بەمەش ڕۆژ درێژ دەبێ بە ئەندازەی ئەوەندەی کە لە شەو کەم کراوەتەوە، هەروا لە کاتەکانی ڕۆژ دەخاتە شەوەوە، بەمەش شەو درێژ دەبێت بە ئەندازەی ئەوەندەی لە ڕۆژ کەم کراوەتەوە، خۆر و مانگی زەلیل و زەبون کردووە، کە بۆ کاتێکی دیاریکراو و ئاشکرا دەڕۆن، ئەو کەسەی ئەمە دەکات، ئەوە ئەو خوایەیە، کە پەروەردگارتانە، هەموو مولْك و شتێك هی ئەوە، بەڵام ئەوانەی نێوە لە جیاتی خودا دەیانپەرستن، تەنانەت توێکڵێکی تەنکی سپی سەر ناوکێکی خورمایان بەدەست نیە.

﴿إِنَّ فِي ٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَّقُونَ ۝٦﴾ يونس: ٦

واتە: بەدوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ و، ئەوەی، کە خودا لە ئاسمانەکان و زەوی دروستی ←

جیاوازییەکەیەوە هاوین و زستان پەیدا دەبن، هەرکات خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان نزمبووەوە هەوا سارد دەبێت و زستان دێت، کاتێکیش لەناوەڕاستدا دەبێت هاوین دێت، کاتێکیش لەناوەڕاستی هەردوو پێگەکەدا دەبێت کەشەکە هاوسەنگ دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاستەڕێبوونی ژیانی ڕووەك و ئاژەڵ. چوار وەرزەکەی ساڵ ژیان ڕێکدەخەن.

بەرژەوەندییەکانی ئەمەش بریتین لە: لەزستاندا گەرمیی دەگەڕێتەوە بۆ دڕەخت و ڕووەکەکان، بەهۆیەوە ماددەی بەروبوومیان تێدا بەرهەمدێت، هەواش چڕ دەبێتەوە و هەور و بارانی لێ بەرهەمدێت. هەروەها لەشی ئاژەڵان بەهێزتر دەبێت و کارەکانی سروشت بەهێز دەبن.

لە بەهاریشدا ماددە بەرهەمهاتووەکانی زستان دەستدەکەن بە جووڵە، بەمەش بەفەرمانی خوا ڕووەکەکان سەر دەردێنن، دڕەختەکانیش دەستدەکەن بە بەروبووم دان و ئاژەڵانیش دەستدەکەن بە زاووزێ. لە هاوینیشدا هەوا گەرمدەبێت، بەروبووم پێدەگات، لەش پاکدەبێتەوە، ڕووی زەوی وشك دەبێتەوە و بۆ چەند کاروبارێك ئامادە دەبێت.

لە پاییزیشدا هەوا پاکدەبێتەوە، نەخۆشییەکان پەیدا دەبن، شەو درێژ دەبێت و چەند کارێکی باشی تێدا دەکرێت، چەند کشتوکاڵێکی تێدا دەکرێت، هەموو ئەمانەش بە پلەبەندیی و ئەندازە، بۆئەوەی بەیەك جار هەموو شتێك دەرنەکەوێت، تا کۆتایی ئەو جۆرە شتانەی کە ئەگەر باسیان بکەین درێژە دەکێشێت.

کردوون، کە مایەی سەرسامییە و داهێنان و ڕێك و پێکی تێدایە! بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکران بۆ گەل و کەسانێ، کە لە سزا و تۆڵە و خەشم و توڕەیی و عەزابی خودا دەترسن.

هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر ڕێکخراویی و کاربەجێیی پەروەردگاری زانا. پاشان بیر لە ڕاگوزەری خۆر بکەرەوە لەنێو ئەو پێگانەدا بۆ دروستکردنی خوولی ساڵانە، کە هەر چوار وەرزەکە: زستان، هاوین، بەهار، پاییز لەخۆ دەگرێت. لەم ماوەیەشدا بەروبووم پێدەگات و کۆتایی دێت، پاشان دووبارە دەستپێدەکاتەوە، بە تەواوبوونی ئەم خوولەش ساڵ تەواو دەبێت، ئەمەش بە ئەندازە و قەدەری پەروەردگارە.

بڕوانە هەڵاتنی خۆر، ئەگەر بەدرێژایی ساڵ لەیەك شوێندا هەڵاتایە و لەوێ جێگیر بوایە، تیشکەکەی نەدەگەیشتە هەموو شوێنێك و چیاو دیوارەکان دەبوونە بەربەست، هەر بۆیە پەروەردگار وایکردووە لەسەرەتای ڕۆژدا لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێت و تا دەگاتە خۆرئاوا لە هەموو شوێنێك بدات، بەمەش هیچ شوێنێك نامێنێتەوە بەشی خۆی لە تیشکی خۆر بەرنەکەوێت.

پاشان سەرنجی ئەندازەی شەو و ڕۆژ بدە، چۆن پەروەردگار بۆ بەرژەوەندی جیهان دابەشیکردوون، ئەگەر بەم جۆرە نەبوایە هەرچی ئاژەڵ و ڕووەك هەیە لەناودەچوو، چونکە ئاژەڵ بەبوونی تیشکی خۆر ناحەسێتەوە و بەردەوام خەریکی لەوەڕان دەبوون.

هەرچی ڕووەکە بەهۆی تیشکی بەدەوامی خۆر وشك دەبوو و دەسووتا، شەویش بەهەمان شێوە ئەگەر بەردەوام بوایە، جۆرەها ئاژەڵی لە جوولە دەخست و بەهۆی نەگەڕان بەدوای بژێویدا دەمردن، هەروەها گەرمی سروشتیی لەنێو ڕووەکەدا قەتیس دەبوو و بۆگەن دەبوو، هاوشێوەی ئەو شوێنەی تیشکی خۆری بەرناکەوێت[1].

---

[1] خۆر تەنێکی ئاسمانیی گڕگرتووە، هاوشێوەی نەستێرەکانی تر، تیرەکەی زیاتر لە ملیۆنێك کیلۆمەترە، واتە سەد ←

باسی سێیەم

حیکمەت لە بەدیهێنانی مانگ و هەسارەکاندا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾ ﴾ الفرقان: ٦١.

واتە: خێرو فەڕو بەرەکەتەکانی خوای گەورە زۆرو زەبەندە، ئەو خوایەی کە لەئاسماندا چەندەها ئەستێرەی گەورەی داناوە و خۆری تیادا داناوە، کە وەك چرایەکی ڕۆشنکەرەوەیە و مانگی داناوە کە (شەو) ڕووناك دەکاتەوە.

بزانە، پەروەردگار کە شەوی بۆ ساردکردنەوەی هەوا و حەسانەوەی زیندەوەران داناوە، نەیکردووەتە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو، کە هیچ تروسکاییەکی تێدا نەبێت و هیچ کارێکی تێدا ئەنجام نەدرێت، چونکە هەندێك جار مرۆڤ ناچارە لەشەودا کاربکات، چ بەهۆی پێویستییەوە بێت یان بێ کاتی، یان بەهۆی تیشکی خۆرەوە یان هەر هۆکارێکی تر، بۆ ئەمەش خودا ڕووناکی مانگی داناوە، بەڵام بەجۆرێك کە ڕووناکییەکەی لە ڕووناکی خۆر کەمترە، بۆ ئەوەی خەڵك لەسەر حیسابی حەسانەوەی شەوانەیان

ئەوندەی تیرەی زەوی زیاترە. پلەی گەرمی ڕووی دەرەوەی خۆر نزیکەی شەش هەزار پلەی ڕەهایە، بە نزیکبوونەوە لە چەقی خۆر پلەی گەرمییەکەی زیاتر دەبێت تا دەگاتە بیست ملیۆن پلە، بەهۆی پەستانی بەرزی پێکهاتەکانی، لەخۆرەوە چەندین نافووڕە دەردەچن کە گاز دەردەدەن و زۆر بەرز دەبنەوە، کە پێیان دەگوترێت پەڵەکانی خۆر. ڕەشەبایەکەی بەدرێژایی نزیکەی پەنجا هەزار کیلۆمەتر دەڕوات. سەرچاوە: (الكون بين العلم والدين). نووسینی: (للدكتور محمد جمال الدين الفندي/٦٦)، چاپی (المجلس الاعلى الشئون الاسلامية بالقاهرة).

هاوشێوەی ڕۆژ کار نەکەن و لە ئارامی و ئاسوودەیی بێبەش نەبن و زیانیان پێنەگات.

هەسارەکانیش ڕووناکییان هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕووناکی مانگ نەبوو، هەسارەکان جوانیی و ڕووناکیی دەبەخشن و خەمڕەوێن و دڵخۆشکەرن بۆ مرۆڤ، ئەمە چ ڕێکخراوییەکی جوانە خودایە! تاریکیی کردووەتە کاتیی بۆ پێویستیی و لەگەڵیدا ئەستێرەکانی داناوە، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ئامانجەکەیان بەدیبێنن.

مانگ سەرچاوەی زانینی مانگ و ساڵە، کە ئەمەشیان بەخشێکی تری خودایە[1].

---

[1] هەروەها پەروەردگار فەرمووبەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ يُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ۝٥ ﴾ یونس: ٥. واتە: خوای مەزن، خۆری کردوە بە ڕوناکیەکی تیشکدەر و بڵێسەدار، مانگیشی کردوە بە ڕووناکییە (کە ڕوناکیەکەی هی خۆی نیەو لە خۆری وەرگرتوە)، هەروا مانگی کردوە بە چەند جێگە و قۆناغێکی دیاریکراو، جا بەهۆی خۆرەوە ڕۆژەکان دەزانرێ، (کە ئەم ڕۆژە، چ ڕۆژێکە)، بەهۆی مانگیشەوە، مانگەکان و ساڵەکان دەزانرێ، (کە ئەم مانگە، چ مانگێکە یان چ ساڵێکە)، خوای گەورە، خۆر و مانگی بۆ حیکمەت و داناییەکی گەورە دروست کردوون و بەڵگەشن لەسەر تێر و تەواویی توانا و زانستی خوای مەزن، ئەو بەڵگە و نیشانانە بۆ کەسانێ ڕوون دەکاتەوە، کە لە حیکمەتی بەدیهێنان و دروستکردنی بەدیهێنراوەکان دەزانن. هەروەها فەرمووبەتی: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ وَكُلَّ شَىْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا ۝١٢ ﴾ الإسراء: ١٢. واتە: شەو و ڕۆژمان کردۆتە دوو نیشانە، کە بەڵگەن لەسەر یەکخواییمان و توانا و دەسەڵاتمان، جا نیشانەی شەومان سڕیەوە - کە مانگە - و، نیشانەی ڕۆژیشمان - کە خۆرە - کردۆتە مایەی ڕۆشنایی، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژ ببینێ، کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات لە کارویاری ڕۆژانەی و ژیان و گوزەرانیدا، لە شەویشدا ئارام دەگرێ و دەحەسێتەوە، هەروا تا خەڵک - لە بەدوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ - ژمارەی ساڵەکان و ←

ئەستێرەکان سوودی تریشیان هەیە، ئاماژە و نیشانەن بۆ کاتی ئەنجامدانی زۆر کار، وەک کشتوکاڵ و چاندن، ڕێنیشاندەرن بۆ سەفەری وشکانیی و بڕینی ڕێگا دوورەکان، هەروەک پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ الأنعام: ٩٧.

واتە: ئەی خەڵکینە! خودای بەرز و مەزن ئەستێرەکانی کردۆتە نیشانە، گەر بەهۆی زۆر تاریکییەوە لە وشکانی و لەدەریادا ڕێتان لێ بزر بوو، ئەوا بەهۆیەوە ڕێگای پێ دەناسنەوە، ئێمە بەڵگە ئاشکراکانمان ڕوونکردۆتەوە، تا ئەو کەسانەی لەئێوە زانین و زانیارییان بەخوا و شەرعەکەی هەیە، لێی وردببنەوە. ئەمە جگە لە درەوشانەوەیان لە ئاسماندا و ئەو دیمەنە جوان و رازاوەیەی دەیبەخشن.

مانگ، بەپڕی و ناتەواوییەوە، بە زیاد و کەمییەوە، بە ڕووناکی و گیرانییەوە، هەموویان بەڵگەن لەسەر توانای بەدیهێنەرەکەی، کە بۆ خزمەتی جیهان ڕامیکردووە[1].

حیسابکردنی مانگ و ڕۆژەکان بزانن، کە لەناو ئەو ساڵ و مانگ و ڕۆژانەدا، بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێك بخەن، هەمو شتێکیشمان بە وردیی و بە تەواویی ڕوون کردۆتەوە.

[1] مانگ لە هەموو تەنەکانی ئاسمان نزیکترە لێمانەوە، ٣٨٠ هەزار کیلۆمەتر دوورە لێمانەوە، هەر لە کۆنەوە سەرچاوەی زانینی مانگەکان و دابەشکردنی ساڵ بووە بەسەر دوازدە مانگدا، لەم بارەیەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ ۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ...﴿١٨٩﴾ ﴾ البقرة: ١٨٩.
واتە: ئەی پێغەمبەر! هاوەڵەکانت دەربارەی مانگەکان و گۆڕانی حاڵ و باریان، پرسیارت لێدەکەن، پێیان بڵێ: خوا ئەم مانگانەی کردوە بەچەند نیشانەیەك، کە خەڵك کاتی خواپەرستیی و عیبادەتە دیاریکراوەکانیان بە کاتێکی دیاریکراو بزانن و ئاشنا بن، وەك: کاتی ڕۆژوگرتن و حەج و مامەڵەکردن.
سەرچاوە: (الكون بين العلم والدين). نووسینی: (للدكتور جمال الدين الفندي/ ٦٩).

سەرنجی خوولانەوەی هەسارەکان بدە لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا، چۆن بەخێرایی دەخوولێنەوە، ئێمە تەنیا هەڵاتن و ئاوابوونیان دەبینین، ئەگەر خێرا نەبوونایە لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا ئەو ماوە زۆرەیان نەدەبڕی، فەزڵی خودایە کە لێمانەوە دوورن و خێراییەکەیان نابینین، ئەگەرنا چاومان بە بینینیان کوێر دەبوو، وەك چۆن لەکاتی زۆری و بەدوای یەکدا هاتنی بروسکەدا ڕووەدات. سەیرکە چۆن پەروەردگار خوولگە و ماوەکانی ڕێکخستووە، بۆ ڕێگریکردن لەهەر ڕووداوێك کە زیانی بۆ بوونەوەر هەبێت.

ئەستێرە و هەسارەکان لە کاتە جیاوازەکانی ساڵدا دەردەکەون، وەك سورەیا و جەوزا و شەعرا، ئەگەر هەموویان لەیەك کاتدا دیاربوونایە نەدەبوون بە نیشانە و جیاکردنەوەی کاتەکان. بۆ نموونە حەوتەوانە بۆتە دیاردەیەك و سوودی زۆری لێ دەبینرێت، چونکە هاوشێوەی هێمایەکە بۆ خەڵك لە وشکانی و ئاودا، بەو پێیەی هەموو کاتێك دیارە و ون نابێت.

پاشان بڕوانە حیکمەت لە جووڵەیان، ئەگەر وەستاو بوونایە واتا و ئاماژەکانیان نەدەما، زۆربەی شتەکانی جیهان لەسەر ڕاگوزەری خۆر و مانگ لە پێگەکانیاندا بنیاتنراون، خۆ ئەگەر پێگە و خولگەیان نەبوایە هیچ وێنە و پێوانەیەك نەدەبوو. ڕاگوزەری لەنێو خولگەکاندا هاوشێوەی کەسێکە کە سەفەر دەکات و لەم وێستگە بۆ ئەو وێستگە دەڕوات. فەلەك بە خۆر و مانگ و ئەستێرە و بورجەکانییەوە دەخوولێتەوە، خوولانەوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو بۆ دروستکردنی چوار وەرزەکانی ساڵ، کە بەرژەوەندی ئاژەڵ و ڕووەکی تێدایە، هەموو ئەوانەش بە ئەندازە و ڕێکخستنی پەروەردگاری بەرز و زانایە.

گەورەیی حیکمەت و کاربەجێیی لە بەدیهێنانی ئەستێرە و هەسارەکاندا

بریتییە لە جێگیربی یاسا و ڕێساکانیان، بەوپەڕی ڕێکخراویی بەدیهێنراون و پێویستییان بە گۆڕانکاری نییە، چونکە ئەگەر پێویستییان بە گۆڕانکاری بوایە مرۆڤ لەبەرامبەر ئەنجامدانی گۆڕانکاری تێیاندا دەستەوەستان بوو، هەروەها ئەگەر گۆڕانکاری تێیاندا ڕووی بدایە دەبوایە گۆڕانکاری لە زەوییشدا ئەنجام بدرایە، چونکە زەوی پەیوەستە بە ئاسمانەوە، ئەمەش یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی بەدیهێنەر، کە شیاوی گۆڕانکاری و کەموکوڕی نین و هیچ کات لە سوودگەیاندن بە بوونەوەر دواناکەون. پاکی و بێگەردیی بۆ بەدیهێنەری زانای توانا.

باسی چوارەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی زەوییدا

پەروەردگـــار فەرمـــوویەتی: ﴿ وَٱلْأَرْضَ فَرَشْنَٰهَا فَنِعْمَ ٱلْمَٰهِدُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ الذاريات: ٤٨. واتە: زەوییشمان کردۆتە ڕایەخ بۆ بەدیهێنراوەکان، بۆ ئەوەی لەسەری جێگیر بن، بەڕاستی ئێمە باشترین ئامادەکار و ڕێکخەرین.

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾ ﴾ الأنبياء: ١٦.

واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە، بەگاڵتە و بەبێ هودە و بەناحەقی بەدی نەهێناوە، بەڵکو ئەی خەڵکینە! بۆ بەڕاکردنی بیانو و بەڵگەیە بەسەرتانەوە، تا بەهەمو ئەمانە پەند وەربگرن و بزانن ئەو کەسەی ئاسمان و زەوی بەدیهێناوە،لە هیچ شتێ لەو ناکەن و بەو ناچن، تا بزانرێ جگە لەخوا، کەسی دیکە شایستەی پەرستن نییە.

بڕوانە چۆن پەروەردگار زەوی راخستووە، تا زیندەوەران لەسەری لەنگەر بگرن، بۆتە نشینگە و ئارامگە و سەرچاوەی رۆزی و داهات، ڕووەکی لەسەر دەڕوێت و رۆزی بۆ دابین دەکات، جێگای حەوانەوەیەکیش کە لە گەرمی و ساردی بیپارێزێت، شوێنێکیش بۆ داپۆشینی هەموو ئەو شتانەی بۆنەکەی بێزاری دەکات، وەك پاشەڕۆ و پیسییەکان و لاشەی مردۆڤ و ئاژەڵان،

پەروەردگـــار فەرمـــوویەتی: ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ۝٢٥ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ۝٢٦﴾ المرسلات: ٢٥ – ٢٦.

واتە: ئەدی ئەم زەویـیەی، کە لەســەری دەژیــن، وام لــێ نەکــردووە، کە هەموو شتێ لەخۆ بگرێ؟

پاشان رێگا و رێچکەکانی کردۆتەوە تـا بـوونەوەر پێیانـدا هـاتوچۆ بکـات و پارێزگـاری لە ڕەچەڵەکی هەمـوو جـۆرە ئـاژەڵ و رووەکێـك بکرێـت. هەروەهـا پەروەردگــار زەوی کــردۆتە ئــارامگە و نشــینگە، هەروەك فەرمــوویەتی: ﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ۝٣٠ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ۝٣١ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ۝٣٢ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ۝٣٣ ﴾ النازعات: ٣٠ – ٣٣.

واتە: جا لە دوای دروستکردنی ئاسمان، زەوی بـۆ پـان کـردونەتەوە و شـتە سودبەخشـەکانی خسـتە نـاوبەوە و کانیـاوی تێـدا تەقانـدەوە و لەوەڕگـای تێـدا دروست کرد و چیـا و شـاخەکانی وەك سـینگ تێـدا چەسپاند. خـوای بەرز و مەزن، هەموو ئەم نیعمەت و بەخششانەی بـۆ دروستکردوون، بـۆ سـودمەندی ئێوە و بۆ ئاژەڵەکانتان. کەواتە دووبارە دروست کردنەوەتـان لە ڕۆژی قیـامەت، لە لای خوا سوك و ئاسانترە لە دروستکردنی هەمـوو ئەم شـتانە، هەمووشیان لای خوا سوك و ئاسانە.

توانای بە بوونەوەر بەخشیوە تیایدا گەشت بکەن و پێداویستییەکانیان دابین بکەن، بۆ حەسانەوە دابنیشن، بـۆ ئـارامبوونەوە بـخەون، بـۆ کارەکانیـان بـڕۆن و بـێن. ئەگەر زەوی ناسـەقامگیر بـوایە، بـوونەوەران نەیانـدەتوانی فێـری هـیچ پیشـەیەك بـبن، چێژیـان لە ژیـانی سـەر زەوی نەدەبینـی، ژیـانی کـاتی بـوومەلەرزە بێـنە بەرچـاوت، چـۆن خەڵـك دەترسـن و ئاگـادارکەرەوەیەکە بۆیـان

بەڵکو لەخودا بترسن و دەست لە ستەم و بێفەرمانی هەڵبگرن، ئەمەشیان هەر بەشێکە لە حیکمەت و کاربەجێیی بەدیهێنەر.

تەماشای زەوی بکە، چۆن پەروەردگار بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەدیهێناوە، ئەگەر وشکتر بوایە تا دەبووە تەنێکی بەردی، رووەکەکان لەسەری نەدەڕوان، هیچ کێڵگە و بینایەك بوونی نەدەبوو، بۆیە بەجۆرێك بەدیهێناوە بۆ هەموو کارێکی سوودبەخش بشێت.

یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی پەروەردگار لە زەوییدا ئەوەیە بەشی باکووری بەرزتر بەدیهێناوە لە باشوور، بۆ ئەوەی لێژبێت و ئاوی پێدا بڕوات، کە بەهۆیەوە کاری ئاودان دەکرێت، لەکۆتاییشدا ئاوەکە دەچێتە دەریاوە،ئەگەر لایەکیان بەرزتر نەبوایە مەنگ دەبوو و ئاوەکە کۆدەبووەوە، بەمەش خەڵك لە کاروبارەکانیان دەبوون و ڕێگاوبانەکانیان دەگیران.

سەرنجی ئەو کانزایانە بدە کە خودا بەدیهێناون، چۆن چەندین جۆر گەوهەری جیاوازی لێ دەردەهێنرێت، وەك زێڕ و زیو، یاقوت و زومرود و چەندین جۆری تری بەردە ڕوون و جیاوازەکان، چەندین جۆری تریش کە بۆ کار و جوانیی دەشێن، وەك ئاسن و مس و تەنەکە و قوڕقوشم و گۆگرد و زەڕنیخ و توتیا و مەڕمەڕ و گەچ و نەوت و... چەندین جۆری تر، کە ئەگەر بیانژمێرین درێژە دەکێشێت. مرۆڤ سوودیان لێوەردەگرێت و بۆ بەرژەوەندییەکانی بەکاریاندەهێنێت. خودا ئەو بەخششانەی بەمرۆڤ بەخشیوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکەی.

پاشان سەیرکە چۆن ئاوەدانکردنەوەی زەوی ئاسان و سادە کردووە، ئەگەر وشکتر بوایە کشتوکاڵی لەسەر نەدەکرا و بەروبووم نەدەبوو، چونکە ئاو

نەدەگەیشتە تۆوە چێنراوەکان، ئەگەرچی بۆ چاندنی تۆوەکەش نەرمی زەوی پێویستە. هەروەها ڕەگی بۆ ڕووەك بەدیهێناوە بۆ ئەوەی خۆی بگرێت و بە هاوسەنگی گەشە بکات.

نەرمی خاك هەڵکەندنی بیر و ئاوەڕۆکانی ئاسان کردووە، ئەگەر هاوشێوەی چیاکان ڕەق بوایە کارێکی قورس و ماندووکەر دەبوو. هەروەها بۆ هاتوچۆ و گەشتکردنیش کارئاسانی کردووە، ئەگەر ڕەق بوایە ڕێگایەکان دەرنەدەکەوتن، پەروەردگار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُوا۟ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا۟ مِن رِّزْقِهِۦ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ ﴿١٥﴾﴾ الملك: ١٥. واتە: هەر خودا بە تەنها زەوی بۆ ئێوە ئاسان کردووە، کە لەسەری جێگیر بن، کەواتە بەلایەکانیدا بڕۆن و بگەڕێن و لەو ڕزق و ڕۆزیەی خوا بخۆن کە لەزەی بۆتان دەردێنێ. کە لە گۆڕەکانتان زیندو دەبنەوە، بۆ لێپرسینەوە پاداشت دانەوە هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە... ئەم ئایەتە ئاماژە بە داواکردنی ڕزق و ڕۆزی و شت پەیدا کردن دەکات، هەروەها بەڵگەی ئەوەی تێدایە، کە هەر خوا پەرستراوی حەقە و هاوبەشی نیە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر توانا و دەسەڵاتی خودا و بیرخستنەوەی ناز و نیعمەتەکانی خودا و هۆشداربیدان و وریا کردنەوەی تێدایە، کە مەیل نەدرێ بۆ دنیا! هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ...وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ الأنبياء: ٣١.

واتە: لەزەویدا، چیا و شاخەکانمان دروستکردوە، تازەوی جێگیر و چەسپاو بکات و جوڵە جوڵ نەکات، ڕێگای فراوانیشمان تێدا دروست کردوە، بەو هیوا و ئومێدەی، کەخەڵکان ڕێی پەیداکردنی بژێویان و گوزەران شارەزابن و خودای بەدیهێنەریان، بەتاك و تەنها دابنێن.

هەروەها نەرمی خاکەکەی یاریدەدەرە بۆ دروستکردنی خشت و دەفری لەقوڕ دروستکراو و بنیاتنانی خانوو و هی تر.

هەروەها ئەو شوێنانەی خوێ و زاخ و بۆراکس و گۆگردی لێیە زۆربەیان خاکی نەرمن، جگە لە چەندین جۆر ڕووەك، کە تەنیا لە خاك و لمی نەرمدا دەڕوێن، چەندین زیندەوەری بچوکیشی تێدا دەژی و لەنێو خاکەکەیدا ڕێڕەو و پەناگە بۆخۆیان دروستدەکەن.

لەباسی کانزاکاندا کە باسمان کرد، پەروەردگار بەخششێکی تایبەتی بە پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەخشیبوو، کە بریتیی بوو لە: ﴿وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ﴾ سبا: ١٢

واتە: ئێمە (با)مان بۆ سولەیمان دەستەمۆ و ژێر بار کردبوو، کە لە سەرەتای ڕۆژەوە هەتا نیوەی ڕۆژ، ماوەی مانگێك دەڕۆیی، هەروەها لە نیوەی ڕۆژەوە هەتا شەو، ماوەی مانگێك بە ڕۆیشتنی ئاسایی دەڕۆیی، (مس)یشمان بۆ تاواندبۆوە، وەك چۆن ئاو شلە و ڕێ دەکات، چۆنی بویستبا، بە ئارەزوی خۆی دەیکرد، هەروەها لە جنۆکان، جنۆکەی وامان بۆ ژێر بار کردبوو، کە بە ئیزنی خودا لەبەر دەستی ئەو کاریان بۆ دەکرد، جا هەر یەکێ لەو جنۆکانە لەو فەرمانانەی کە ئێمە فەرمانمان بە سولەیمان کردبوو، ئەوان لابدەن، ئەوا لە عەزابی ئاگری هەڵگیرساوی پێ دەچێژین.. سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەوەی دەیتوانی بەپێی خواست و پێویستی مس بەکاربێنێت.

هەروەها دەربارەی بەخششێکی تایبەتی خودا بۆ بەندەکانی فەرموویەتی:

﴿ ... وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ...٢٥﴾ الحديد: ٢٥. واتە: ئێمە پێغەمبەرانمان بە چەند بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکرا ناردن

و کتێبمان بە چەند یاسا و ئەحکام و شەریعەتێك لەگەڵیاندا نارد، تەرازووشمان نارده خوارەوە، تا خەڵك بە دادگەریی لە نێوانیان مامەڵە بکەن و حوکم بکەن، ئاسنیشمان بۆیان نارده خوارێ، کە هێزێکی زۆر و چەندەها سودی جۆراوجۆری بۆ خەڵك تێدایە، تا خوا بۆ دروستکراوەکانی دەربخات، کە دەزانێ کێ دینەکەی و پێغەمبەرەکانی بە غەیب سەردەخات، خودا بەهێزە و گەردن کەچ ناکرێ، بە دەسەڵاتە، کەس بەسەریدا زاڵ نابێ!

لێرەدا (والنزول - دامانبەزاندووە) بەواتای بەدیهێنان دێت، هەروەك فەرموویەتی: ﴿ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴾ الزمر: ٦. واتە: ئەی خەڵکینە! پەروەردگارتان ئێوەی لە ئادەم بەدیهێناوەو هەر لە خودی ئادەم، هاوسەرەکەی بەدیهێناوە، لەئاژەڵان هەشت جۆری بەدیهێناوە بە نێر و مێ، لە حوشتر و گا و مەڕ و بزن، ئێوە لە سکی دایکتان قۆناغ لە دوای قۆناغی دروستکردن، لە تاریکاییەکانی: سك، منداڵدان، وێڵداش، دروستتان دەکات، ئەو خودایەی ئەم شتانەی بەدیهێناوە، ئەوە ئەو پەروەردگارەتانە، کە تاکە خاوەندارە هەموو شتێك هی ئەوە و هەر ئەو شایەنی ئەوەیە بە تاك و تەنیایی بپەرسترێ، کەواتە چۆن لە پەرستنی خودا لادەدرێن بۆ پەرستنی شتانێك، کە خۆی بەدیهێناوە؟!

هەروەها خودا مرۆڤی فێرکردووە زێڕ و زیو و کانزایەکانی تر بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی ژیانی بەکاربێنێت، بۆ دروستکردنی ئامرازەکان و بەیەکەوە لکاندنی شت و مەك، هەروەها بەکارهێنانی چەند جۆرە بەردێك بۆ پاراستنی شتەکان وەك شووشە، هەروەها دروستکردنی دەفری پارێزەر بۆ پاراستنی کەلوپەلی گرانبەها بۆ سوودوەرگرتن لێی لەکاتی پێویستیدا. هەروەها لە کانزاکان جۆرەکانی کل دەردەهێندرێن وەك (دهبنج و مرفنعنا) و

سادن و توتیا و جۆرەکانی تر کە سوودیان لێدەبیندرێت. پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری بەخشەر.

یەکێکی تر لە حیکمەتە بەرز و بەپێزەکان لە زەویدا بریتییە لە داکوتینی چیاکان: ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا﴾ النازعات: ۳۲. واتە: چیا و شاخەکانی وەک سینگ تێدا چەسپاند. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾ النحل: ۱۵. واتە: خوای مەزن، لەزەویدا، چەند چیا و شاخێکی چەسپاندوە، تا زەوی جێگیر بێت و ئێوە بەم لاو ئەولادا نەکەون، هەروا لە زەویدا چەندەها ڕوباری تێدا داناوە، تا ئاوی لێ بخۆنەوە، هەروەها لەو زەوییەدا چەندەها ڕێگای داناوە، تا بەهۆیەوە ڕێتان پێ پیشان بدرێ بۆ گەیشتن بەو شوێنانەی مەبەستتانە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِي ٱلْأَرْضِ... ﴿١٨﴾﴾ المؤمنون: ۱۸.

واتە: ئێمە لەئاسمان باران بەئەندازەی پێویستی بەدیهێناوەکان دەبارێنین، زەویشمان کردۆتە مایەی جێگیری ئەم ئاوەو دەشتوانین لەناوی ببەین و ئەو ئاوە لەشوێنی جێگیریەوە نەهێڵین. ئەمەش هەڕەشەو گوڕەشەیە بۆ زاڵم و ستەمکاران!

خودا چیاکانی بۆ چەندین سوود بەدیهێناوە، کە تەنیا خۆی هەموویان دەزانێت. لەوانە: گلدانەوەی ئاو، ئەگەر چیاکان نەبوونایە بەهۆی پلەی گەرمی و نەرمی خاك ئاو بەناخی زەویدا ڕۆدەچوو و تەنیا بە هەڵکۆڵین و ماندوبوونێکی زۆر دەستدەکەوت، پەروەردگار چیاکانی کردۆتە عەمباری ئاو

و وردە وردە لێی دێتە دەرەوە و کانیاو و ڕووبار و دەریاکانی لێ پەیدا دەبێت و زیندەوەران تا کاتی بارانبارین سوودیان لێ وەردەگرن. هەندێك لە چیاکانیش ئاو هەڵناگرن پەروەردگار وایکردووە بەفریان لەسەر کۆببێتەوە و دواتر بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆر جۆگەلە و ڕووباریان لێ پەیدا دەبێت.

هەندێکی تریش لەچیاکان گۆم لەسەر ڕوویان هەیە، کە ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە و سوودی لێدەبیندرێت.

یەکێکی تر لە سوودەکانی چیاکان ئەوەیە درەخت و ڕووەکی وەهایان لەسەر دەڕوێت، کە تەنیا لەوێ هەن، ئەمە جگە لە درەختە گەورەکان، کە کەشتی و خانوویان لێ دروستدەکرێت.

لەنێو چیاکاندا زەوی و کێڵگەی باش بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ هەن، ئەمە جگەلەوەی پەناگەی ئاژەڵە درندەکان و هەنگن. زۆر کاتیش لە چیاکان خانوو دادەتاشرێن کە مرۆڤ لە ساردیی و گەرمیی دەپارێزن، هەروەها زۆر جار وەك گۆڕستان بۆ ناشتنی مردووان سوودیان لێ وەردەگیرێت، پەروەردگار باسی لەوە کردووە، فەرموویەتی: ﴿ وَكَانُواْ يَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ ٨٢ ﴾ الحجر: ٨٢.

واتە: ئەوانە شاخ و چیایان دادەتاشی و خانویان لێ دروست دەکرد، کە لەوە بێ ترس دەبون، خانویان بەسەر دابکەوێ، یان بڕوخێ.

هەروەها چیاکان وەك نیشانە وان، کە ڕێبواران لە هەموو شوێنێکی زەویدا بۆ ناسینەوەی ڕێگایان سوودی لێ وەردەگرن. هەروەها وەك پەناگە و قەڵایەکی پۆڵایین وایە بۆ ئەو کەسانەی بەدەست ستەم و نادادییەوە دەنااڵێنن.

هەروەها سەرنج بدە چۆن خودا لەنێو چیاکاندا زێڕ و زیوی بەدیهێناوە،

بەئەندازەیەکی دیاریکراو و تایبەت، کە ئاسان و بەدەست نییە. هەموو ئەمانە بەپێی زانستی پێشوەختەی پەروەردگار، کە لەبەرژەوەندی بوونەوەرە، هەروەك فەرمووویەتی: ﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ ﴾ الحجر: ٢١. واتە: هەر شتێك، کە مایەی سودی بەندەکانە، ئەوا گەنجینەکانی بەهەموو جۆرێکیانەوە، لەلای ئێمەیە، ئەوەندە بڕە دیاریکراو و سنوردارە دادەبەزێنین کە حەز بکەین و بمانەوێ، گەنجینەکان هەموی بەدەستی خودایە، بەحەزی خۆی دەبەخشێتە ئەو کەسەی ئەو دەیەوێ، ناداتە کەسێکیش کە خودا خۆی بیەوێ، بەپێی بەزەیی فراوانی خۆیو حیکمەتە تەواوەکەی.

پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری زانای دانا.

باسی پێنجەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی دەریادا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ النحل: ١٤.

واتە: خودای مەزن، دەریای بۆ ئێوە ڕام و دەستەمۆ کردوە، تا لەو ماسییەی کە لەو دەریایە ڕاوی دەکەن، گۆشتێکی تەڕ و تازە بخۆن، هەروا لەو دەریایە، شتی وای لێ دەردەهێنن، کە مایەی جوانیی و ڕازاوەییە و لەبەری دەکەن، وەک: مرواری و مۆری و مەرجان، لەم دەریایە، کەشتی گەورە و زەبەلاح دەبینی، ئاوی دەریا دەبڕێ و دێ و دەڕواو، سواریشی دەبن، تا بەهۆی بازرگانیەوە، ڕزق و ڕۆزی خودا پەیدا بکەن و قازانجی لێ بکەن، بەڵکو سوپاسی خوای بەرز و مەزن بکەن لەسەر گەورەیی ناز و نیعمەتەکانی بەسەر ئێوەو، جگە لەخودا کەس نەپەرستن.

بزانە، پەروەردگار دەریاکانی بەدیهێناوە و فراوانی کردوون، وایکردووە دەوری زەوی بە ئاو دابپۆشرێت، بە ئەندازەیەك کە وشکانی و چیاکان

بەرامبەر بە دەریا وەك تەپۆڵكەیەك وان لەنێو دەریایەكی گەورەدا. هەروەها بزانە ئەو ئاژەڵ و زیندەوەرانەی لەنێو دەریادا دەژین زۆر زیاترن لەوانەی لەسەر زەوییدا دەژین، ئەمە سەرەڕای ئەو گەوهەرانەی تیایدان. بەهۆی فراوانی دەریا زیندەوەری زەبەلاحی وەهای تێدا دەژی، كە ئەگەر لەسەر ڕووەكەی دەربكەوێت بینەر وادەزانێت بەردێكی زەبەلاح یان كێو یان دوورگەیەكە.

هەموو زیندەوەرە وشكانییەكان لە باڵندە و ئەسپ و مانگا و هی تر لە دەریاشدا هەن و بگرە زیاتریش. چەندین زیندەوەریش لە دەریادا هەن، كە لە وشكانییدا نین، بەجۆرێكی تایبەت و سەرسوڕهێنەر بەدیهێنراون، كە ئەگەر باسی وردەكارییەكانیان بكەین بەچەند بەرگێك تەواو نابێت.

پاشان بڕوانە چۆن پەروەردگار مرواری بەشێوەی گۆیی لەنێو گوێچكە ماسییدا بەدیهێناوە، مەرجانیشی لەنێو كەلێنە بەردەكانی دەریادا داناوە، لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ يَخۡرُجُ مِنۡهُمَا ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ٢٢ ﴾ الرحمن: ٢٢.

واتە: بە توانا و دەسەڵاتی خوداوە، لەم دوو دەریایەدا، مرواری و مەرجان دێنەدەر. لێرەدا پەروەردگار باس لە بەخششەكانی دەكات. گوتراوە مەبەست لە (المرجان) مرواری تەنكە، پاشان پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٢٣ ﴾ الرحمن: ٢٣.

واتە: كەواتە بە چ نیعمەتێك لە نیعمەتەكانی پەروەردگارتان - ئەی ئادەمیزاد و جنۆكە - بێباوەڕن و بە درۆی دەزانن؟

پاشان سەیركە چ تایبەتمەندییەكی بەبەر عەنبەردا كردووە، دواتر بڕوانە كەشتییەكان چۆن لەسەر ڕووی ئاودا دەڕۆن و یارمەتی بەندەكان دەدەن رۆزی بەدەستبێنن و كەلوپەلەكانیان بگوازنەوە، لەم بارەیەوە پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ ...وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِى تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ ... ﴿١٦٤﴾ ﴾ البقرة: ١٦٤.

واتە: لە بەدیهێنانی ئاسمانەکاندا، بە بەرزی وفراوانیەکەی و، زەویەیش بە شاخەکان و دەشت و دەریاکانی و لە جیاوازی شەو و ڕۆژ، لە درێژی و کورتی و تاریکی و ڕووناکی و یەك بەدوای یەکداهاتنی یەکتری، کەوا شەو دێ، ڕۆژ بە دوای دادێت، هەروەها لەو کەشتیانەی بە دەریادا دەڕۆن، ئەو شتانە هەڵدەگرن، کە سودی بۆخەڵك هەیە، هەروەها ئەو بارانەی لە ئاسمان دەباڕێ و، زەوی دەژێنێتەوەو، سەوز دەبێ، کە دڵان خۆش دەکات، دوای ئەوەی، کە وشك بوەو هیچ ڕووەکی تێدا نەبوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هەر زیندەوەرێك، کە لەسەر زەوی دەڕوات، هەروەها ئەو نیعمەتەی کە خوا بەئێوەی بەخشیوە، لە هاتوچۆپێکردن و ئاڕاستەکردنی با و ئەو هەورەی کە لە نێوان ئاسمان و زەوی ڕام و موسەخەر کردوە. جا هەموو ئەو نیشانانەی پێشوو کە باسکران، بەڵگەن لەسەر تاك وتەنهایی خوداو گەورەیی نیعمەتەکانی. ئەم نیشانانە بۆ کەسانێکە، کە لە بەڵگەکان تێدەگەن و لە بەڵگەکانی یەکخودایی و شایستەیی تەنیا پەرستنی ئەو تێدەگەن.

پەروەردگار وایکردووە کەشتییەکان لەنێو دەریادا هاتوچۆ بکەن، مرۆڤ و کەلوپەلەکانی هەڵبگرن، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر گەشت بکەن، بگەن بەو جێگایانەی جگە لە کەشتی هیچ ئامرازێکی تری گواستنەوە پێیان ناگات.

پەروەردگار بەفەزڵی خۆی درەختەکانی بەدیهێناوە، بەجۆرێك ئاو دەتوانێت هەڵیبگرێت، پاشان ئیلهامی بۆ مرۆڤ نارد تا لەو درەختانە کەشتی درووست بکەن، پاشان بەپێی ئەندازە (با)ی هەڵکرد، لەکات و ساتی دیاریکراودا، تا بەهۆیەوە کەشتییەکان لەشوێنێکەوە بڕۆن بۆ شوێنێکی تر، دوای ئەوە مرۆڤ

کاتەکانی زانی و لەو کاتانەدا گەشتی دەکرد کە (با) بەو ئاڕاستەیە هەڵیدەکرد.

سەیرکە پەروەردگار بە چ شێوەیەك ئاوی بەدیهێناوە، تەنێکی نەرم و ڕوون و شلی بەیەکەوە لکاو، وەك ئەوەی یەك پارچە بێت، پێکهاتەیەکی نەرم، خێرا لە شێوە و وەرگرتندا، شیاوی بەیەکەوە لکان و جیابوونەوەیە و کەشتی تێدا دەڕوات، چ کارەساتێکە لەهەمبەر هەموو ئەو نیعمەتانەدا کوێر بیت!

سوودێکی تری دەریا ئەوەیە بیروهۆش ساف دەکات، بەڵگەی ڕوون و بەهێز پێشکەش دەکات، خۆی گوزارشت لەخۆی دەکات، توانای ئافرێنەرەکەی دەردەخات، کاریەجێیی بەدیهێنەرەکەی نیشان دەدات، وەك ئەوەی بەزمانی حاڵی پێمان بڵێت: وێنە و پێکهاتە و سیفەتەکانم نابینیت؟ پەی بە شێوە جیاوازەکانم، سوودە زۆرەکانم نابەیت؟ هیچ خاوەن ئاوەزێك هەیە وابزانێت خۆم خۆمم ڕەنگ کردووە؟ یان هاوشێوەکانم منیان بەدیهێناوە؟ من بەدیهێنراوی زاتێکی توانای دەسەڵاتدار و کاریەجێم.

باسی شەشەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی ئاودا

پەروەردگـــار فەرمـــوویەتی: ﴿ ... وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنبياء: ٣٠.

واتە: لەئاویش هەموو شتێکی زیندووەمان دروست کرد، جا ئایا ئەم بێ باوەڕانە، باوەڕ ناهێنن بەوەی کەدەیبینن و تەنها هەر خودا بپەرستن؟ هەروەها فەرمـــوویەتی: ﴿ أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾ النمل: ٦٠.

واتە: لێیان بپرسە، کێ ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناوەو لەئاسمان بارانی بۆ باراندوون، کە بەهۆیەوە باخو باخاتی دیمەن دڵڕفێنو جوانی بۆ ڕووانەدونو سەوزی کردوون؟ گەر خودا بارانی بۆ نەباراندبان، ئەوا بۆتان نەبوو دار و درەخت بڕوێنن. بەڕاستی پەرستنو عیبادەتی خودای بەرزو مەزن،حەقەو ڕاستەو،پەرستنی جگە لەخودا، بەتاڵ و ناحەق و پووچە، ئایا لەگەڵ خودا، کەسانێك هەن ئەم کارانەبکەن، هەتا لەگەڵ خودا بپەسترێو بکرێتە هاوبەشی خودا؟ بەڵام، نا، ئەم موشریكو هاوبەش پەرستانە، قەومێکن لەڕێی حەقو

ئیمان لایانداوەو، هەڵدەستن شتو کەسانی دیکە لەگەڵ خودا یەکسان دەکەنو، وەك خودا دەیانپەرستنو بەگەورەیان دەگرن..

بڕوانە، پەروەردگار چ نیعمەت و بەخششێکی بەسەر بەندەکانیدا ڕشتووە، بەوەی ئاوی سازگاری بۆ بەدیهێناون، کە هەرچی زیندەوەری سەر زەوی هەیە پێویستی پێی هەیە، گیانلەبەر بێت یان ڕووەك، تەنانەت مرۆڤ ئەوەندە پێویستی بە ئاو هەیە، ئەگەر لەکاتی تینووێتییدا ئاوی دەستنەکەوێت ئامادەیە هەرچی هەیەتی لەدنیادا لەبەرامبەر قومێك ئاودا ببەخشێت، بەڵام بەداخەوە بەندەکان لەم نیعمەتە گەورەیە بێئاگان.

سەیرکە لەبەر بەکارهێنان و سووتە زۆر و زەوەندەکانی، پەروەردگار بڕێکی زۆری پێبەخشیوین، خۆ ئەگەر کەم بوایە، مرۆڤایەتی دووچاری گرفت و مەترسییەکی زۆر دەبووەوە. پاشان سەرنجی نەرمی و شلییەکەی بدە، چۆن بەزەویدا ڕۆدەچێت تا دەگاتە ڕەگی درەختەکان و ئەگەرچی سرووشتی ئاو بەرەو خوارەوەیە بەڵام لەڕێی گەرمی خۆرەوە بەقەدی درەخت و ڕووەکەکاندا بەرزدەبێتەوە.

لەبەرئەوەی ئاو پێویستە بۆ هەرسکردنی خواردن، پەروەردگار وایکردووە خواردنەوەی چێژێکی تایبەتی هەبێت. هەروەها ئاو پیسییەکانی لەش فڕێدەداتە دەرەوە و پاکیدەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ لابردنی پیسی جل و بەرگ و شتەکانی تریش پێویستە. بەهۆی ئاوەوە خۆڵ تەڕ دەکرێت و بۆ درووستکردنی خشت و خانوو بەکاردێت، بەهۆی ئاوەوە ئەو شتانە تەڕ دەکرێن کە بە وشکیی بەکارنایەن، بەهۆیەوە خواردنەوەکانی تر درووستدەکرێن، بەهۆیەوە ئاگر دەکوژێندرێتەوە، بەهۆیەوە ئەو پاروویەی لە قوڕگدا گیربووە قووت دەدرێت، بەهۆیەوە ماندوێتی لەلەش دەردەچێت، بەهۆیەوە خۆراکەکان

دەکولێندرێن، تا کۆتایی هەموو ئەو سوودانەی ئاو هەیەتی.

سەیری ڕەهەندەکانی ئەو نیعمەتە خودایيە بکە، چۆن بەردەست و فەراهەمە، چەندەش پێویست و گرنگە، ئاو نەبووایە ژیان تاڵ دەبوو. پەروەردگار بە ئاو زەوی ئاوەدان کردۆتەوە، ئاژەڵ و ڕووەك و کانزا پێویستیان پێی هەیە، هەر بۆیە گوتراوە ئاو و ئاوەدانیی.

پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری بەخشەری نیعمەتەکان.

باسی حەوتەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی هەوادا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَسۡقَيۡنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمۡ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ ٢٢ ﴾ الحجر: ٢٢.

واتە: (با)مان ناردووە و وامان لێکردوە، کە هەورەکان بپیتێنێ و، باران ببارێنێ، هەروا دارو درەخت بپیتێنێ، بەمەش گەڵاکانی دەپشکوێ و چرۆ دەکات و، ئەو هەورە، باران و خێر و بەرەکەت و سودبەخشین هەڵدەگرێ، جا لە هەورەکە ئاومان دابارانووە کە بۆ خواردنەوەتان و زەویتان و مەڕ و ماڵاتتان، سازو ئامادەمان کردوە، کە ئێوە ناتوانن کۆی بکەنەوە لە کۆگا هەڵی بگرن و بپارێزن، بەڵام ئێمە وەک بەزەیی هاتنەوە بە ئێوەو چاکە کردن لەگەڵتان، بۆتان دەپارێزین و بۆتان هەڵدەگرین.

ڕەحمەتی خوات لێبێت بزانە لە بەدیهاتندا هەوا (با)ی تێدایە، ئەگەر وانەبووایە هەموو ئاژەڵانی وشکانی دەمردن. کە بە هەڵمژینی پلەی گەرمی لەلەشی هەموو ئاژەڵاندا هاوسەنگ دەبێت، چونکە هەوا بۆ ئاژەڵە وشکانییەکان وەک ئاو وایە بۆ ئاژەڵانی نێو ئاو، ئەگەر هەڵمژینی هەوا نەبێت پلەی گەرمی لەشی ئاژەڵاندا دەگاتە دڵیان و دەبووە هۆی لەناوچوونیان.

پاشان سەرنج بدە چۆن بەهۆی هەواوە هەورەکان دەجووڵێن، تا دەگەنە ئەو

شوێنەی بۆ کشتوکاڵ پێویستییان بە ئاو هەیە و لەوێدا دەبارێت، ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی خودا نەبوایە، کە هەوای بەدیهێناوە، هەورەکان لەشوێنی خۆیاندا دەمانەوە و هەموو شوێنێك لە باران سوودمەند نەدەبوو.

سەرنج بدە چۆن بەهۆی هەواوە کەشتییەکان دەجووڵێن، لە هەرێمێکەوە دەچن بۆ هەرێمێکی تر، کە کەلوپەلی شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە کە پێویستی پێی هەیە و بەپێچەوانەشەوە، بەمەش خەڵك سوودمەند دەبن، ئەگەر هەوا نەبووایە و کەشتییەکان نەجووڵابانایە، ئەوا شتەکان هەر لە شوێنی خۆیاندا دەمانەوە و بە ئامرازەکانی تری گواستنەوەش کارێکی ئەستەم دەبوو.

پاشان سەرنجی گرنگی و جووڵەی هەوا بدە چۆن دەگاتە هەموو شوێنێکی جیهان و لەڕێی جووڵەیەوە بۆگەنبوونی زەوی ڕادەماڵێت، هەوا نەبوایە ماڵەکان بۆگەن دەبوون و ئاژەڵان بەهۆی پەتا و نەخۆشییەکانەوە لەناودەچوون.

هەروەها بڕوانە ئەو خۆڵ و لمەی لەڕێی هەواوە دێتە نێو کێڵگەکان، کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی درەختەکان. هەروا لەڕێی هەواوە خۆڵ و لم دێت بۆ چیاکانیش و دەکرێ کشتوکاڵی تێدا بکرێت، هەروا ئەوەی دەچێتە کەناراوەکان و خەڵك سوودی لێدەبینن. هەروەها لەڕێی جووڵەی هەواوە دەریا عەنبەر و شتە بەنرخەکانی تر فڕێدەداتە دەرەوە و خەڵك سوودی لێدەبینن.

پاشان سەرنج بدە چۆن بەهۆی هەواوە باران دەبێتە دڵۆپ و ئینجا دادەبارێتە سەر زەوی، ئەگەر هەوا نەبوایە باران بە یەك دابارین دادەباری و بەر هەر کەسێك بکەوتایە لەناویدەبرد، پاشان دڵۆپەکانی باران کۆدەبنەوە و ڕووبار و دەریا پێکدەهێنن و سوودێکی زۆر بەخەڵك دەگەیەنن. بڕوانە

شوێنەواری ڕەحمەتی خودا، پاکی و بێگەردی بۆ خودای میهرەبان بەرامبەر بوونەوەرانی. پاشان سەرنج بدە گشتگیری ئەم میهرەبانییە و گشتگیری ئەم نیعمەتە گەورەیە، هەروەك پەروەردگار سەرنجمانی بۆ ڕادەکێشێت و دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ ۝١٠ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرْعَ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلْأَعْنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ۝١١ ﴾ النحل: ١٠ – ١١.

واتە: خودای مەزن، لە هەوردا بارانتان بۆ دەبارێنێ، لەو بارانەش ئاوی خواردنەوەی بۆ ئێوە دروست کردوە، کە بەو بارانە، درەخت و ڕووەکی بۆ ڕووانـدون و سەوزی کـردوون، کـە مـەڕ و مـاڵات و ئـاژەڵی خۆتـانی تێـدا دەلـەوەڕێنن و خێر و بێر و سوودی زۆری بۆتـان دەگەڕێتـەوە. لـەم زەوییـەدا هـەر بـەهۆی ئـاودانی ئـەم ئـاوەوە، چەندەها کشـتوکاڵی جۆرا و جۆرتـان (لە زەوی) بۆ دەردێنێ، هەروا بە هۆی ئەم ئاوەوە، زەیتون و دارخورمـاو دارمێو و تریتان بۆ دەڕوێنێ و هەروا جۆرەها بەروبووم و میوەتان لـە زەوی بـۆ دەردێنـێ و دێنێتە بەرهەم.

ڕواندنی ئەم بەروبوم و کشتوکاڵە، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ گـەل و کەسانێ، کە سەرنج بدەن و ڕامێنن، بەمەش پەند وەربگرن.

هەروەهـا حیکمەتـی پەروەردگـار وای وێسـتووە هاوشـانی بـاران سـامالێش هەبێـت، کە هەردووکیـان لەبەرژەوەنـدی بـوونەوەردان، ئەگەرچـی یەکێکیـان بەردەوام بێت خراپەکاری بەدوای خۆیدا دێنێت، نابینیت ئەگەر بارانبـارین زۆر و بەردەوام بێـت چـۆن ڕووەکەکـان دەڕزێنێـت و خانووەکـان تێکـدەدات و

ڕێگاوبانەکان دەگرێت و چەندین کار و پیشە پەکدەخات، ئەگەر ساماڵیش بەردەوام بوایە دەبووە هۆی وشکبوونەوەی لەش و ڕووەك و بۆگەنبوونی ئاوی کانیاو و دۆڵەکان و زیانی بەبەندەکان دەگەیاند، هەوا وشك دەبوو و چەندین نەخۆشی بەدوای خۆیدا دەهێنا. ڕۆزیش کەمدەبوو و هەنگ نەیدەتوانی شیلەی گوڵەکان کۆبکاتەوە.

ئەگەر ساماڵ و باران بەدوای یەکدا بێن کەش و هەوا هاوسەنگ دەبێت، هەر یەکێکیان زیانەکانی ئەوی تریان لادەدات، بەمەش هەموو کاروبارەکان ڕێکدەکەون، ئەمەش خواستی خودایە.

ئەگەر بگوترێت: هەندێك جار هەریەکێك لە ساماڵ و باران زیان لە بوونەوەر دەدەن، دەڵێین ئەمە بۆ ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە لەڕێی شتە دژیەکەکانەوە بۆ بیرخستنەوەی نیعمەت و فەزڵ و ڕەحمەتی خودا و هۆشداربیە بۆ دەستهەڵگرتن لە ستەم و یاخیبوون، نابینیت کەسێك کە نەخۆش دەکەوێت لەشی پێویستی بە چەندین دەرمانی تاڵ و ناخۆش هەیە بۆ چاکبوونەوەی، پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ ﴾ الشوری: ٢٧.

واتە: گەر خودا ڕزق و ڕۆزی بۆ بەندەکانی فراوان بکات، ئەوا لە زەوییدا ستەم دەکەن و سنوور لەگەڵ یەکتریی دەبەزێنن! بەڵام بە ئەندازەی پێویستییان، بە ویستی خۆی ڕزق و ڕۆزییان بۆ دادەبەزێنێ، خودا شارەزا و ئاگاداره بە بەندەکانی، کە چی لە بەرژەوەندییاندایە، خودا، بینایە بە بەڕێوەبردنیان و هەڵسوڕاندنی حاڵ و باریان.

باسی هەشتەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی ئاگردا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى تُورُونَ ﴿٧١﴾ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنشِـُٔونَ ﴿٧٢﴾ نَحْنُ جَعَلْنَٰهَا تَذْكِرَةً وَمَتَٰعًا لِّلْمُقْوِينَ ﴿٧٣﴾ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾﴾ الواقعة: ٧١ – ٧٤.

واتە: ئایا ئەو ئاگرەتان بینیوە کە هەڵیدەگیرسێنن؟ ئایا ئێوە ئەو درەختەتان هێناوەتە بوون، کە ئاگری پێدەکەنەوە، یان ئێمە هێناومانەتە بوون؟ ئەو ئاگرەی ئێوە هەڵیدەگیرسێنن، ئێمە کردوومانەتە مایەی بیرکردنەوەتان لە ئاگری دۆزەخ و سود بەخشین بۆ ڕێبوارانی! ئەی پێغەمبەر! پەروەردگاری گەورەت بە پاك و بێگەردی بگرە، ئەو پەروەردگارەی، کە ناوەکانی و سیفەتەکانی بێ کەم وکورتین و تەواون و زۆر چاکەکارە.

بزانە خودا تۆ و ئێمەش سەرفراز بکات، کە خودا ئاگری بەدیهێناوە، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین نیعمەتەکانی، لەبەرئەوەی زۆری و بڵاوی ئاگر لە جیهاندا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیان و خراپەکاری، خودا بە حیکمەتی خۆی سنووورداری کردووە، بەڵام هەرکاتێك پێویستی بە ئاگر

هەبێت بەردەست و فەراهەمە و لەنێو تەنەکاندا عەمبار کراوە. سوودەکانی ئاگر زۆر و بێشومارن، لەوانە ئامادەکردنی خۆراک، ئاگر نەبوایە خواردنەکان تێکەڵ نەدەبوون و نەدەکوڵان، بەمەش هەرس نەدەکران و دەبوونە هۆی نەخۆشیی. ئیتر سەرنجی میهرەبانی پەروەردگار بدە لەم کارە گرنگ و پێویستەدا.

ئاگر نەبوایە زێڕ و زیو و مس و ئاسن و قوڕقوشم و تەنەکە و ... هتد سوودیان لێ وەرنەدەگیرا، بەهۆی ئاگرەوە مس دەتوێندرێتەوە و قاپ و قاچاغی لێ دروودەکرێت، پەروەردگار ئێمەی لەم نیعمەتە ئاگادارکردووەتەوە پێمان دەفەرموێت جێگای سوپاس و ستایشکردنە:

﴿ ...ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ١٣ ﴾ سبأ: ١٣.

واتە: گوتمان ئەی خانەوادەی داود! سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو بەخششانەی بە ئێوەی داوە، سوپاس کردنەکەش بەوە دەبێ، کە بە قسەی خودا بکەن و فەرمانی ئەو جێ بەجێ بکەن، بەڵام لە بەندەکانم، کەم هەن، زۆر سوپاسی خودا بکەن، (داود) و خانەوادەکەی لە کەسە کەمەکان بون، کە سوپاسی خودایان کردوە. بەهۆی ئاگرەوە ئاسن دەتوێندرێتەوە و چەندین جۆر ئامراز و ئامێری سوودبەخشیی لێ دروودەکرێت، ئەمە جگە لە ئامرازەکانی جەنگ وەک قەڵغان و شمشێر و... هتد. پەروەردگار سەرنجمانی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە و فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ... ٢٥ ﴾ الحديد: ٢٥.

واتە: ئاسنیشمان بۆیان نارده خوارێ، کە هێزێکی زۆر و چەندەها سوودی جۆراوجۆری بۆ خەڵك تێدایە، تا خودا بۆ دروستکراوەکانی دەربخات، کە دەزانێ کێ دینەکەی و پێغەمبەرەکانی بە غەیب سەردەخات، خوا بەهێزە و گەردن کەچ ناکرێ، بە دەسەڵاتە، کەس بەسەریدا زاڵ نابێ! هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ...لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ الأنبياء: ٨٠.

واتە:خودا شتێکی تایبەتی بەخشیبو بە داوود (سەلامی خوای لێ بێ) ئەویش ئەوەبوو: فێری دروستکردنی زرێی کردبوو، کە دەیکرده زنجیر و ئاسانکاریی بۆ جوڵاندنی جەستە، تا جەنگاوەران لە زەبری چەکەکان بپارێزێ، جا ئایا ئێوە سوپاسگوزاری خودا دەبن لەسەر ئەو نیعمەتەی خودا کە بەسەر ئێوەی کردووە، کەوا لەسەر دەستی داوودی بەندەی خودا، ڕایی کردووە.

هەر لە ئاسن ئامێری کێڵان و دروێنە دروستەکرێت، هەروەها ئامێرە کوتەرەکان و بڕەرەکان، لەگەڵ ئامێرەکانی دارتاشی و بڕینی دار و دەرختەکان. ڕەحمەتی خودا نەبوایە بە بەدیهێنانی ئاگر، هیچ کام لەم سوودانە بەدینەدەهاتن و زێڕ و زیو و دراو و خشڵ و جوانکاری و سوود نەدەبوون و ئەو خشڵانەی ئێستا دەبینرێن تێکەڵی خۆڵ و خاشاك دەبوون.

بڕوانە ئەو خۆشیی و ئاسوودەییەی ئاگر لە تاریکایی شەودا بۆ مرۆڤی دەهێنێت، ڕووناکییەخشە، ڕێنیشاندەرە، گەرمکەرەوەیە، بەهۆیەوە خواردن و خواردنەوە دەبینن، جێ و ڕێیان خۆش دەکەن، جانەوەرە زیانبەخشەکان دەبینن، ئاگاداری نەخۆشەکانیان دەبن. بەهۆیەوە لە وشکانیی و دەریادا کاردەکەن،

ئاگر هەبێت وەك ئەوە وایە خۆر ئاوا نەبووبێت. بەهۆی ئاگر مرۆڤ لەکاتی سەرما و سۆڵەدا خۆی گەرمدەکاتەوە، بەهۆی ئاگر پارێزگاری لە قەڵا و سنوورەکان دەکرێت... سەیرکە خودا چ نیعمەتێکی خستووەتە بەردەستی مرۆڤ.

باسی نۆیەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی مرۆڤدا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تُبْعَثُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ المؤمنون: ١٢ – ١٦.

واتە: بەڕاستی ئێمە ئادەممان لەقوڕێك بەدیهێناوە، کە لە هەموو زەوی وەرگیراوە. ئینجا ڕۆڵەکانی ئادەممان لەڕێی زاووزێوە لەنوتفەیەك بەدیهێناوە، ئەو نوتفەیەش بریتیە لەمەنی پیاو، کە لە پشتیانەوە دەردەچێت و لەمندالْدانی ئافرەتانەوە جێگیر دەبێت. ئینجا دڵۆپە ئاوە مەنیەکەمان کردە عەلەقە، واتە: خوێنێکی سوور، دوای چل ڕۆژیش ئەو خوێنە سوورەمان کردە پارچە گۆشتێك بەئەندازەی ئەوە، کەدەجوورێ، ئەو پارچە گۆشتە نەرمەشمان کردە ئێسقان، ئەو ئێسقانەشمان بەگۆشت داپۆشی، ئینجا بەگیان پێداکردنی، کردمانە بەدیهێنراوێکی دیکە، بەرزیی و گەورەیی تواناو دەسەڵات هەر بۆ خودایە، کەهەمو شتێکی بەچاکیی و جوانیی بەدیهێناوە. ئەی مرۆڤینە! ئینجا دوای بەڕێکردنی قۆناغەکانی ژیان و بەسەرچوون و تەواووبونی

تەمەن، بەدڵنیاییەوە ئێوە دەمرن. ئینجا دوای مردن و بەسەرچوونی دنیا، لەڕۆژی قیامەت لەگۆڕەکانتان، بۆ حیساب و لێپرسینەوەو پاداشت دانەوە زیندوو دەکرێنەوە.

خودا سەرفرازت بکات بزانە: کاتێک پەروەردگار مرۆڤی بەدیهێنا و لەم ماڵی دنیایەدا بڵاویکردنەوە و ئەرک و تاقیکردنەوەی لەسەر نووسین.

پەروەردگار بەجۆرێك مرۆڤی بەدیهێناوە، کە لەڕەچەڵەکی یەکتر پەیدا ببن و وەچە بخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەروەردگار ڕەگەزی نێر و مێی بەدیهێناوە، خۆشەویستی و پێویستی خستووەتە نێوانیان، تا وایلێهاتووە بەرامبەر بەیەکتر ئارامگر نەبن و نەتوانن بەسەر ئارەزووياندا زاڵ بن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ یەکتردا کۆببنەوە، بۆ ئەمەش ئەندامێکی تایبەتی بەدیهێناوە، کە بەهۆیەوە ئاوی پیاو دەچێتە منداڵدانی ئافرەتەوە، کە کۆرپەلەی تێدا دروستدەبێت، ئەو ئاوە لەتەواوی لەشەوە پاڵفتە دەبێت و کۆدەبێتەوە، پاشان بەجووڵەیەکی تایبەت دەجووڵێت و فڕێدەدرێت، کە ڕەچەڵەکی هەڵگرتووە، ئەوەندە هەستیارە هەر شتێکی بەربکەوێت تێکیدەدات. دوای جێگیربوونی ئاوەکە لە منداڵدانـدا دەگۆڕێت بۆ هەڵواسراو (العلقة) پاشان بۆ پارچە کرکراگەیەك (المضغة)، پاشان بۆ ئێسك (العظام) پاشان بە گۆشت دایدەپۆشێت و دەمار و خوێنبەرەکانی تێدا بەدیدەهێنێت،پاشان ئەندامەکان دەردەکەون، سەر، کە ئەندامەکانی بیستن و بینین و بۆنکردن و تامکردنی پێوەیە:

چاو هەستەوەری بینینە، لەڕێیەوە مرۆڤ شتەکان دەبینێت، ئەندامێکی زۆر ئاڵۆزە و خستنەڕووی نهێنی پێکهاتەکانی زۆر ئەستەمە، لە حەوت چین پێکهاتووە، هەر چینێك سیفەت و شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر

یەکێك لە چینەکانی لەدەست بدات بینایی لەدەست دەدات. سەرنجی پێڵووەکان بدە، چۆن بەخێرایی دەجووڵێن و چاو لە شتە زیانبەخشەکانی وەك تەپوتۆز دەپارێزن. پێڵووەکان هاوشێوەی دەرگایەکن، لەکاتی پێویستییدا دەکرێنەوە و دادەخرێن. بۆ ئەوەی جوانی بە ڕوخسار و چاو ببەخشن بەئەندازەیەکی دیاریکراو مووبان لێدێت، کە ئەگەر زۆرە زیان بە چاو بگەیەنێت، نە ئەوەندە کەمە نەتوانێت چاو بپارێزێت. پەروەردگار ئاوێکی سوێری لەچاودا داناوە بۆ تواندنەوەی ئەو شتانەی دەکەونە ناویەوە، لێوارەکانیشی چاویشی نزمتر لە ناوەڕاستەکەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی ئەو شتانە نەکەونە نێو چاوەوە لە لێوارەکاندا کۆببنەوە.

پەروەردگار برۆیەکانی وەك پارێزەری چاو و بەخشینی دیمەنێکی جوان بە ڕوخسار بەدیهێناوە، مووی برۆیەکانیش هاوشێوەی برژانگەکان زۆر درێژ نابن و ڕوخسار ناشێوێنن. لەبەرامبەردا مووی سەر و ڕیش شیاوی درێژکردن و کورتکردنن و بەپێی خواست و گونجان جوانی دەبەخشن.

پاشان سەرنجی دەم و ددان بدە، چ حیکمەتێکیان تێدایە! لێوەکان وەك پەردەی دەم وان، لەکاتی پێویستییدا لادەدرێن و دادەخرێنەوە. هەروەها پووك و ددانەکانیان داپۆشیوە و سەرەڕای ئەوەش جوانی بەڕوخسار دەبەخشن، ئەگەر لێوەکان نەبوونایە ڕووخسار ناتەواو دەبوو. هەروەها یارمەتیدەرێکی سەرەکییە بۆ جوینی خواردن و ئاسانکردنی قووتدانی.

هەروەها پەروەردگار ددانەکانی بەجیاجیا بەدیهێناوە و یەك پارچە نین، بۆ ئەوەی ئەگەر هەندێکیان خراپ بوون ئەوانی تر سوودیان هەبێت، ددانەکان سوود و جوانییان تێدایە. ددانەکان دوو ڕیزن و هەر ڕیزێکیان تەواوکەری ڕیزەکەی تره. پێکهاتەیان ڕەقە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کات مرۆڤ بەکاریان

دەهێنێت و پێویستی پێیان هەیە. هەندێك لە دڕانەکان گەورەن بۆ هاڕینی خۆراك، چونکە کرداری جوین هەنگاوی یەکەمی هەرسکردنە، دڕانەکانی پێشەوەش بۆ پارچەکردنی خواردن و بەخشینی جوانیین بە دەم، سەرنج بدە چەند جوان چەسپێنراون، ڕەنگیان سپییە و لەگەڵ سووری دەوروبەریان گونجاون، بە هاوسەنگی ڕێزبوون، وەك ئەوەی مرواری ڕێزکراو بن.

پاشان بڕوانە بەدیهاتنی دەم، کانیاوێکی دەوڕەدراو، تەنیا لەکاتی پێویستییدا دەردەکەوێت، ئەگەر بەردەوام بەدەرەوە بوایە دەبووە ناڕێکی بۆ ڕووخسار. لەدەمدا (لیك) دەردەدرێت، کە خواردن تەڕ دەکات و کاری جزوین و قووتدانی ئاسان دەکات، کاتێك خواردنی تێدا نەبێت بەو ڕێژەیە لیك دەرناکات و تەنیا بەشی تەڕکردنی ناو دەم و قوڕگ و ئاسانکردنی قسەکردن دەکات، ئەو تەڕێتییە نەبێت مرۆڤ پەکیدەکەوێت.

پاشان بڕوانە ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگار، وایکردووە مرۆڤ تام و چێژ لە خواردن ببینێت، بۆ ئەم کارەش زمانی بەدیهێناوە، بۆ ئەوەی حەزی بە چ تامێکە ئەوە بخوات و ئەوە نەخوات کە حەزی پێی نییە، چێژ و خۆشی لە خواردن و خواردنەوە وەربگرێت، هەروەها بەهۆیەوە ساردی و گەرمی خواردنەکان هەست پێدەکات.

هەروەها پەروەردگار گوێی بەدیهێناوە، مادەیەکی تاڵی تێدا داناوە، کە پارێزگاری لێدەکات و لەهەر زیانێکی دەرەکی دەپارێزێت. هەروەها پەردەیەکی بۆ داناوە کە دەنگ کۆدەکاتەوە و هەستکردن زیاد دەکات و مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە.

پاشان سەرنجی چۆنیەتی هەستکردن بە بۆنەکان بدە، کەبەهۆی

تێپەڕبوونی هەوا بە لووتدا ڕوودەدات، ئەمە موعجیزەیەکە جگە لە پەروەردگار کەس نازانێت چۆن ڕوودەدات. سەرنجی لووت بدە چۆن لەئاستی ڕووخسار قیت بۆتەوە، دوو کوونی هەیە، هەستەوەرەکانی بۆنکردنی تێدایە، بۆ جیاکردنەوەی بۆنی خواردن و خواردنەوەکان و چێژوەرگرتن لە بۆنە خۆشەکان و دوورکەوتنەوە لە بۆنە پیس و ناخۆشەکان و هۆکاری مانەوەی پێ هەڵبمژێت کە هەوایە و گەرمی ناخی پێ سارد بکاتەوە.

هەروەها پەروەردگار قووڕگی بەدیهێناوە، بەجۆرێك کە دەتوانێت هەموو دەنگێك دەربکات و زمانیش بەجوولّەکانی دەنگەکان بەشێوازی جیاواز دەبڕێت و بەهۆیەوە پیتە جیاوازەکان دەردەبڕێن. شێوازی بەدیهاتنی قووڕگەکانیش جیاوازە، هەیە تەنگە و هەیە فراوان، هەیانە زبرە و هەیە لووس، هەیە ڕەقە و هەیە نەرم، هەیە درێژە و هەیە کورت، بە جیاوازیشیان دەنگەکانیش جیاواز دەبن، هەربۆیە وەك چۆن شێوەی دوو کەس بەتەواوەتی لەیەك ناچن ئاواش دوو دەنگ بەتەواوەتی لەیەك ناچن، زۆرجار خەڵك لەڕێی دەنگەوە یەکتر دەناسنەوە.

پاشان سەرنجی بەدیهاتنی دەستەکان بدە، چۆن سوود بۆ مرۆڤ دەهێنن و زیانەکانی لێ دوور دەخەنەوە. چۆن پەروەردگار لەپی دەستی پان و پەنجەکانی جیاجیا بەدیهێناوە، چۆن چوار پەنجە لەلایەك و پەنجەی گەورە بەتەنیا لەلایەکە و دەتوانێت بەسەر هەر چواریاندا بسووڕێت. ئەگەر هەموو بوونەوەر لە سەرەتایانەوە تا کۆتایی کۆببنەوە تا شێوازێکی تری داڕشتنی پەنجەکان دابنێن، جیاواز لەو شێوەیەی ئێستای ناتوانن ئەو کارە بکەن. بەهۆی ئەم شێوەیەی ئێستایەتی کە مرۆڤ دەتوانێت شتی پێبگرێت یان مشتەکۆڵە درووست بکات. کە دەیشیانکاتەوە دەتوانێت هەر شتێکی بووڕێت

لەسەری دابنێت و بەهەر بارێکدا بیبات شێوەیەکە و کارێکی بۆ دەکات.

پاشان پەروەردگار نینۆکەکانی بەدیهێناوە، کە دەکەونە سەرە پەنجەکان و جوانییان پێدەبەخشن، لەهەمان کاتدا پارێزگارییان لێدەکەن و بەهۆیانەوە شتە وردەکان دەگیرێن کە بە پەنجەکان ناگیرێن. بۆ خوراندنی جەستەش لەکاتی پێویستییدا سوودیان لێوەردەگیرێت.

سەرنجی بچوکترین شوێنی جەستە بدە، کاتێک دەخوورێت مرۆڤ پەکدەخات و دەیکاتە لاوازترین بوونەوەر و دەستەوەستان دەبێت لە لادانی خراپە و هێنانی چاکە بۆخۆی، جگە لە نینۆکەکان هیچ ئەندامێکی تر ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیەتی، بەجۆرێک بەدیهاتووە نە وەک ئێسک ڕەقە نە وەک پێست نەرمە. درێژ دەبێت، دەبڕرێت و دروستدەبێتەوە. وەک بڵێی هەستەوەریان هەبێت لەئاگایی و بێئاگاییدا دەچنە ئەو شوێنەی دەخوورێت، خۆ ئەگەر لەجیاتی نینۆکەکان پشت بە شتێکی تر ببەستین دوای ماندوبوونێکی زۆر نەبێت ناتوانین شوێنی خووراندکە بدۆزینەوە.

پاشان سەرنج بدە چۆن پەروەردگار ڕان و قاچی مرۆڤی درێژ بەدیهێناوە و پێیەکانیش بە پانیی. بۆ ئەوەی بتوانێت بڕوات و پێیەکانی لەزەوی گیر بن. پێیەکانیشی بە پەنجەکان ڕازاندوونەتەوە پەنجەکانیش بە نینۆکەکان، بەمەش کاری ڕۆیشتن ئاسانتر بووە و بەهێزتر بوون.

سەیرکە خودا هەموو ئەمانەی لە ئاوێکی بێنرخ بەدیهێناوە، پاشان ئێسکەکانی بەدیهێناوە، کە تەنی ڕەق و بەهێزن، بوونەتە ڕاگر بۆ جەستە، لەسەر شێوە و ئەندازەی جیاواز بەدیهاتوون، هەیانە کورتە و هەیانە درێژ،

هەیانە پتەوە و هەیانە فشەڵ، هەیانە قورسە و هەیانە پان و هەیانە وردە. پاشان لەنێو ئەو ئێسکانەدا مۆخی داناوە، کە پارێزەر و بەهێزکەرە. لەبەرئەوەی مرۆڤ پێویستی بەهەموو جەستەی هەیە، پەروەردگار تەنیا یەك ئێسکی بۆ بەدینەهێناوە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆرن و جومگەیان لەنێواندایە، بۆ ئەوەی جووڵەی ئاسان بێت. ئەندازە و شێوەی هەر ئێسکێکیش بەپێی پێویستی و جووڵەکەی بەدیهێنراوە. پاشان لەڕێی جوومگەکانەوە ئێسکەکانی بەیەکەوە گرێداوە، لەڕێی بەستەرەکانەوە، سەرێی ئێسکەکە زیادەی هەیە و ئێسکەکەی بەرامبەری بەپێچەوانەوە، تا بچنە ناو یەك و باشتر یەکبگرن، بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێت بەشێکی جەستەی بەتەنیا بجوڵێنێت، ئەگەر جومگەکان نەبوونایە نەیدەتوانی ئەو کارە بکات.

پاشان بڕوانە بەدیهاتنی سەر، کە لە پەنجا و پێنج ئێسکی شێوە جیاواز بەدیهاتووە، هەموویان پێکەوە لکاون، تا بەم شێوەیەی ئێستا لەشێوەی تۆپێك وەستاوە لەو پەنجاو پێنج ئێسکە شەشیان تایبەتن بە کاسەی سەر، بیست و چواریان بۆ شەویلاگی سەرەوە، دووانیان بۆ شەویلاگی خوارەوە. ئەوانەی تریش بۆ ددانەکان، کە بەهۆی هێزییانەوە هەیانە بۆ شکاندن دەشێ و هەیشیانە بۆ بڕین.

پاشان ملی بەدیهێناوە، کە چەقی سەرە و لە حەوت ئێسك پێکهاتووە، توانای چوونەوە یەکیان هەیە و درێژ و کورت دەبن، ئەمەش بۆ ئاسانکردنی جووڵەی سەرە، لە ملەوە بۆ کۆتایی و چوار ئێسکە، خوارەوەی پشتیش سێ ئێسکی جیاوازە، دواتر دەگاتە کلێنچکە و ئەویش لە سێ ئێسك پێکهاتووە. ئێسکەکانی پشت بەندن بە ئێسکەکانی سنگ و شان و دەست و سمت و ڕان و قاچ و پەنجەکانی پێ بەستراوە. بەم شێوەیە کۆی گشتی ئێسکەکانی

لەشی مرۆڤ دەگاتە دووسەد و چل و هەشت ئێسك، ئەمە جگە لە ئێسکە بچووکەکانی نێو بۆشایی جومگەکان.

سەیرکە چۆن پەروەردگار لە دڵۆپە ئاوێکی بێ نرخ ئەم هەموو ئەندامە سەرنجڕاکێش و ڕێکخراوانەی بەدیهێناوە. ئامانجمان لە ژماردنیان خستنەڕووی گەورەیی ڕێکخەر و بەدیهێنەرەکەیانە، چۆن بەم شێواز و ئەندازە وردە مرۆڤی بەدیهێناوە، بەجۆرێك یەك ئێسکی زیاتر بوایە دەبوو بە زیادە و پێویست بوو مرۆڤ دەربێنێت، ئەگەر یەك ئێسکیشی کەمتر بوایە، دەبوو مرۆڤ بۆی دابنێت، بەم شێوەیە پەروەردگار بەدیهێنانی مرۆڤی کردۆتە بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر بوون و گەورەیی خۆی، بۆ ئەو کەسانەی خاوەن ئاوەزن و تێدەفکرن.

پاشان سەیرکە چۆن خودا ماسولکەکانی بەدیهێناوە بۆ جووڵاندنی ئێسکەکان بەم شێوەیە پێنج سەد و بیست و نۆ ماسولکەی لە لەشی مرۆڤدا بەدیهێناوە. ماسولکە لە گۆشت و دەمار و بەستەر پێکهاتووە، کە لە ئەندازە و شێوەدا جیاوازییان هەیە، پەروەردگار بەپێی شوێن و پێویستییان ئەندازەکەی دارشتوون، بیست و چواریان تایبەتن بە جووڵەی چاو و پێڵووەکان، بەجۆرێك ئەگەر تەنیا یەکێکی کەم بێت چاو تێکدەچێت.. بەم شێوەیە هەر ئەندامێك بەئەندازەیەکی دیاریکراو و گونجاوی خۆی ماسولکەی بۆ دانراوە.

هەرچی دەربارەی دەمار و خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانە، ئەوا موعجیزەکانیان زۆرن و ناتوانین لێرەدا باسیان بکەین.

بڕوانە ڕێزی خودا بۆ مرۆڤ، چۆن لە جوانترین شێوەدا بەدیهێناوە؛ کە هەڵدەستێت و دەڕوات بالای ڕێکە، کە دادەنیشێت بەڕێکی و بێ گرفت

دادەنیشێت. بەدەستەکانی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت، هەر ئەندامێکی بۆ کارێك دەخاتەگەڕ، توانای چارەسەر و کارکردنی هەیە. وەك ئاژەڵان بەدینەهێنراوە کە سەری شۆڕ بێت و توانای ڕاستبوونەوەی نەبێت، خۆ ئەگەر بەم شێوەیە بوایە نەیدەتوانی ئەو کارانە ئەنجام بدات.

سەرنجی تەواوی لەش و ناخی مرۆڤ بدە، دەبینیت زۆر بە ڕێك و پێکی و حەکیمانە بەدیهێنراوە و موعجیزەیەکی سەرسوڕهێنەرە. پەروەردگار گەشەی ئەندامەکانی مرۆڤی پەیوەست کردووە بە خۆراك، خۆراکیشی بۆ دابین کردووە، بەڵام حیکمەتی پەروەردگار وێستوویەتی بەئەندازە خۆراك بۆ هەر ئەندامێك بڕوات، چونکە ئەگەر زیاد لە ئەندازەی پێویست خواردنی بۆ بڕۆیشتایە لەشی مرۆڤ زۆر زل دەبوو و جوولّەی قورس دەبوو و نەیدەتوانی پیشە ورد و سووکەکان ئەنجام بدات و گرفتی خۆراك و پۆشاکیشی بۆ دروست دەبوو، ئەمە سەرەڕای نیشتەجێبوون و جێگای حەوانەوەی. بۆیە حیکمەت و کاربەجێیی پەروەردگار وێستوویەتی بەم ئەندازەیە بێت، ئەمەش ڕەحمەت و بەزەییەکی تری پەروەردگارە بەرامبەر بە بوونەوەرەکەی. ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە موعجیزەی تێدابێت، ئەی چی دەربارەی ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و هەسارەکان؟ چ کاربەجێییەك لە ئەندازە و شێوە و ژمارە و دۆخەکانیاندا هەیە؟ لە کۆبوونەوە و جیابوونەوەیان، لە جیاوازی هەڵاتن و ئاوابوونیان؟ بۆیە نەکەی گومان بەریت کە تاکە گەردێك لە ئاسمانەکان و زەویدا خاڵییە لە حیکمەت و کاربەجێیی، بەڵکو پڕە لە موعجیزە و تەنیا خودا خۆی لە هەموویان ئاگاداره، پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا

﴿٢٩ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ٣٠ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ٣١ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ٣٢ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ٣٣﴾ النازعات: ٢٧ – ٣٣.

واتە: ئەی خەڵکینە! ئایا زیندووکردنەوەتان لە دوای مردن، لە ڕوانگەی ئێوەوە، زەحمەتترە، یان بەدیهێنانی ئاسمان؟! کە ئاسمانی وەک بینایە لەسەر ئێوە داناوە و، لە هەوادا سەقفەکەی زۆر بەرز کردۆتەوە، کە هیچ کون و کە لەبەری نیە و شەوەکەی بەئاوابونی خۆرە، تاریکی کردوە و ڕۆژەکەشی بە هەڵهاتنەوە بە دیار خستووە. جا لە دوای دروستکردنی ئاسمان، زەوی بۆ پان کردوونەتەوە و شتە سودبەخشەکانی خستە ناویەوە و کانیاوی تێدا تەقاندەوە و لەوەڕگای تێدا درووست کرد و چیا و شاخەکانی وەک سینگ تێدا چەسپاند. خوای بەرز و مەزن، هەمو ئەم نیعمەت و بەخششانەی بۆ دروست کردون، بۆ سودمەندی ئێوە و بۆ ئاژەڵەکانتان. کەواتە دووبارە دروست کردنەوەتان لە ڕۆژی قیامەت، لە لای خودا سوک و ئاسانترە لە دروستکردنی هەموو ئەم شتانە، هەموشیان لای خودا سوک و ئاسانە. گەر قیامەتی گەورە و سەغڵەتی و دژواری و ناخۆشییە گەورەکە هات، کە فوکردنی دووەمە بە کەڕەنادا.

ئەگەر مرۆڤ و جنۆکە پێکەوە هەوڵ بدەن تەنیا دڵۆپێک ئاو (سپێرم) درووست بکەن ناتوانن. سەیرکە پەروەردگار چۆن بەدیهێناوە و لە منداڵداندا جێگیری دەکات و دواتر جوانترین و تەواوترین بوونەوەر بەدیدەهێنێت، کە بەسەر چەند بەش و ئەندامێکی جیاوازدا دابەشیکردووە، ئێسکەکانی لەشوێنی تایبەتدا و بەشێوەی پێویست جێگیرکردووە، دەمارەکانی ڕێکخستوون، خۆراکیان تێدا دەڕوات، کە هۆکاری مانەوەیە لەژیاندا. پاشان سەرنج بدە چۆن ئەندامەکانی ناوەوەی ڕێکخستووە؛ دڵ و جگەر و گەدە و سپڵەلاک و سی و

منداڵدان و میزەڕۆ و هەناو... کە هەر ئەندامێك و بەجۆرێکی تایبەتی کار دەکات و کارێکی پێ سپێردراوە و بەبێ کەموکوڕی جێبەجێی دەکات. گەدەی کردۆتە کانگای خۆراك و ئامێری هەرسکردن، کە جوینی خۆراك لەڕێی ددانەکانەوە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ هەستان بەم فرمانە. جگەریش خۆراك دەخاتە نێو خوێنەوە، بەم شێوەیە هەموو ئەندامێك بەپێی پێویستی بەشی خۆی خۆراك وەردەگرێت، چونکە خۆراکی ئێسك لەخۆراکی گۆشت جیاوازە، خۆراکی دەمارەکان و خۆراکی قژ لەیەك جیایە. هەروەها سێپەلاك و زراو و گورچیلەکانی لەخزمەتی جگەر داناوە، سێپەلاك بۆ راکێشانی رەشاو و زراو بۆ راکێشانی زەرداو و گورچیلەکانیش بۆ راکێشانی ئاو و میزەڕۆش بۆ وەرگرتنی ئاو لە گورچیلەکان و پاشان دەردانیان. دەمارەکانیش بۆ بەیەکەوە گرێدانی خوێنی هەموو لاشەن، رووی دەمارەکان پتەوترە لە گۆشت، بۆ ئەوەی بتوانن خوێن هەڵبگرن و بەرنەبێت.

پاشان سەرنج بدە چۆن پەروەردگار مرۆڤی لەنێو منداڵداندا پاراستووە، کە تەنیا پەروەردگار خۆی هەموو ڕاز و نهێنییەکانی دەزانێت. کۆرپەلە پێویستی بە بانگکردن و ئاگادارکردنەوە و ڕێنماییکردن نییە، بەڵکو خودا وایکردووە خۆی کارەکانی ڕایی بکات، خۆ ئەگەر وانەبوایە و پێویستی بە ڕێنماییکردن بوایە دایکان گرفتاردەبوون بەدەستیانەوە و ئافرەتان لە دایکایەتی دەتۆران. منداڵ دوای ئەوەی لەشی بەهێزدەبێت و ئەندامەکانی پتەودەبن و توانای هەرسکردنی دەبێت، لەو کاتەدا ددانەکانی دەردەکەون، چونکە لەو کاتەدا پێویستی پێیان دەبێت.

پاشان بڕوانە چۆن گەشەکردنی عەقڵ بەشێوەیەکی پلەبەند ڕوودەدات، هەروەها بڕوانە چۆن پەروەردگار وایکردووە مرۆڤ بەنەزانیی لەدایك ببێت،

خۆ ئەگەر عەقڵی هەبوایە کاتێك چاوی بەدنیا هەڵدەهێنا بەهۆی هەموو ئەو شتە زۆرانەی دەیبینی تووشی سەرلێشێوان دەبوو. پاشان هەستی بە کەموکوڕی دەکرد کاتێك خۆی لەنێو شلەی ئەمینۆسی دەبینییەوە و دواتر کاتێك لەنێو قۆناخەدا پێچراوە و خراوەتە بێشکەوە. رەنگە هەموو ئەوانەی رەتبکردایەتەوە، لەکاتێکدا لەشی لاوازە و خۆی نەگرتووە. ئەگەر منداڵی ساوا عەقڵی هەبوایە بەهۆی رەفتارەکانی و کرداری عەقڵییی و بژاردەکانی هەرگیز ئەو خۆشەویستییەی ئێستا منداڵان هەیانە نەیدەبوو، بۆیە پلەبەندی لە تێگەیشتن و عەقڵگرتندا گونجاوتر و باشترە بۆی[1].

نابینی چۆن پەروەردگار هەموو شتێکی بوونەوەری بۆ ئامانج و حیکمەتێك بەدیهێناوە؟ کە گونجاوترین و جوانترینە و شیاوی هەڵە و ڕەخنەگرتن نییە.

پاشان بڕوانە، کاتێك مرۆڤ هێز و توانای پەیدا دەبێت، پەروەردگار وەچەخستنەوەی تێدا بەدیدەهێنێت؛ لە روخساریدا موو پەیدا دەبێت تا لە میێردمنداڵ و ئافرەتان جیابکرێتەوە، ئەمە جگە لەو جوانییەی پێی دەبەخشێت، ئەگەر ئافرەتیش بێت ڕوخساری بێ موو دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش بێت، ئەمە بۆ مانەوەی وەچە پێویستە.

---

[1] لەم بارەیەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ ﴾ النحل: ٧٨. واتە خوای بەرز و مەزن لە سکی دایکتان، دوای ماوەیەك هەڵگرتنی لە سکیدا، ئێوەی دەرهێناوە، کە نازانن لە دەورووبەرتان چی هەیە، هۆیەکانی هەست کردن، لە بیستن و بینین و دڵی بۆ دروست کردون، تا لەسەر ئەم ناز و نیعمەتانە، سوپاسی خوای بەرز و مەزن بکەن و، تەنها ئەو بپەرستن.

ئێستا بیر لەوە بکەرەوە کە باسمان کرد، چۆن پەروەردگار لەهەموو ئەو بارودۆخە جیاوازانەدا مرۆڤی پشتگوێ نەخستووە، چۆن دەکرێ دواتر پشتگوێی بخات؟ ئەی نابینیت ئەگەر لەنێو منداڵداندا خوێن و خۆراکی بۆ نەڕوات چی بەسەر دێت؟ هاوشێوەی ڕووەك وشك دەبێت، کە ئاوی لێدەبڕێت؟ ئەی ئەگەر ژانەکانی بەر لە منداڵبوون نەبوونایە؟ بەمانەوەی خۆی و دایکیشی دەفەوتاند. ئەگەر لەدوای لەدایکبوونی شیر نەکەوتایەتە مەمکی دایکی؟ لەبرسان و لە تینوێتیا دەمرد. ئەگەر ددانی بۆ بەدینەهێنایە؟ نەیدەتوانی خۆراك بجوێت و تووشی گرفت دەبوو. ئەگەر مووی بۆ بەدینەهاتایە هاوشێوەی میێردمنداڵ و ئافرەت دەمایەوە، ئەمە جگە لەوەی هۆکارێکی ڕێز و شکۆیە.

کێیە هەر لەو ساتەوەی دڵۆپە ئاوێکی بێنرخە و هیچ ناسناوێکی نییە[1] تا دەگاتە لوتکەی هێز و توانا گرنگی بە مرۆڤ داوە و هەموو ئەو نیعمەتانەی پێبەخشیوە؟ پاکی و بێگەردی بۆ تۆ پەروەردگارم.

---

[1] پەروەردگار فەرمووێتی: ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ۝١ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ۝٢ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣ ﴾ الإنسان: ١ – ٣.

واتە: نادەمیزاد کاتێکی دوور و درێژی بەسەر دا ڕۆیشتووە، بەر لەوەی گیانی پێدا بکرێ، هیچ شتێ نەبووە، کە باس بکرێ و، شوێنەوارێکیشی نەبووە، کە بناسرێ. ئێمە نادەمیزادمان لە تنۆکێکی تێکەڵی ئاوی پیاو و ئاوی ژن بەدیهێناوە، کە دوایی بە نەرکە شەرعیەکان تاقی دەکەینەوە، جا لە پێناو ئەمەدا وامان لێکردوە خاوەن گوێ و خاوەن چاو بێت، تا ئایەت و بەڵگەکان ببیستێ و، بەڵگەکان ببینێ. ئێمە، ڕێگای ڕاست و هیدایەت و گومڕایی و خێر و چاکە و خراپە و شەڕمان، بۆی ڕون کردۆتەوە و ئاشنامان کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە بڕوادارێکی سوپاس گوزار، یان بێ بڕوایەکی سپڵە و نکوڵی کەر.

سەرنجی ئارەزووی جووتبوون بدە، کە هۆکاری مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتییە. پاشان سەرنجی ئەندامی زاوزێ بدە، جوولّە و دەرچوونی سپێرم، چەند حیکمەتی لەخۆگرتووە. پاشان سەرنجی تەواوی ئەندامەکانی لەش بدە و بڕوانە چۆن هەر ئەندامێك و ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات؛ چاوەکان بۆ بینین، دەستەکان بۆ چارەسەر و سڕینەوە و پاڵدان، قاچەکان بۆ ڕۆیشتن، گەدە بۆ هەرسکردن، جگەر بۆ پاڵفتەکردن و جیاکردنەوە، دەم بۆ قسەکردن و خواردن، کۆم بۆ دەردانی پاشەڕۆ، بەم شێوەیە سەرنجی هەر ئەندامێکی لەش بدەیت دەبینیت ئامانج و حیکمەت و دروستییەکی لەپشتەوەیە.

سەرنجی چۆنیەتی گەیشتنی خۆراك بۆ گەدە بدە، چۆن هەرسی دەکات و پوختەی خۆراکەکە دەنێرێتە جگەر و ئەویش پاڵفتەی دەکات، بۆ ئەوەی پارچەی گەورە و ڕەق نەگاتە جگەر، چونکە ئەندامێکی ناسکە و بەرگە ناگرێت. دواتر جگەر دەیگۆڕێت بۆ خوێن و دەینێرێت بۆ بەشەکانی تری لەش، هەر ئەندامێك ئەوەی پێویستییەتی لە خواردنەکەدا پێی دەگات: ﴿... فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾﴾ غافر: ٦٤. واتە: پاکی و بێگەردی بۆ خودا لەو شتانەی کە لایەق بەو نیە، ئەو پەروەردگاری هەموو بەدیهێنراوەکانە.

پاشان پیسییەکان و پاشەڕۆیەکان بەنێو ڕیخۆڵەکاندا دەڕۆن و لەڕێی دەرچەی تایبەتەوە فڕێ دەدرێنە دەرەوە.

بەباشی سەیری لەش بکە، هیچ شتێکی تێدایە زیادە و بێ سوود بێت؟ ئەگەر چاو نەبوایە ڕەنگەکان چ سوودێکیان دەبوو؟ ئەگەر گوێ نەبوایە دەنگەکان چ سوودێکیان دەبوو؟ هەموو هەست و ئەندامەکان بەهەمان شێوە.

بیر لەو شتانە بکەرەوە لەنێوان هەست و هەستەوەرەکاندا دانـدراون و بەهۆیانەوە نەبێت هەستکردن ڕووناداتی، لەوانە: ڕووناکی و هەوا، ڕووناکی نەبوایە چاو نەیدەتوانی شتەکان ببینێت. هەوا نەبوایە دەنگ نەدەگەیشتە گوێیەکان و بیستن ڕووینەدەدا.

بیر لەو کەسانە بکەرەوە کە بینایی و بیستنیان لەدەستداوە، کەسی نابینا نابینێت؛ پێ لەکوێ دەنێت، چی لەبەردەمدایە، ڕەنگەکان لەیەك جیاناکاتەوە، هەست بەوە ناکات کە هێرشی دەکرێتە سەر، توانای فێرووونی زۆربەی پیشەکانی نییە. کەسی نابیست توانای گفتوگۆی نییە، چێژ لە دەنگە خۆشەکان و ئاوازە جوانەکان وەرناگرێت، هەواڵ و قسەی خەڵك نابیستێت، دەبینێت و بوونی هەیە بەڵام وەك نەبوو وایە، مردوویەکی زیندووە. ئەوەی عەقڵیشی نییە لە هەندێك لە ئاژەڵانیش نەفام و بێ دەسەڵاتترە.

بڕوانە، چۆن ئەو ئەندامانە بەدیهاتوون، کە ژیانی مرۆڤ بەندە پێیانەوە، هەر یەکێك لەو ئەندامانە لەدەست بدات ژیانی تێکدەچێت. کاتێك مرۆڤێك یەکێك لەو ئەندامانە لەدەستدەدات، بەمەبەستی تەمبێکردن و بیرخستنەوەی نیعمەتەکانە، ئەگەر ئارامبگرێت لە دواڕۆژدا خودا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە. سەیرکە لە بەخشین و وەرگرتنەوەدا ڕەحمەتی خودا هەر بوونی هەیە.

پاشان بیر لەو ئەندامانە بکەرەوە کە بەتاك و جووت بەدیهاتوون، سەر تاکە بەڵام چەندین ئەندام و هەستەوەری لەخۆگرتووە، بەڵام ئەوانیش دوو بەشن، کاتێك بەشێکیان کار دەکەن ئەوانی تر دەوەستن، کاتێکیش بەشەکەی تر کاردەکەن ئەوانی تر دەوەستن.

دەستەکان جووتن، کاتێك مرۆڤ دەستێکی لەدەستدەدات پەکی دەکەوێت و

ناتوانێت کارەکانی بەتەواوەتی ئەنجام بدات و وەک خاوەنی دوو دەست نییە. حیکمەتی دوو قاچیش ڕوون و ئاشکرایە.

سەرنجی بەدیهاتنی شوێنی دەرچوونی دەنگ بدە، قوڕگ هاوشێوەی بۆڕییەکە بۆ دەرچوونی دەنگ؛ زمان و دوو لێو و ددانەکانیش بۆ دارشتنی پیتەکان. نەتدیوە کاتێک کەسێک ددانەکانی کەوتووە قسەکانی ناتەواون؟

زمان جگە لە دارشتنی پیتەکان بۆ وەرگێڕانی خۆراک و جوین پێویستە. ددانەکانیش جگە لە دارشتنی پیتەکان ڕاگری لێوەکانن.

لێوەکانیش جگە لە دارشتنی پیتەکان ئامرازی فڕکردنی شلەکانن و بەربەستێکن لەبەردەم چوونە ژوورەوەی شتی زیانبەخش و نەخوازراو و دەرگای دەمن.

ئێستا بۆت دەرکەوت، کە هەر ئەندامێک لە ئەندامەکان کار و فرمانی خۆی هەیە و بۆ بەرژەوەندییەک لەگەڕدایە، ئەگەر زیاتر بێت یان کەمتر تێکەچێت، ئەمەش ئەندازەگیریی و دارشتنی بەدیهێنەری بەرز و زانایە.

بیر لە میشک بکەرەوە، کە سەیری دەکەیت پێچاوپێچێکە کەوتۆتە سەر یەک، بە کاسەی سەر داپۆشراوە، پرچیش داپۆشەر و جوانییە و ساردی و گەرمیی و شتەکانی تری لێ دوور دەخاتەوە، پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگار، چۆن میشکی وەک قەڵایەکی پارێزراو بەدیهێناوە، ئەمەش بەهۆی گرنگییەکەیەوە، بەو پێیەی کانگای هەستکردنە.

پاشان بڕوانە چۆن دڵی لەنێو سینگدا داناوە و بە قەڵغانێک پاراستوویەتی، کە بریتییە لە پەراسووەکان و گۆشت و دەمارەکان، ئەمەش بەهۆی پێگە بەرزەکەیەوە.

سەرنجی قوڕگ بدە چۆن دوو دەرچەی بۆ داناوە، یەکێکیان بۆ دەنگ و ئەوی تریان بۆ خۆراك. لە گەروودا زمانە بچکۆلە هەیە کە کارەکان ڕێکدەخات. سەیری سییەکان بکە، فێنککەرەوەی دڵ و دەروونن، بەبێ هیچ ئاستەنگێگ هەناسە وەردەگرن و هەواش بۆ ئەم چالاکییە بەردەستە.

پاشان سەرنجی دەرچەکانی میز و پیسایی بدە، چۆن جڵەوەکەی لەدەستی مرۆڤ خۆیدایە و لەکاتی پێویستدا دەریاندەدات، خۆ ئەگەر بەردەوام بوایە ژیانی لە مرۆڤ تێکدەدا.

پاشان بڕوانە چۆن پەروەردگار وایکردووە گۆشتی سمت زیاتر و چڕتر بێت، بۆ ئەوەی لەکاتی دانیشتندا ئازار بە مرۆڤ نەگەیەنێت و ببێتە بەربەستێك لەنێوان زەوی و لەشیدا.

سەرنجی ئەندامی نێرینە بدە، ئەگەر بەردەوام خاو بوایە چۆن سپێرم دەگەیشتە شوێنی بەدیهاتن؟ ئەگەر بەردەوام ڕەق بوایە چۆن مرۆڤ دەیتوانی ژیان بکات؟ پەروەردگار بەشێوەیەك بەدیهێناوە وەك ئەوەی بەهیچ جۆرێك ئارەزووی نەبێت.

ئایا کاتێك تواڵێت دروستدەکەین لەشوێنێکی نەدیودا دروستی ناکەین؟ هەر بۆیە دەرچەکانی دەردانی پاشەڕۆش لە نەدیوترین شوێنەکانی جەستەدان، گۆشتی ڕانەکان ئەندامەکەیان شاردۆتەوە، ئەمەش تایبەتە بە مرۆڤ و ڕێزێکی تری پەروەردگارە، کە لە مرۆڤی ناوە.

سەرنجی قژ و نینۆکەکان بدە، درێژ دەبن و کورتکردنیان بۆ بەرژەوەندییە. پەروەردگار وایکردووە هەستەوەریان تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەکاتی بڕینیاندا ئازار نەچێژێت. ئەگەر بەم شێوەیە نەبوونایە، مرۆڤ دەکەوتە نێو

دوو بژاردەوە: یان وەك خۆیان لێیان بگەڕێت، کە شێوەی دەشێوێنن. یان یەکجاری لایان بەرێت، بەمەش بێبەش دەبێت لە سوودیان و زیان لەخۆی دەدات. پاشان بڕوانە، ئەگەر موو لەنێو چاو بهاتایە مرۆڤ کوێر دەبوو، ئەگەر لەنێو دەم بهاتایە لە تام و چێژی خواردن و خواردنەوە بێبەش دەبوو، ئەگەر لە لەپی دەست بهاتایە چێژی دەستلێدان و توانای هەندێك کاری لەدەست دەدا. ئەگەر لە دامێن بهاتایە چێژی جووتبوونی لەدەست دەدا... پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری کاربەجێ.

سەیرکە چۆن پەروەردگار رێنموونی بوونەوەری کردووە بۆ ڕێگای ڕاست و دووربوون لە هەڵە و زیان، سرووشتی مرۆڤ بەجۆرێکە بۆ ئارەزوو و پێویستییەکانی دەجوولێت؛ برسیەتی و تینوێتی پێویستییان بە خواردن و خواردنەوەیە بۆ مانەوە لە ژیاندا. خەوتن مایەی ئاسوودەیی و حەسانەوەی هەستە و گێڕانەوەی هێز و توانایە. ئارەزوو پێویستی بە جووتبوونە و هۆکاری مانەوەی ڕەچەڵەکە.

ئەگەر مرۆڤ تەنیا بۆ پێویستی خواردنی بخواردایە و چێژی لێ وەرنەگرتایە، ئەوا تەنیا بەشی پێویستی خۆی دەیخوارد و بەمەش لەشی لاواز و داهێزراو دەبوو. وەك چۆن پێویستی بە دەرمان هەیە، لەلای بێزراوە بەڵام بەرژەوەندی تێدایە، ئەگەر نەیخوات نەخۆشدەکەوێت یان دەمرێت.

بەهەمان شێوە، ئەگەر بەئارەزووی خۆی خەوی بخستایەتە جەستەیەوە، ئەوا بە هەندێك کارەوە خەریك دەبوو و جەستەی خۆی وێران دەکرد. هەروەها ئەگەر تەنیا بە ئامانجی منداڵ خستنەوە جووت ببوایە، ئەوا بەهۆی سەرقاڵی و چەندین ڕێگرەوە لێی دوور دەکەوتەوە و ڕەچەڵەکی مرۆڤ بەرەو لەناوچوون دەچوو.. سەیرکە چۆن پەروەردگار چەندین هۆکاری لە سرووشتی

مرۆڤدا داناوە، کە بەپیر بەدەستهێنانی ئەو سوودانەوە بڕوات.

پاشان سەیرکە ئەو هێزانە چۆن ڕێکخراون، جەستە هاوشێوەی کۆشکی پاشایەکە، خزمەتکاری هەیە و بۆ هەر کارێك کەسێك ڕاسپێردراوە. یەکێکیان بۆ بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی خزمەتکارەکان و هێنانی ئاو بۆیان، یەکێکی تر بۆ فڕێدانی خاشاك و پیسی. لەم نموونەیەدا پەروەردگار پاشایەکەیە، کۆشکەکە لەشی مرۆڤە، خزمەتکارەکان ئەندامەکانی لەشن.

سەرنجت داوە، ئەگەر تەنیا توانای هەڵگرتنی زانیارییەکان لە مرۆڤدا نەبوایە چی بەسەر دەهات؟ ئەوسا نەیدەزانی چ ئەرکێکی هەیە و چ مافێکی لەسەرە، چی وەرگرتووە و چی بەخشیوە، چی هێناوە و چی بردووە، چی بینیوە و چی بیستووە، چی گوتووە و چی پێگوتراوە. نەیدەزانی بەڕێگای مەبەستدا بڕوات، نەیدەتوانی فێری زانستێك ببێت، نەیدەتوانی پەند لە ڕابردوو وەربگرێت.

سەرنجی ئەو بەخششانە بدە، چ بە تاك چ هەموویان پێکەوە بەخششێکی سەرسوڕهێنەرن.

بەخششێکی تری خودایی لەبیرکردنە، لەبیرکردن نەبوایە مرۆڤ هەرگیز دوای کارەساتەکان سەبووری نەدەهات، حەسرەتی لە دڵ دەرنەدەچوو، رقی لەیاد نەدەکرد، چیژی لە هیچ ئارەزوویێکی دنیایی وەرنەدەگرت.

بڕوانە پەروەردگار چۆن لە یاد هەڵگرتن و لەیادکردنی پێکەوە لە مرۆڤدا بەدیهێناوە، کە هەر یەکێکیان چەندین سوودیان هەیە.

پاشان بڕوانە چۆن جیاواز لە بوونەوەرانی تر مرۆڤی تایبەت کردووە بە شەرم و ئابڕوو، کە ئەو نەبێت کاروبارەکان بەئاکام ناگەن، ڕێز لە میوان

ناگیرێت، جوانییەکان بەر ناگرن تا مرۆڤ ئەنجامیان بدات، ناشیرینییەکان دەرناکەون تا مرۆڤ لێیان دووربکەوێتەوە. تەنانەت هەندێك لە فەرز و واجبەکانیش بەهۆی شەرمکردن لە خەڵکەوە نەبێت ئەنجام نادرێت، بەهۆیەوە ئەسپاردەکان دەگێڕدرێنەوە، واز لە خراپەکان دەهێنرێت و چەندین ناپەسەندی و بەدکاریی تر بەهۆی شەرم و ئابڕووەوە وازیان لێدەهێنرێت.

بڕوانە ئەو بەخششە خودایییەی خودا بەهۆیەوە مرۆڤی لە ئاژەڵ جیاکردۆتەوە، کە بریتییە لە قسەکردن، کە بەهۆیەوە گوزارشت لە هەست و بیرۆکەکانی دەکات و کەسانی تر تێدەگەیەنێت. هەروەها بەخششی نووسین، کە بەهۆیەوە هەواڵ و زانیاری نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، بەهۆیەوە زانست و وێژە لەنێو کتێبەکاندا بەنەمریی دەمێننەوە، بەهۆیەوە گرێبەستەکانی کڕین و فرۆشتن تۆمار دەکرێن. نووسین نەبوایە هەواڵی هەندێك سەردەم بۆ هەندێك سەردەمی تر نەدەگوازرایەوە، زانستەکان نەدەخوێندران، ئاکار و ڕەوشتە جوانەکان زایە دەبوون. ڕەنگە بڵێیت: قسەکردن و نووسین توانای بەدەستهاتووە، هەر بۆیە جۆری خەتەکان جیاوازن، لەنێوان عەرەبی و هیندی و ڕۆمانی و هی تر، بەهەمان شێوە قسەکردن. دەڵێین: ئەوەی نووسینی پێدەکرێت؛ دەست و پەنجەکان و میشك و هزر لەدەست مرۆڤدانین، بەخششی خودایین، ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە هەرگیز مرۆڤ نەیدەتوانی بنووسێت. قسەکردنیش بەهەمان شێوە، ئەگەر زمان و دەربڕین نەبوونایە، هزر نەبوایە کە قسەکان دادەڕێژێت، ئەوا هەرگیز مرۆڤ نەیدەتوانی قسەبکات، پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری بەخشەری ئەو نیعمەتانە.

پاشان بڕوانە حیکمەتی تووڕەیی، کە بەهۆیەوە مرۆڤ شتە زیانبەخشەکان

دووردەخـاتەوە. هەروەهـا ئیرەیـی بـردن، کە بەهـۆیەوە مـرۆڤ هەوڵ بـۆ بەدەسـتهێنانی شـتە باشـەکان دەدات، ئەگەرچـی مـرۆڤ فەرمـانی پێکـراوە لەهەردوو کردارەکەدا میانڕەو بێت، ئەگەر لەهەر کامێکیاندا سنوور ببەزێنێت دەچێتە ڕیزی شەیتانەکان، لەسەر مرۆڤ پێویستە تەنیا بۆ لادانی زیان تووڕە ببێت. هەروەها تەنیا بۆ پەرۆشیی ئیرەیی ببات، کە بریتییە لە ویستنی شتێك بێئەوەی کەسی بەرامبەر لێی بێبەش بێت.

سـەرنج بـدە ئەو بەخششـانەی خـودا بەخشـیونیەتی و ئەوانەیـش کە لێـی گرتـووینەتەوە، هەمـوویـان بەرژەوەنـدی و سـوود و حیکمەتێکیـان لەپشـتەوەیە، لەوانە ئومێد، کە بەهۆیەوە دنیا ئاوەدان دەکرێتەوە و ڕەچەڵەك بەردەوام دەبێت، تـا لاوازەکـان دەسـتکەوتە بەدەسـتهاتووەکان لە بەهێزەکـانەوە بە میـرات دەگـرن. مـرۆڤ کە سـەرەتا لەدایـك دەبێـت لاوازە، ئەگەر شـوێنەوار و دەسـتکەوتی کەسـانی پێش خۆی نەبینێت، یـان ئامرازێك نەبێت بەکـاری بێنێت ناتوانێت ژیان پێش بخات و دنیا ئاوەدان بکاتەوە.

هەروەهـا پەروەردگـار مرۆڤـی لە زانینـی ئەجەل بێـبەش کـردووە، ئەمەش سـوود و بەرژەوەنـدی مرۆڤـی تێدایە، چـونکە ئەگەر مـرۆڤ مـاوەی ژیـانی خۆی بزانیایە، کورت بـوایە چێژی لـێ وەرنەدەگـرت و وەچەی نەدەخسـتەوە و زەوی ئـاوەدان نەدەکـردەوە. ئەگەر درێـژ بـوایە، لە ئارەزووەکانـدا نـوقم دەبـوو و سـنووورەکانی دابەزانـد و وەهـا لەدەسـت دەردەچـوو بە ئامۆژگاریکـار و ڕێنموونیکارانیش جڵەوگیر نەدەکرا، بەمەش ژیانی خۆی دەفەوتاند..هەر بۆیە نەزانینـی مـاوەی تەمەن هۆکـارێکە بـۆ ترسـان لە مردنـی لەناکـاو و دەستپێشخەریکردن بۆ کارە چاکەکان بەر لە مردن.

پاشـان بـڕوانە خـۆراك و میـوە جۆراوجۆرەکـان، کە سـوودێکی زۆریـان بـۆ

مرۆڤ هەیە. بڕوانە باڵندەکان مرۆڤ چێژ لە بینین و دەنگیان دەبینێت، بڕوانە ئەو پارە و خشڵەی بەدەستی دەهێنێت و بەهۆیەوە دەگاتە ئامانجەکەی و ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت. بڕوانە ئەو دەرمانانەی مرۆڤ بۆ چارەسەر بەکاریان دەهێنێت و بەهۆیانەوە پارێزگاری لە تەندروستییەکەی دەکات. سەرنجی ئەو ئاژەڵانە بدە کە خۆراکن بۆ مرۆڤ و ئەوانەشی کە یاریدەدەرین بۆ کێڵان و گواستنەوە. سەیری گوڵەکان بکە چ بۆن و بەرامەیەکی ئاسوودە بەخشیان هەیە. بڕوانە جل و بەرگە جیاوازەکان... هەموو ئەمانە بەرهەمی عەقڵ و تێگەیشتنن، ئینجا سەرنج بدە خودا چ بەخششێکی پێبەخشیوین.

مرۆڤ دەستەوەستانە لە ژماردنی بەخششەکانی پەروەردگار، کە جیهانی پێ ئاوەدان کردۆتەوە، کە جگە لە خودا هیچ کەسێك ناتوانێت سنوور و ژمارە و حەقیقەتیان بزانێت، پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگار، کە ئاگاداری هەموو شتێکە.

***

کۆتایی ئەم باسە: ڕێزی مرۆڤ

بزانە، کە پەروەردگار ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، فەرموویەتی: ﴿۞ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠﴾ الإسراء: ٧٠.

واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە، بە بەخشینی عەقڵ و ناردنی پێغەمبەران، ئەوەی لە بونەوەریشدایە، هەموویانمان بۆ دەستەمۆ و ڕام و ژێربار کردووە، گیانەوەرانیشمان لە وشکانیی و، کەشتیمان لە دەریا بۆ هەڵگرتنیان ژێربار و دەستەمۆ کردووە، خواردن و خواردنەوەی خۆش و پاکمان پێ بەخشیون، ڕێزی ئەوانمان زۆر داوە بەسەر مەخلوق و بەدیهێنراوەکانی تردە. گەورەترین و ڕێزیش بریتییە لە ئاوەز (عەقڵ)، کە بەهۆیەوە مرۆڤ پەی بە ڕاز و نیازی جوانییەکان برد، بەهۆیەوە بەجیهانی فریشتەکانی گەیاند، تا توانی لەڕێیەوە پەروەردگار و بەدیهێنەرەکەی بناسێت، ئەمەش لەڕێی سەرنجدان لە بوونەوەرەکانی و بینینی سیفەتەکانی پەروەردگار تیایاندا. پەروەردگار چەندین حیکمەت و ڕازی دەروونی لە مرۆڤدا داناوە، لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَفِيٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ٢١﴾ الذاريات: ٢١.

واتە: لە بەدیهێنان و دروستکردنی خۆتاندا، چەند بەڵگەیەك هەیە لەسەر

توانا و دەسەڵاتی خودا، هەروا چەند پەند و عیبرەتێك هەیە، کە تاك و تەنیایی خوای بەدیهێنەرتان پیشان دەدات، هەروا کەوا جگە لە خودا، کەسی دیکە شایەنی پەرستن نیە، ئەوە ئێوە لێی بێ ئاگان ، ئەوە ئەو توانا و دەسەڵاتەی خوا نابینن، کە پەندی لێ وەربگرن؟

سەرنجدانی مرۆڤ لە دەروونەکەی و ڕاز و نهێنییەکانی و حیکمەتی خودا تێیدا، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر بوونی بەدیهێنەر و بەڕێوەبەر و ڕێکخەر و ئافرێنەرەکەی. سەرنجی عەقڵ بدە، چەند سەرنجڕاکێشە، چ موعجیزەیەکی مەزنە، چۆن کانگای بیرکردنەوە و هونەر و زانست و زانیاری و داناییە، هۆکاری جیاکردنەوەی سوودبەخشە لە زیانبەخش. سەرەڕای بوونی دڵنیا و بێگومانی، کەچی نەدەیبینین نە گوێمان لێدەبێت، نە هەستی پێدەکەین، نە بۆنی دەکەین، نە وێنە و چێژی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا فەرمانکەر و خاوەن دەسەڵاتە، بیرکەرەوە و بینەری شتە پەنهانەکانە، ئەوەی چاوەکان نایبینن ئەو دەیانبینێت، باوەڕ بەوە دەهێنێت کە پەروەردگار لەنێوان ئاسمانەکان و زەویدا بە پەنهانی هێشتوویەتییەوە. بینایی عەقڵ لە بینایی چاو ڕوونترە، چونکە شوێنی دانایی و کانگای زانستە، هەرچەند زانستی زیاتر بێت فراوانتر و بەهێزتر دەبێت. فەرمان بە ئەندامەکانی لەش دەکات، فەرمانەکانی ئەوەندە خێرا جێبەجێ دەکرێت، کە نازانی بیرکردنەوە لە فەرمانەکە پێشتر بووە یان ئەنجامدانی فەرمانەکە، ئەگەرچی بیرکردنەوەکە پێشترە.

سەرەڕای ڕێکخراویی و زانست و داناییەکەی هێشتا بێتوانایە لە ناسینی خۆی، بەو پێیەی ناتوانێت وەسفی خۆی بکات یان خۆی بنوێنێت، جگە لەوەی بچێتە ژێر باری ئەوەی بەدیهێنەرەکەی وەسفی کردووە. سەرەڕای

نەناسینی خۆی، کەچی زانا و دانایە و جیاکەرەوەی نێوان شتە وردەکانە، داڕێژەری بیرۆکەی کردارەکانە، بەڵام بێئاگایە لە سەرەنجامەکان.

ئەم نەزانییەی عەقڵ بەرامبەر بە ناسینی خودی خۆی و زانایی بەرامبەر بەو بیرۆکانەی دایاندەڕێژێت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بوونێکی دوو سەرەی هەیە، چونکە سەرەڕای ڕۆشنی بینایییەکەی بێتوانا و نابینایە، دەیەوێت شتێکی بیربمێنێت لەبیری دەکات، دەیەوێت شتێك لەبیری بکات بیری دەمێنێت. دەیەوێت دڵخۆش بێت خەمبار دەبێت، دەیەوێت بێئاگا بێت هۆشیار دەبێت، دەیەوێت هۆشیار بێت بێئاگا دەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕامکراوە و خاوەن دەسەڵات نییە و نەزانە لەهەمبەر ئەو حەقیقەتانەی دەیانزانێت. سەرەڕای بەهێزییەکەی هێشتا نازانێت دەنگ چۆن دەردەچێت و چەند بڕ دەکات یاخود چۆن پیتەکان ڕیز دەبن.١ هەروەها ئەندازەی بڕکردنی بینین و چۆنیەتی ڕێکخراویی ڕووناکییەکەی و هەستکردن بە کەس و تەنەکان و ئەندازەی هێز و توانای نازانێت. بەڵام سەرەڕای ئەوە کانگای هێز و توانا و بیرکردنەوەی مرۆڤە و بەهۆی موعجیزەیی بەدیهاتنییەوە بۆتە بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر بەدیهێنەرێکی بەتوانای زانا.

پەروەردگار ئاڕەزووی لە مرۆڤدا بەدیهێناوە، کە یەکانگیرە لەگەڵ سرووشتەکەیدا، ئەگەر کار بە ڕووناکی عەقڵ بکات، سەرفراز دەبێت و بەهەشتی ڕێزدار بەدەستدەهێنێت، بەڵام ئەگەر کار بە ئاڕەزووی بکات لە زانینی زۆر پرس بێبەش دەبێت و پێشبینیش دەکرێت لە دواڕۆژدا سزا و

بێبەشبوون[1] سەرەنجامی بێت.

ئەو (عەقڵ) ئامرازی پیشەکانە، هۆکاری ئەندازەگیریی و داڕشتنە، هۆکاری ناسینی ڕەوشتە بەرزەکانی هەر گەل و سەردەمێکە، هۆکاری بەباشدانانی گوفتار و کرداری مرۆڤە مەزن و بیرمەندەکانە، هۆکاری ناساندنی گوفتار و کرداره خراپەکانە.

سەیرکە خودا بەهۆی عەقڵەوە چ ڕێزێکی داوەتە مرۆڤ، کە بەهۆیەوە هەرچی مەعریفەی بەسوودە بەدەستیهێناوە. بەهای دەفر لەوەدایە کە تێیدایە، جا لەبەرئەوەی دڵی بەندەکان شوێنی ناسینی خودایە بەهۆیەوە شەرەفمەند بووە.

بەهۆی زانیاری پێشوەختەی پەروەردگار و ویست و داناییەکەی دەربارەی سەرەنجامی بوونەوەر بۆ مالێکی تری جیاواز لە مالی دونیا، ئەو هێزەی بە عەقڵی مرۆڤ نەبەخشیوە بتوانێت حوکمەکانی ئەو مالەی تری بزانێت.

پەروەردگار ئەو نوورەی بەمرۆڤی بەخشیوە (نووری عەقڵ) بە نووری پەیام پڕشنگدارتری کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیامبەرانی ناردووە (سەلامی خودایان لەسەربێت) وەك مژدەدەر بۆ گوێڕایەڵان و ئاگادارکەرەوە بۆ یاخیبووان. هەروەها وەحیی بۆ ناردوون و بۆ وەرگرتن و ملکەچبوونی خۆی

---

[1] پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ المطففين: ١٥. واتە: بەڕاستی ئەوانە لەبەر ئەوەی زۆر گوناهو تاوان دەکەن، دڵیان پەردە پۆش بووە وداپۆشراوە لەوەی، کە بڕوا بە قورئان بکەن. نا، وا نیە وەك کافر و بێ بڕواکان گوتویانە، بەڵکو ئەوان لە ڕۆژی قیامەت دا، ناهێڵرێن پەروەردگاریان ببینن. لەم نایەتە دا بەڵگەی بینینی بڕواداران بۆ پەروەردگاریان لە بەهەشتی تێدایە!

ئامادەی کردوون، بەمەش تیشکی وەحی خودایی و ڕووناکی عەقڵ وەك خۆر و ئەستێرەکان ژیانی مرۆڤیان ڕووناك کردەوە و بەهۆیانەوە بەندەکان شارەزای ژیان و بەرژەوەندی دنیایان بوون و دواڕۆژیشیان مسۆگەر کرد، کە وەحیی نەبوایە نەیاندەتوانی پێی بگەن.

پەروەردگار بەڵگەی وەهای لەگەڵ پێغەمبەراندا ناردووە (سەلامی خودایان لەسەربێت)، کە مرۆڤ ناچار دەکات ملکەچی هەواڵ و پەیامە ڕاستەکەیان بێت، بەمەش نیعمەتی خودا بۆ بەندەکانی تەواو و کامڵ بوو و لەسەر مرۆڤەکان بوو بە بەڵگە.

سەیرکە مرۆڤ و ڕەچەڵەکەی چەند بەرز و بەڕێزە، کە گەورە پیاوانی وەك پێغەمبەرانی لێ پەیدا بووە. دوای ئەوەی ڕووناکی شەریعەتەکان کە هاوشێوەی خۆرە لەگەڵ ڕووناکی عەقڵ کە هاوشێوەی مانگە بەیەك گەیشتن، بەختەوەری بۆ مرۆڤی چاکەکار بەدیهات و بەدبەختیش بۆ خراپەکاران و دنیا وێستان[1].

---

[1] ئەم ئایەتە بخوێنەوە و بیری لێبکەرەوە: ﴿ فَأَعۡرِضۡ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكۡرِنَا وَلَمۡ يُرِدۡ إِلَّا ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ۝٢٩ ذَٰلِكَ مَبۡلَغُهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱهۡتَدَىٰ ۝٣٠ ﴾ النجم: ٢٩ – ٣٠. واتە: پشت بکە و ڕوو وەرگێرە لەو کەسە، کە پشتی لە زیکر و یادی ئێمەی کردوە، ئەو زیکرەش قورئانە، ئەو کەسە تەنها ژیانی دنیای دەوێ. جا ئەوەی ئەوان لەسەرین، ئەوە ئەوپەڕی زانستیان و مەبەستیانە، پەروەردگارت لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ، کێ لە ڕێگای ڕاست و ڕێنمایی لایداوە و، لە هەموان چاکتر دەزانێ کێ هیدایەتی وەرگرتوە و ڕێگای ئیسلامی گرتوە .ئەمە ئینزار و هۆشداریەکی زۆر تونده بۆ سەرپێچیکەران و ئەوانەی پشت ←

پەروەردگار مرۆڤی تایبەت کردووە بە خەون بینین، بەهۆیەوە پەیامێکی پێدەگەیەنێت. هەروەها ئەوانەش بەخشش و ڕێزی خودایین بۆ مرۆڤ.

دەکەن لە کارکردن بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نەوانەی ئارەزوی نەفس و بەشی دنیا بەسەر قیامەت هەڵدەبژێرین.

باسی دەیەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی باڵندەدا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يَرَوْا إِلَى ٱلطَّيْرِ مُسَخَّرَٰتٍ فِى جَوِّ ٱلسَّمَآءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ ... ﴿٧٩﴾﴾ النحل: ٧٩.

واتە: ئەوە ئەو موشریك و هاوبەشپەرستانە، تەماشای باڵداریان نەکردوە، کە بە فەرمانی خودا لە هەوادا لەنێوان ئاسمان و زەویيدا، دەستەمۆ و ژێربار کراوە بۆ فڕین و دەفڕێ؟ کە هەر خودای بەرز و مەزن گرتویەتی کە نەکەوێ، ئەویش بە هۆی ئەوەیە، کە خودا باڵ و کلکی بۆ دروستکردووە، تا بتوانێ بفڕێ و خۆی بگرێ.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾﴾[1] الملك: ١٩.

واتە: ئەوە ئەم بێ بڕوایانە بێ ئاگایانە، تەماشای باڵندەی سەر سەریان نەکردووە، کە لە کاتی فڕینیدا، باڵەکانی دەکاتەوە و جاروباریش بەتەنیشتیەوە دەنوسێنێ؟ لە کاتی ئەم باڵ بە تەنیشتەوە نووساندنە و فڕیندا، تەنها خودای

(1) ئەم نایەتە لەلایەن لێکۆڵەری کتێبەکەوە زیادکراوە.

بەخشـــندە ڕای دەگـــرێ کە نەکەوێ، خـــودا، هەمـــوو شـــتێك دەبینـــێ و لە دروستکردنی خودادا کەم و کورتی و جیاوازی نابینی.

ڕەحمەتی خوات لێبێت بزانە: کە پەروەردگار باڵندەی بەدیهێناوە، بەجۆرێك حیکمەتەکەی وایکردووە سووك بێت و توانای فڕینی هەبێت، شتێکی وەهای تێدا بەدینەهێناوە لەشی قورس بکات.

هەر ئەنـــدامێکی بەپێـــی پێویســـتی بەدیهێنـــاوە، جـــگە لە دوو بـــاڵ دوو قاچیشـــی بـــۆ بەدیهێنـــاوە، بـــۆ ڕۆیشـــتن و یارمەتیـــدانی لەکـــاتی فڕینـــدا. قاچەکـــانی باڵنـــدە بەجـــۆرێکن کە ژێرەوەیـــان پـــانترە، بـــۆ ئەوەی لەســـەر زەوی جێگیر بن، پێستی قاچەکانی ئەستوورترە، بۆ ئەوەی بەبێ پەڕ و تـــووکیش لە گەرما و سەرمادا پارێزراوبێت. هەروەها حیکمەتی خودایی لەوەدایە کە باڵنـــدە بـــۆ بەدەســـتهێنانی ڕۆزیـــیەکەی دەچێـــتە ئەو شوێنانەشـــەوە کە قـــوڕ و لیـــتەن، ئەگەر قاچەکـــانی تـــووکن بوونـــایە بەهـــۆی تەڕبـــوون و پیســـبوونەوە زیـــانی بەردەکەوت، هەر بۆیە پەروەردگار تووکی لەو شوێنەدا دانەناوە و لەشوێنێکی تـــردا کە پێویســـتییەتی بـــۆ فـــڕین داینـــاوە. ئەو باڵنـــدانەیش کە قاچیـــان درێـــژە پەروەردگـــار ملـــی درێـــژی بـــۆ بەدیهێنـــاون، بـــۆئەوەی بەبـــێ ماندووبوون بتـــوانن خۆراك بەدەستبێنن، خۆ ئەگەر سەرەڕای قاچی درێژ یان ملیان کـــورت بـــوایە، ئەوا دەبوو بۆ خواردن لەسەر سینگیان بکەون، خۆ ئەگەر ملیشیان درێژبوایە و قاچیان کورت بوایە، هاوسەنگییان تێکدەچوو. بۆیە پەروەردگـــار بەهاوسەنگی نێوان قاچ و مل و دەنووك، باڵندەی بەجوانترین شێوە بەدیهێناوە.

پەروەردگـــار ســـینگی باڵندەی لەشـــێوەی نیوەگـــۆیی بەدیهێنـــاوە، بـــۆ ئەوەی بەئاسانی پڕ بێت لە هەوا. لێـــواری باڵەکانیشـــی لەشـــێوەی گـــۆیی بەدیهێنـــاوە، تا یارمەتیدەری بێت بـــۆ فـــڕین. هەر جـــۆرێکی باڵنـــدە دەنـــووکی گونجـــاوی بـــۆ

بەدیهێنراوە، کە بۆ خواردن و پارچەکردن و هەڵگرتنەوە و هەڵکەندن بشێت.

هەیانە دەنووکی کەڵبەییە وەک باڵندە گۆشتخۆرەکان. هەندێکی تریشیان دەنووکیان درێژ و ڕەقە، بەهۆی زۆری بەکارهێنانیەوە. دەنووک بۆ باڵندە شوێنگرەوەی ددانە لە ئاژەڵاندا.

پەروەردگار پەڕی باڵندەی بەشێوەیەکی بەهێز بەدیهێناوە، زلێکی گیرکراو لەنێو پێستدا، تا بەرگەی زۆری فڕین بگرێت. لەبەرئەوەی جووڵەی فڕین بەهێزە، پەڕەکانی بەهێز و پتەون، تا جگە لە فڕین لە سەرما و گەرماش بپارێزن.

پەڕی شوێنەکانی تری لەشی باڵندە پەڕی ناسایین، پارێزەر و ڕازێنەرەوەن، بەهۆی تەڕبوون و پیسییەوە تێکناچن، بەتەنیا خۆتەکاندنێك هەرچی پیسی و تەڕێتی هەیە لێیدەبێتەوە.

تەنیا یەك دەرچەی هەیە، کە شوێنی دەردانی پاشەڕۆ و زۆربوونیشە. پەڕەکانی کلکی یارمەتیدەرین بۆ هاوسەنگی لەکاتی فڕیندا، ئەوان نەبوونایە لەکاتی فڕیندا بە چەپ و ڕاستدا مەیلانی دەکرد. کلکی باڵندە هاوشێوەی کەشتیوانە، هاوسەنگییەکەی ڕادەگرێت.

لەبەرئەوەی باڵندە خۆراکەکەی بەبێ جوین قووتدەدات، هەندێکیان دەنووکێکی ڕەقیان هەیە و گۆشتی پێ دەبڕن. گەرمی هەناوی باڵندە خواردن دەهارێنت و قەرەبووی نەبوونی جوین و ددانەکانی بۆ دەکاتەوە..

پەروەردگار باڵندەی بەجۆرێك بەدیهێناوە کە لەبری بێچوو خستنەوە هێلکە بکات، بۆ ئەوەی لەکاتی فڕیندا لەشی قورس نەبێت. نابینیت چۆن پەروەردگار هەموو شتێکی بەدانایی و کاربەجێیی بەدیهێناوە؟!

بـڕوانە چـۆن ئیلهـامی کڕکەوتنـی پێبەخشـیوە. ئەی کـێ ئیلهـامی کۆکردنەوەی دانەوێڵەی پێبەخشیوە؟

پاشان سەرنج بدە چۆن بەرگەی ئەم ناڕەحەتییانە دەگرێت، لەکاتێکدا هیچ ئومێد و بیرێکی ئایندەیی بۆ بێچووەکانی نییە، بەو شێوەیەی مرۆڤ بۆ منـدالّەکانی هەیەتـی، کە شـکۆ و دەسـتکەوت و مـانەوەی نـاوەکەی بەزیندوویییە. ئایا ئەمە جگە لە ئیلهامی خودایی چی دیکەیە؟ بڕوانە چۆن زانیاری پێشوەختەی هەڵگرتنی هێلکەی بە مێیە بەخشیوە، کاتێك دەزانێت هـێلکەی هەڵگرتـووە دەڕوات پـووش کۆدەکـاتەوە و ڕاوکە دروستەکات، بەجۆرێك کە شێداریی و پووشەکە دەپارێزن.

سەرنجی کۆتر بدە، چۆن ئیلهامی ئەوەی پێدراوە کە بزانێت جوچکەکەی کاتی دەرچوونیەتی لە هێلکەکە تـا بیشکێنێت و جوچکەکەی بێنێتە دەرەوە؟ هێلکەیەکیش تێکچوویێت وازی لێبێنێت؟

پاشان بڕوانە ئەو ئیلهامەی خودا پێیداوە بۆ چۆنیەتی پێدانی خۆراك بە جوچکەکانی، لەسەرەتادا تەنیا بە پێدانی هەوا چیکڵدانەکەی دەکاتەوە، پاشان دوای نەرمکردنی خواردنەکە دەیخاتە دەمییەوە، بەم شێوەیە تا چیکڵدانەی پڕ دەبێت، خۆ ئەگەر بەبێ نەرمکـردن خـواردنەکەی پێبـدات ناتوانێت هەرسـی بکـات. لەوەش بـڕوانە کاتێك تـازە جوچکەکە لەهێلکەکە هـاتۆتە دەرەوە چـۆن دەیخـاتە ژێر بـاڵییەوە، بـۆ ئەوەی بەیەك جـار لەشـی سـارد نەبێتەوە و زیـانی بەرنەکەوێت.

هەنـدێك لە باڵنـدەکان لەسـەر شـێوەی جیـاواز بەدیهێنـراون، ئەمەش بـۆ حیکمەتێکـی تـر و بـۆ ئەوەی بزانرێت توانـای خـودا تەنیـا لەجۆرێکـدا نییە،

بەڵکو هەر بارودۆخێك حوکمی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە خزمەتیدایە. بۆ نموونە جووچکەی مریشك هەر کە لە هێلکە دێتە دەرەوە خۆی دەستدەکات بە خواردن.

سەرنجی نێرە و مێیەی کۆتر بدە، چۆن بەنۆرە لەسەر هێلکەکان دادەنیشن بۆ ئەوەی تێکنەچن، چ ئیلهامێکە بەدیهێنەر پێیانی بەخشیوە!

پاشان سەرنجی بەدیهاتنی هێلکە بدە، بزانە چ حیکمەتێکی تێدایە، زەردێنە و ئاوی ڕووناکی سپێنە، کە هەندێکی جەستەی جووچکەکەی لێ دروست دەبێت و ئەوەی تری دەبێتە خۆراکی تا دێتە دەرەوە، ئای پەروەردگارا ئەمە چ موعجیزەیەکە!

پاشان بیر لە چیکڵدانەی باڵندە بکەرەوە، چ ڕێکخراوییەك لە بەدیهاتنیدا هەیە. بۆڕی تێپەڕبوونی خۆراك بۆ سیقەتۆرە زۆر تەسکە، بەجۆرێك کە کەم کەمە نەبێت خۆراکی پێدا ناڕوات، بۆیە ئەگەر ڕاستەوخۆ خۆراکەکە بەرەو سیقەتۆرە بڕۆیشتایە نەیدەتوانی خێرا دانەوێڵە بخوات، بەڵام هەموو خۆراکەکە سەرەتا دەڕواتە چیکڵدانە، پاشان کەم کەمە دەڕواتە نێو سیقەتۆرەوە. هەروەها حیکمەتێکی تریشی تێدایە؛ ئەو باڵندانەی خۆراك بە جوچکەکانیان دەدەن، هێنانەوەی خۆراك لە نزیکەوە (واتە لە چیکڵدانە) ئاسانترە وەك لە سیقەتۆرەوە.

پاشان بڕوانە پەڕی باڵندە، دەبینیت هاوشێوەی جل چنراوە. ڕووی دەرەوەی وشکە تا بەدەوری خۆیەوە بلکێت و لەناوەوەشدا نەرمە کە نەشکێت... داو داو چنراوە و چۆتە پاڵ یەك. کاتێك دەکرێتەوە بەئەندازەیەکی کەم دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی فڕیندا بای بەهێز ڕێگری لە فڕینەکەی نەکات. لەناوەڕاستی

پەڕەکەشدا قەدێکی وشکی ئەستوور و بەهێز هەیە، کە تووکەکەی پێوە چنراوە، ئەگەر ئەو نەبوایە بەهۆی هەواوە پەڕەکە هەڵدەوەشا. ناوەوەی قەدەکە بۆشە، بۆ ئەوەی کاری فڕین ئاسان بکات.

سەیری باڵندە قاچ درێژەکان بکە، حیکمەت لە درێژی قاچەکانیاندا ئەوەیە، کە ئەو جۆرە باڵندانە زۆربەی نێچیرەکانیان لەئاودایە، چاودێری ئاو دەکات، کاتێك بینی نێچیرەکەی دەرکەوت، بەشێنەیی چەند هەنگاوێك دەنێت و بێئەوەی نێچیرەکەی هەستی پێبکات پەلاماری دەدات، ئەگەر قاچەکانی کورت بوونایە، سنگی دەگەیشتە ئاوەکە و ئاوەکەی دەشلەقاند و نێچیرەکە دەربازی دەبوو.

سەرنجی بولبول بدە، کە بەدرێژایی رۆژ بەدوای رۆزییەکەیەوە نییە، خودا وایکردووە رۆزییەکەی کۆنەبێت و بەردەوام بەدوایەوە بێت، خۆ ئەگەر بە کۆکراوەیی و بەئاسانی لەبەردەستی بوایە، زۆری لێ دەخوارد و پڕدەبوو، بەمەش لەشی قورس دەبوو و نەیدەتوانی دەری بدات، وەك چۆن باڵندەی گەورە دەیکات. ماسی دەخوات، کاتێك دەبینێت لەشی قورس بووە و دەڕشێتەوە و فڕێیدەداتەوە، مرۆڤەکانیش وان، هەرکات بێ ماندوبوون رۆزییان دەستکەوت ئەوەندە زیادەڕەوی تێدا دەکەن تا تووشی چەندین دەردیان دەکات.

بڕوانە ئەو جۆرە باڵندانەی تەنیا بەشەو دەردەچن، وەك کوندەپەپوو و شەمشەمەکوێرە، ژیانیان لەسەر خۆراکی نێو هەوایە، وەك مێشوولە و پەپوولە، حیکمەتی خودا ویستوویەتی خۆراکەکەیان لەهەوادا بێت، نزیکتر بێت لێیانەوە، چونکە لەسەر زەوییدا راوکردنی نێچیرەکان بۆ ئەوان کە ڕووناکی یاریدەدەریان نییە ئەستەم دەبێت.

سەرنجی شەمشەمەکوێرە بدە، پەڕی نییە، بەڵام خودا جێگرەوەی بۆ داناوە، هەروەها خودا دەم و ددان و هەموو ئەو شتانەی ئاژەڵە زەمینییەکان هەیانە، وەك زاوزێ و هی تری پێبەخشیوە، توانای فڕینیشی پێداوە، بەم شێوەیە پەروەردگار بۆی دەرخستووین، کە فڕین تەنیا بۆ باڵدارەکان نییە و تایبەت نییە بە جۆرێك، ئەوەتا جگە لە باڵندە شەمشەمەکوێرە و جۆرێك لە ماسی بەدیهێناوە کە دەتوانێت مەودایەك لەئاو بێتە دەرەوە و بفڕێت، پاکی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەری توانا.

بڕوانە نێرە و مێیەی کۆتر، چۆن لەماوەی کڕکەوتندا هاریکاری یەکتر دەکەن. کاتێك یەکێکیان برسی دەبێت، ئەوی تریان جێگای دەگرێتەوە و لەسەر هێلکەکان کڕ دەکەوێت، هەروەها توانای دواخستنی پاشەڕۆیان هەیە و دەتوانن هەمووی بەیەك جار دەربدەن.

پاشان سەیرکە چۆن نێرەی کۆتر، کاتێك دەزانێت مێیەکە هێلکەی پێیە، بە دەنووکی لێیدەدات و دەیخاتەوە نێو هێلانەکەی، نەوەك لە دەرەوەی هێلانەکە هێلکە دابنێت. بڕوانە چۆن نێرەکە خۆراك بۆ بێچووەکانی دەهێنێت، تا ئەو کاتەی پێویستییان بە گرنگیپێدان و خۆراك هەیە، کاتێکیش گەورە دەبن و دەتوانن خواردن بۆخۆیان دابین بکەن، ئەگەر لێی نزیك ببنەوە و داوای خۆراك بکەن، بە دەنووکی دووریان دەخاتەوە بۆ ئەوەی فێرببن پشت بەخۆیان ببەستن.

سەرنجی باڵندە گۆشتخۆرەکان بدە، پەروەردگار چ توانایەکی فڕینی پێبەخشیون، چ هێزێکیان لە چنگ و دەنووك و نینۆکەکاندا هەیە، وەك ئەوەی کێردێك بێت و گۆشتەکە ببڕێت، وەك ئەوەی قاچەکانی قولاپێك بن و نێچیرەکە بگرن.

پاشان سەرنجی باڵندە ئاوییەکان بدە، لەبەرئەوەی رۆزییان لە ئاودایە، چۆن پەروەردگار هێزی مەلەکردن و نقومبوونی پێبەخشیون.. بەم جۆرە پەروەردگار بەپێی سرووشت و پێویستییان هەر باڵندەیەك و بەجۆرێك بەدیهێناوە.

باسی یازدەیەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی ئاژەڵدا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ۝٥ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ۝٦ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ۝٧ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٨ ﴾ النحل: ٥ — ٨.

واتە: خەڵکینە! خودای مەزن، حوشتر و مانگا و بزن و مەڕ و ماڵاتی بۆ بەدیهێناوین و دڕووستی کردوون، کە لە خوری و تووکی ئەم ئاژەڵانە، وایکردوە، کە پێی گەرم ببنەوە، هەروا سودی تریشی لێ وەربگرن: لە شیرەکەی و پێستەیی و سواربوونی و هەروەها لێیشی دەخۆن. هەروا ئەم ئاژەڵانە مایەی جوانین بۆ ئێوە، کە دڵتان خۆشدەکەن، کاتێ ئێواران دەیانگەڕێننەوە شوێنی خۆیان و ئەو کاتەش کە بەیانیان بۆ لەوەڕگایان دەبەن. هەروەها ئەم ئاژەڵانە، کەلوپەل و باری قورستان بۆ شارێکی دوور هەڵدەگرن، کە ئەو بارو کەلوپەلە قورسە، زۆر بەزەحمەتو ماندوبونێکی زۆرەوە نەبێت، ناتوانن بیگەیەننە شوێنی مەبەست، بەڕاستی خودای پەروەردگارتان، درەنگ

و زوو، بە بەزەیی فراوانی خۆی ڕەحمتان پێدەکات و بەبەزەییە بۆتان، کەوا ئەوەی ئێوە پێویستتان پێیەتی، ئەو بۆی فەراهەم کردوون و بەردەستی کردووە، کەواتە سوپاس و ستایش هەر بۆ خودا. خودای مەزن، ئەسپ و ئێستر و کەری بۆ بەدیهێناون، تا سواریان ببن و ببێتە جوانی بۆ ئێوە و دیمەنێکی جوانی هەبێ، هەروا لە هۆیەکانی سواریی و شتی دیکە، هاوشێوەی واتان بۆ دروست دەکات، کە زانیاریتان دەربارەی نیە، تا ئیمانتان پێی زیاتر ببێتو سوپاسی بکەن.

خودا تۆ و ئێمەش سەرفراز بکات بزانە، کە پەروەردگار ئاژەڵانی بۆ سوودی مرۆڤ بەدیهێناون و یەکێکی تر لە بەخششەکانی پەروەردگار. سەیرکە چۆن گۆشتەکە لە دەوری ئێسکێکی بەهێز و دەماری بەهێز کۆبۆتەوە، چۆن یەکیان گرتووە و توند و تۆڵ بوون. نە ئەوەندە نەرم نە ئەوەندە ڕەق، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی سوودی لێببینرێت و بتوانرێت کاری پێبکرێت و بار هەڵبگرێت، هەروەها پەروەردگار بیسەر و بینای کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە ئامانجەکان، خۆ ئەگەر کوێر یان کەڕ بووایە مرۆڤ نەیدەتوانی بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێوەربگرێت.

ئاژەڵ عەقڵی پێنەدراوە، ئەمەش حیکمەتی خودایە، بۆ ئەوەی بۆ مرۆڤ ڕامی بکات و کارکردن ڕەتنەکاتەوە. خودا زانیویەتی کە خەڵك پێویستییان بە توانای ئاژەڵ هەیە و ناتوانن بەبێ ئەوان بەهەندێك کار هەڵبستن، خۆ ئەگەر مرۆڤ کاری ئاژەڵان بەخۆی بکات، ئەوا هیچ هێز و توانای نامێنێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی تری وەك پیشەسازییەکان و بەدەستهێنانی زانست و ئاکارەکان، بۆیە ڕامکردنی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ یەکێکە لە بەخششە گەورەکانی خودا.

سەرنجی بەدیهاتنی جۆرەکانی زیندەوەر بدە، چۆن هەر جۆرێکیان بەپێی بەرژەوەندییان تایبەتمەندییان پێدراوە: ئەوەتا مرۆڤ، چونکە پێویستی بە پیشەسازی و بەدەستهێنانی زانستەکان و بیناسازی و چنین و بازرگانی و هی تر هەیە، خودا عەقڵی پێبەخشیوە، دەست و پەنجەی بۆ داناوە، تا بتوانێت کار و پیشەکانی ئەنجام بدات.

گۆشتخۆرەکان، چونکە لەسەر ڕاوکردن دەژین، خودا چڕنووک و خێرایی و کەڵبەی پێبەخشیون.

ڕووەکخۆرەکان، چونکە خاوەن پیشە و ڕاوچی نین، خودا قاچی بەهێزی پێبەخشیون تا بتوانن بەدوای خواردندا بەزەویدا بگەڕێن.

سەیری ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان بکە، چۆن خودا ددانی تیژ و چڕنووکی بەهێز و دەمی فراوانی بۆ بەدیهێناون، کە بەهۆیانەوە ئەوەی دەیەوێت لەڕێی ڕاوکردنەوە بەدەستیان دەهێنێت.

ئەگەر گیانلەبەرە ڕووەکخۆرەکان چڕنۆک و کەڵبەیان هەبوایە، ئەوا شتێکیان دەبوو کە پێویستییان پێی نییە، چونکە ڕاو ناکات و گۆشت ناخوات. ئەگەر درندەکانیش سمیان هەبوایە، ئەوا لەشتێك بێبەش دەکران کە پێویستییان پێی هەیە ئەویش چەکی ڕاوکردنە. ببینە چۆن پەروەردگار بۆ هەر جۆرێك ئاژەڵ ئەوەی بەدیهێناوە کە بتوانێت ژیان و بەرژەوەندی خۆی دابین بکات.

سەیری بێچووی چوارپەلەکان بکە، دەبینیت بەتەنیا ڕێدەکەن و وەك مندالّی مرۆڤ پێویستییان بە پەروەردەکردن و هەڵگرتن نییە، چونکە دایکانیان خاوەن عەقڵ و زانست نین، نەرم و نیانی و هێزی هزر و دەست و

پەنجەی شیاویان نییە بۆ ئەم کارە، هەر بۆیە پەروەردگار وایکردووە پشت بە خۆیان ببەستن.

هەروەها جوچکەی هەندێك باڵندە، وەك مریشك ڕاستەوخۆ دوای هاتنە دەرەوەی لە هێلکە دەستدەکات بە دان خواردن. ئەوانەیشی کە لاواز و ناتەواون پەروەردگار وایکردووە دایکانیان سۆزیان بۆیان هەبێت و خواردن لە چیکڵدانۆچکەیاندا نەرم بکەن و بیخەنە دەمیان، تا ئەو کاتەی پێویستییان بە گرنگیدانە گرنگییان پێدەدەن. بەم شێوەیە پەروەردگار بەشێك لە میهرەبانی و دانایی بەهەموو شتێك بەخشیوە، پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری کاربەجێ.

بڕوانە پەلی ئاژەڵان، چۆن دوو دوو بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، ئەگەر تاك تاك بوایە نەیدەتوانی بڕوات، ئەوەتا ئاژەڵە ئاوییەکان نیوەی لەشیان دەبەنە پێشەوە ئینجا نیوەکەی تر، دوو پەلەکانیش پەلێکیان دەبەنە پێشەوە و خۆیان لەسەر ئەوەی تر ڕادەگرن، چوارپەلەکانیش دووانیان دەبەنە پێشەوە و خۆیان لەسەر دووانەکەی تر ڕادەگرن، ئەگەر دووپەلی یەك لای بردبایەتە پێشەوە و خۆی لەسەر دوو پەلەکەی تر رابگرتایە هاوشێوەی بێشکە جێگیر نەدەبوو، دەستەکانی بەرز بکردایەتەوە و دواتر قاچەکانی بجووڵاندایە لاسەنگ دەبوو، بۆیە پەلی ڕاستی لەپێشەوە دەباتە پێشەوە بەدوایدا پەلی چەپی دوواوەی، دوو پەلەکەی تریشی بۆ ڕاگرتنی لەشی بەکاردەهێنێت تا بە زەویدا نەکەوێت.

نەتدیوە چۆن گوێدرێژ ملکەچ کراوە بۆ بار و گێرەکردن، کەچی ئەسپ ڕەتیدەکاتەوە؟ وشتر کاتێك یاخی دەبێت بەچەند پیاوێك دەرەقەتی نایەن، کەچی بۆ منداڵێکی بچکۆلانە ملکەچ دەبێت؟ گای زەبەلاح و بەهێز ملکەچی خاوەنەکەی دەبێت نیری بخاتە مل و زەوی پێ بکێڵێت؟ ئەسپ

زین دەکرێت و شمشێر و ڕم و چەك و تفاقی لێ بار دەکرێت؟ ڕانە مەڕێك منداڵێك شوانەتی دەکات؟ خۆ ئەگەر پەرش و بڵاو ببن و هەر یەکێکیان بەلایەکدا بڕوات ئەستەمە جڵەوگیر بکرێن.

هەموو ئاژەڵە ڕامکراوەکان بەم جۆرەن، ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئاوەز و بیرکردنەوەیە. درندەکانیش ئەگەر خاوەن ویست و ئاوەز بوونایە مرۆڤیان قڕ دەکرد و بەهیچ جڵەوگیر نەدەکران، بەتایبەت لەکاتی برسییەتییاندا. نەتدیوە چۆن لە دوورەوەی ئاوەدانی دەژین و لەکاتی تاریکاییدا نەبێت بۆ خۆراکیش دانابەزن؟ ئەمە حیکمەتێکی تری پەروەردگارە، کە سەرەڕای بەهێزییان جۆرێك لە بێزیانی پێبەخشیون، وا نەبوایە ژیانیان لە مرۆڤ تاڵ دەکرد و بەهیچ جۆرێك ئاسوودە نەدەبوون.

سەرنجت نەداوەتە سەگ — کە یەکێکە لە کەڵبە دارەکان — چۆن پەروەردگار بۆ پاسەوانیکردنی ماڵی خاوەنەکەی ڕامیکردووە؟ خۆی فیدا دەکات، واز لە خەوتن دەهێنێت تەنیا بۆ ئەوەی هیچ زیانێك بەخاوەنەکەی نەگات. بەهێزی دەنگەکەی خاوەنەکەی بەئاگا دێنێتەوە بۆ ئەوەی مەترسییەکان لەسەر خۆی لابدات. پەروەردگار وایکردووە سەگ بەرگەی برسییەتی و تینوێتی و پشتگوێخستن و تێهەڵدان بگرێت، هەموو ئەمانەشی بۆ سوودی مرۆڤە، کە بۆ پاسەوانیی و ڕاوکردن بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەم ئەرکەش پەروەردگار کەڵبە و چڕنووکی بەهێزی پێبەخشیوە، ئەمە جگە لە عەواندنی بەهێز لەکاتی بوونی دزیی یان مەترسییەکدا.

پاشان سەیرکە چۆن پەروەردگار وایکردووە پشتی ئاژەڵە باربەرەکان پان بێت، بۆ ئەوەی بۆ سواریی و بارکردن بشێت، ئەگەر وەك مرۆڤ قیت بوایە نەدەتوانرا سوودی لێ ببینرێت. هەروەها ببینە چۆن ئەندامی زاوزێی لەدواوە

دیـار و بەدەرەوەیە، ئەگەر وەك مـرۆڤ لە خـوار سـکییەوە بـوایە نێـرەکە نەیـدەتوانی لەگەڵیـدا جـووت ببێـت. چ حـیکمەت و کـار بەجێـیەکە! کەچـی ئەنـدامی زاوزێـی فیـل لەژێـر سـکیەوەیە و لەکـاتی جووتبوونـدا بـۆ نێـرەی دەردەخات تا بتوانێت لەگەڵیدا جووت ببێت، ئەمەش بۆ بەردەوامبوونی زاوزێیە و جۆرێکی تر لە کاربەجێی خودایی.

پاشـان بـڕوانە چـۆن لەشـی ئـاژەڵان بە مـوو و خـووری داپۆشـراوە، کە لە گەرما و سەرما و کارتێکەرە دەرەکییەکانی تر دەپارێزێت، هەروەها پەلەکـانی سمیان هەیە کە لە هەڵێشان و ئاوسان دەیانپارێزێت.

لەبەرئەوەی ئـاژەڵ هـزر و دەسـت و پەنجەیـان نیـیە تـا بتـوانن کـار بـکەن، پەروەردگـار بـۆ پاراسـتنی وایکـردووە بەرگەکەی جێگیـر بێـت و پێویسـتی بە گۆڕین و نوێکردنەوە نەبێت، جیـاواز لە مـرۆڤ، کە خاوەنی هـزر و ئەنـدامی گونجـاوە بـۆ ئەنجامـدانی کارەکـانی و لەمـەدا بەرژەوەنـدی و حـیکمەت هەیە، چـونکە مـرۆڤ بەجۆرێـك بەدیهێنـراوە توانـای ئەنجامـدانی چـاکە و خـراپەی هەبێـت، کە زیـاتر مـەیلی بەلای ئەنجامـدانی خـراپە دایە، هەمـوو ئـامراز و هۆکارێکیشـی لەبەردەسـتدایە، خـۆ ئەگەر لەهەر لایەنێکـدا بە ویسـتی خـۆی ئەندازەکەی پێبدرایە ئەوا بەخراپەکاری دنیای وێران دەکرد و لەهەموو ئـاژەڵان زیـاتر خراپەکـاری لەزەوییـدا دەکـرد و ئەو ئـاوەزەی خـودا بـۆ بەخـتەوەری پێبەخشیوە دەیکردە هۆکاری بەدبەختی و چارەڕەشیی.

پەروەردگار ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە[1]، بە ئـارەزووی خۆی جـل و بەرگ

---

[1] پەروەردگار سەبارەت بەڕێزی مرۆڤ فەرموویەتی: ﴿ * وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ۝٧٠ ﴾ ←

دەڕۆشێت و خۆی پێ دەڕازێنێتەوە و لەچاوی کەسانی بەرامبەردا جوانتر و ڕێکتر دەردەکەوێت، پێچەوانەی ئاژەڵ، کە ئەو تایبەتمەندییانەی نییە.

سەیرکە چۆن خودا ئیلهامی بە ئاژەڵ و درندە کێوییەکان بەخشیوە، هاوشێوەی مرۆڤ مردووەکانیان دەشارنەوە، هەندێکیشیان کاتێك هەستدەکەن دەمرن دەچنە شوێنی نەدیو تا دەمرن، ئەگەر وانییە ئەی کوا کەلاکی درندە و ئاژەڵە کێوییەکان؟ ئەگەر داوات لێبکرێت کەلاکێکی ئاژەڵێك بدۆزیتەوە ئەستەمە بیدۆزیتەوە، ئەگەرچی زۆر زۆرن، تەنانەت ئەگەر بگوترێت زیاترن لە مرۆڤەکان هێشتا زیادەڕەوی نییە، چونکە دەشت و دەر، کێو و دۆڵ پڕن لە شێر و کەمتیار و مانگا و گوێدرێژ و بزنەکێوی و بەراز و گورگ و چەندین جۆری خشۆك و باڵندە و... هتد، کە لەژمارە نایەن. هەموو ئەو گیانلەبەرانە ڕۆژانە زۆردەبن و دەمرن، کەچی ئێسك و پروسك و کەلاکیان دیار نییە. پەروەردگار بەجۆرێك بەدیهێناوە، کە تا زیندوو و ساغە لەشوێنی خۆیدا بێت، کاتێکیش هەستەکات دەمرێت، دەڕواتە شوێنی پەنا و نەدیو و لەوێدا دەمرێت. سەیرکە چۆن پەروەردگار ئەم ئیلهامەی بە ئاژەڵە کێوییەکان بەخشیوە، کە کەلاکەکان بشارنەوە، مرۆڤیش لەڕێی بیرکردنەوەی بەم دەرەنجامە گەیشتووە.

بڕوانە چۆن ئاژەڵ چاوەکانی دەرپەڕیون، بۆ ئەوەی بەباشی پێش خۆی ببینێت و خۆی بە هیچدا نەکێشێت و نەکەوێتە نێو چاڵێکەوە، ئەگەرچی سەرەنجامی خۆیشی نازانێت.

الإسراء: ٧٠ . واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتوە، بە بەخشینی عەقڵ و ناردنی پێغەمبەران، ئەوەی لە بونەوەریشدایە، هەمویانمان بۆ دەستەمۆ و ڕام و ژێربار کردوە، گیانەوەرانیشمان لە وشکانیی و، کەشتیمان لە دەریا بۆ هەڵگرتنیان ژێربار و دەستەمۆ کردوە، خواردن و خواردنەوەی خۆش و پاکمان پێ بەخشیون، ڕێزی ئەوانمان زۆر داوە بەسەر مەخلوق و بەدێهێنراوەکانی ترەوە.

پاشان سەیری دەمی بکە، چۆن کەوتۆتە خوارەوەی سەرییەوە، بۆئەوەی بەئاسانی بتوانێت گژوگیا بخوات، ئەگەر وەك دەمی مرۆڤ بوایە نەیدەتوانی. لێوەکانیشی درێژن و شیاوی کشانن، بۆ ئەوەی هەرچی لە نزیك دەمییەتی هەڵیلووشێت و ئەوەی بۆ خواردن ناشێت لێی جیا بکاتەوە.

بڕوانە چۆن ئاژەڵ ئاو بۆ خواردن هەڵدەقۆڕێت، بڕوانە چۆن پەروەردگار لەدەوری دەمی مووی بەدیهێناوە، کە بەهۆیانەوە پیسییەکانی سەر ڕووی ئاوەکە ڕادەماڵێت.

سەرنجی کلکی ئاژەڵ بدە، داپۆشەری زێ و ئامڕازی دوورخەرەوەی مێش و مەگەزەکانە، کە بەڕاوەشاندنی هەرچی جانەوەر لە دەورویەری گوان و زێی هەیە دووریان دەخاتەوە، لەپێشەوەش بەتەکاندنی لەش و سەری. پڕ لە حیکمەتە خەلقی خودا!

یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی کلك ئەوەیە، کە بەهۆی جوواڵاندنییەوە ئاژەڵەکە دەحەسێتەوە، بەو پێیەی هەر چوار پەلەکەی ئەرکیان هەڵگرتنی لەشیەتی، جوواڵاندنی کلکەکەی دەیحەسێنێتەوە.

یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی ئەوەیە، کە کاتێك ئاژەڵەکە دەکەوێتە نێو قوڕ و لیتەوە، لەڕێی کلکیەوە بەئاسانی دەردەهێنرێت، چونکە هاوسەنگی لەشی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمە سەرەڕای چەندین حیکمەتی تر کە پەروەردگار خۆی دەیانزانێت.

سەرنجی لووتی فیل بدە، لەجێگای دەستەکانی مرۆڤدایە و یارمەتی دەدات خواردن بگاتە دەمی، لووتە درێژەکەی نەبوایە نەیدەتوانی هیچ لەسەر زەوی هەڵگرێت و بیخوات، چونکە جیاواز لە ئاژەڵانی دی ملی نییە. پاکیی

و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری میهرەبان و شارەزا.

لووتی فیل هاوشێوەی دەفرێکە و ئاو دەگەیەنێتە دەمی، بۆڕییەکە بۆ هەناسەدان، هەڵگرێکە بۆ ئەوەی شتومەك بخاتە سەر پشتی و داگرتنی ئەوەی کەوتۆتە سەر پشتی.

سەیری حیکمەتی خودایی بکە لە بەدیهێنانی زەڕافەدا، لەبەرئەوەی نشینگەی دارستانەکانە، پەروەردگار ملێکی درێژی بۆ بەدیهێناوە تا لەو درەختە بەرزانە خۆراکی دەستکەوێت.

سەرنجی بەدیهاتنی ڕێوی بدە، کاتێك ماڵێك بۆخۆی هەڵدەکەنێت دوو دەرچەی بۆ دروستدەکات؛ یەکێکیان بۆ چوونە ژوورەوە و ئەوی تریان بۆ هەڵاتن لەکاتی پێویستدا. سەیرکە پەروەردگار چ ئیلهامێکی پێبەخشیوە تا بتوانێت خۆی بپارێزێت.

پوختەی قسان لەبارەی ئاژەڵ ئەوەیە: پەروەردگار بەچەندین جۆر و سرووشت ئاژەڵانی بەدیهێناون، ئەوانەی مرۆڤ سوود لە خواردنیان دەبینێت ڕامیکردوون و کردوونی بە ڕووەکخۆر. ئەوانەیشی بۆ بار و ئیش سوودیان هەیە سرووشتێکی ئارام و هێمنی پێبەخشیون.

ئەوانەش کە بۆ پاسەوانی و ڕاو سوودیان هەیە شیاوی ڕاهێنانن. لەوانە فیل، کە خاوەن سرووشتێکی تایبەتە، شیاوی فێربوون و ڕاهێنانە، بۆ بار و هەندێك کاتیش لەجەنگەکاندا سوودی لێوەردەگیرێت.

هە ندێکی تریان تورە و خراپن، بەڵام بەهۆی سوود بینینیان لە مرۆڤ هۆگری بوون وەك پشیلە.

هەندێك لە باڵندەکان ئاسوودە بەخش و ئارامکەرەوەن، وەك کۆتر، کە

هەندێك كاتیش وەك ئاگادارکەرەوە و نامەبەر سوودی لێ بینراوە. زاوزێشی زۆرە و دەتوانرێت وەك خۆراکیش سوودی لێببینرێت. هەروەها باڵندەی باز، کە دەتوانێت لەسەر ڕاوکردن رابهێنرێت. چەندین حیکمەت و موعجیزەی تریش، کە تەنیا خودا خۆی بەهەموویان ئاگاداره.

باسی دوازدەیەم
حیکمەت لە بەدیهاتنی هەنگ و مێروولە و جاڵجاڵۆکە و کرم و مێش و هی تردا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الأنعام: ٣٨.

واتە: هەر گیانەوەرێك، کە لەسەر زەوی دەڕوات، یان هەر باڵندەیەك بەهەردوو باڵیەوە بەئاسماندا دەفڕێ، کۆمەڵانێکن، کە دروستبوونیان هاوچوونی ئێوەیەو وەك ئێوە وان، لەتابلۆی پارێزراو (لوح المحفوظ)دا هەموو شتێکمان نوسیوەو چەسپاوە و هیچ شتێکمان بەجێ نەهێشتووە، ئینجا لەڕۆژی قیامەت بۆ پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە، خواش لێپرسینەوە لە هەمو کەسێ دەکات، کە چی کردووەو چی ئەنجامداوە.

سەرنجی (مێروولە) بدە، خودا چ ئیلهامێکی پێبەخشیوە، چۆن هەموویان پێکەوە کار دەکەن و رۆزی خۆیان دابین دەکەن و بۆ ئەو کاتانە زەخیرە کۆدەکەنەوە کە ناتوانن بڕۆنە دەرەوە. کاتێك مێروولەیەك بەتەنیا ناتوانێت شتێك هەڵبگرێت یەکێکی تر بەهانایەوە دەچێت و یارمەتی دەدات، هاوشێوەی مرۆڤەکان کاتێك هاریکاری یەکتر دەکەن لەو کارانەدا کە بەتەنیا ئەنجام

نادرێن. هەروەها خودا ئیلهامی پێداون کە زەوی هەڵبکۆڵن و پەناگە بۆخۆیان دروست بکەن، یان بۆ دەرهێنانی دانەوێڵە، کاتێکیش دانەوێڵەکە دەدۆزێتەوە دەیکات بەدوو کەرتەوە، بۆ ئەوەی نەڕوێتەوە، چەندە سەرسوڕهێنەرە خەلقی خودایی! میێرووڵە کە دەبینێت دانەوێڵە عەمبارکراوەکەی تەڕبووە دەیهێنێتە دەرەوە تا وشك دەبێتەوە پاشان دەیباتەوە ژوورەوە. میێرووڵە لەشوێنی بەرز نەبێت پەناگە دروست ناکات، نەوەك لافاو بێت و ببیات.

سەرنجی (هەنگ) بدە، خودا چ حیکمەت و موعجیزەیەکی بۆ ئیلهام کردووە، شاهەنگ سەربەرشتی و ڕێنموونیییان دەکات، ئەگەر شایەکی تر لەهەمان ڕەگەزدا دەربکەوێت یەکێکیان ئەویتریان دەکوژێت، ئەمەش بۆ ڕێگرتن لە دووبەرەکی و لێکترازان، چونکە هەر یەکێکیان کۆمەڵێك بەلای خۆیدا دەبات و دووبەرەکی دروستدەبێت. شیلەی گوڵەکان دەمژێت، لەلەشیدا دەیکات بە هەنگوین، کە خۆراکێکی بەسوود و شیفابەخشە بۆ مرۆڤ، هەروەك پەروەردگار ئاماژەی بۆ کردووە[1].

---

(1) ﴿وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾﴾ النحل: ٦٨ – ٦٩. واتە: ئەی پێغەمبەر! خوای پەروەردگارت ئیلهامی بۆ مێش هەنگوین کرد و فێری کرد، کە لە چیا و دار و درەخت و، لەو ماڵ و کەپر، کە خەڵك دروستی دەکەن، ماڵ و خانو بۆ خۆت دروست بکە. ئینجا لە هەمو بەروبومێك بخۆ، کە ئارەزوی دەکەیت، ڕێگاکانی خوای پەروەردگارت بەزەبونی و زەلیلیەوە بگرە بەر، بۆ پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی لە چیاکان و لە میانەی دار و درەخت دا، کە خوا بۆتی ئاسانکردوە، کە لە ڕێگاکان ون نابی، کاتێ دەگە ڕێیتەوە، ئەگەر چی ڕێگاکان دوریش بێت، لەناو سکی مێش هەنگویندا، هەنگوینێك دەردە ←

پاشان بڕوانە ئەو مۆمەی هەنگ بە قاچەکانی هەڵیگرتووە، کە دەیکات بە دەفرێك و هەنگوینەکەی تێدا هەڵدەگرێت، ئەستەمە شتێکی باشتر بۆ پاراستنی هەنگوین لەو پێکهاتەیە بدۆزرێتەوە.

سەیرکە، هەنگ چ حیکمەتێك و توانایەکی پێبەخشراوە کە هەنگوین و مۆم پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەمەش یارمەتیدەدات بۆ ماوەیەکی زۆرتر هەنگوینەکە بەبێ تێکچوون بمێنێتەوە.

پاشان بڕوانە چۆن هەنگ لە بەیانییدا دەردەچێت و ئێواران دەگەڕێتەوە و بەشی خۆراکی خۆی و زیادەیشی هێناوە. لە ماڵەکەشیدا زۆر ڕێکخراوە، بەجۆرێك کە بتوانێت هەنگوینی تێدا هەڵبگرێت لەشوێنێکی تایبەتدا پاشەڕۆ فرێدەدات و بەهیچ جۆرێك ناهێڵێت نزیکی هەنگوینەکە بێت. چەندین حیکمەت و موعجیزەی تریشی هەیە، کەتەنیا پەروەردگار خۆی دەیانزانێت.

پاشان بڕوانە (جاڵجاڵۆکە) و ئەو حیکمەتانەی بەدیهێنەر تێیدا داناون، پەروەردگار شێدارییەکی لە لەشدا بەدیهێناوە، کە تەون درووستەکات، هەم وەك خانوو هەم وەك تۆڕێك بۆ ڕاوکردن، ئەو تەونە لە مێشوولە و نێچیرەکان دەئاڵێت، کاتێك هەستەکات نێچیرێك بەتۆڕەکەیەوە بووە خێرا دەچێت بۆ لای و دەیخوات، ئەگەر تێریش بوو بۆ کاتی پێویست هەڵیدەگرێت.

سەیرکە خودا چ ئامرازێکی بۆ بەدیهێناوە تا رۆزییەکەی دابین بکات، لەمەدا لەئاستی مرۆڤدایە کە بیرۆکە و دادەنێتەوە. بزانە پەروەردگار ڕێکخەر و بەدیهێنەری هەموو ئەم موعجیزانەیە.

چێت، کە چەندەها ڕەنگی هەیە، سپی و زەرد و سور و ڕەنگی دیکەش، ئەم هەنگوینە شیفا و چارەسەری لە نەخۆشیەکانی بۆ خەڵك تێدایە.

بڕوانە موعجیزەکانی کرمی ئاوریشم، پەروەردگار موعجیزەی وەهای تێدا بەدیهێناوە، کە عەقڵ پێی سەرسام دەبێت. ئەم کرمە تەنیا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ بەدیهێنراوە، لەلەشییدا ئاوریشم بەرهەمدێنێت، هێلکەکە دوای ماوەیەک دەترووکێت، کرمێکی بچووکی لێ دێتە دەرەوە، ئەم کرمە لە گەڵای شلیک دەخوات تا لەشی پڕدەبێت، پاشان دەڕواتە شوێنێکی دابڕاو و ئاوریشم دەردەدات، کە بەتاڵ بووەوە دەچێتەوە نێو قۆزاخە.

ببینە چۆن بەدیهێنەری دانای کاربەجێ بۆ پاراستنی رەچەڵەکەکەی بەم شێوەیە خوولی ژیانی ڕێکخستووە، کاتێک لە درووستکردنی ئاوریشم تەواو دەبێت، پەروەردگار دەیگۆڕێت بۆ باڵندەیەکی بچوکی نزیک لە وێنەی هەنگ (یان پەپوولە)، بەچاو جیاوازی لەنێوان نێرە و مێیەیدا نییە. نێرەکە دەچێتە سەر پشتی مێیەکە، بۆ ساتێک لەسەر پشتی دەمێنێتەوە، مێیەکە هێلکە درووستەکات و دایدەنێت، پاشان دەفڕێت، کارەکەی تەواوبووە و ئەوەی گرنگە دانانی هێلکەکەیە.

بیربکەرەوە؛کێ ئیلهامی ئەوەی پێداوە بڕوات گەڵا بخوات؟ کێ ئەوەی فێرکردووە ئاوریشم دەربدات تا تێیدا ون دەبێت؟ کێ باڵی پێبەخشیوە؟ کێ وێنەکەی گۆڕیوە بەجۆرێک، کە نێر و مێیەکەی لەگەڵ یەکتردا جووت بن و ڕەچەڵەکیان بەردەوام بێت؟ لەکاتێکدا ئەگەر هەر لەسەر شێوەی پێشووی بوایە توانای جووتبوون و وەچە خستنەوەی نەدەبوو.

پاشان بڕوانە سوود و گرنگی ئەو ئاوریشمەی بەرهەمیهێناوە، چەند سوودی بۆ مرۆڤ هەیە، سامانێکی زۆری بۆ فەراهەم دەکات، جل و بەرگی جوان و رازاوەیشی لێ دەستدەکەوێت.

تا لەم زیندەوەرە بچوکە وردبینتەوە زیاتر سەرسام دەبیت و وانەی لێوە

فێردەبیت، چەندین بەڵگە و نیشانەشت لەسەر زیندوبوونەوەی مردوو و دووبارە دارشتنەوەی ئێسکی مردووەکان دەستدەکەوێت. پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری مەزنی توانا.

سەرنجی (مێش) بدە، ببینە پەروەردگار چ ئامرازێکی پێداوە بۆ بەدەستهێنانی رۆزییەکەی، دوو باڵی خێرای هەیە، لەو شوێنەدا دەنیشێتەوە کە رۆزییەکەی لێیە، زۆر بەخێرایی دەفڕێت و دوورەکەوێتەوە. شەش قاچی هەیە، لەسەر چواریان دەوەستێت و دوانیان بۆ خۆدەربازکردنە، ئەمە چونکە باڵەکانی ناسکن و چاوەکانی بێ پێڵوون و لەسەریەوە دەرپەڕیون. ئەم زیندەوەرە و هاوشێوەکانی بەردەوام لەسەر لەشی مرۆڤ دەنیشنەوە و ژیانیان لێ تاڵ دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن ژیانی دنیا زۆر بێ بایەخە و بەلایەوە بچوک بێت.

سەرنجی ئەم زیندەوەرە بچوکە بدە، کاتێک شتێکی بەردەکەوێت خۆی وەک تەنێکی بێ گیان لێدەکات، ماوەیەک بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، پاشان دەستدەکاتەوە بە جوولە، ئەمەش بۆ ئەوەیە نەکوژرێت، چونکە ئەگەر بێ جوولە بێت هاوشێوەی هەر تەنێکی تری بێگیان وازی لێدەهێنرێت.

سەرنجی هەڵۆ بدە، چۆن کیسەڵ ڕاو دەکات، کاتێک شوێنێک نادۆزێتەوە کیسەڵەکە لە قەپێلکەکەی دەرێنێت و بیخوات، لە بەرزاییەکی زۆرەوە فڕێیدەدات، یان بە بەردێکیدا دەکێشێت، بەمەش کیسەڵەکە لە قەپێلکەکەی دێتە دەرەوە و دەیخوات. بڕوانە چۆن پەروەردگار ڕێگای پەیداکردنی رۆزی فێرکردووە.

سەیری قەلەڕەش بکە، زیندەوەرێکی پەسەند و خوازراو نییە، ئاگاداری و هۆشیاری لە سروشتیدایە، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بپارێزێت. وەک ئەوە وایە غەیب بزانێت. پەروەردگار فێریکردووە هێلانەکەی لەشوێنێکی نەدیو دروست

بکات، بۆئەوەی بێچووەکانی بپارێزێت. کەم وایە نێرەی قەلەڕەش لەگەڵ مێیەکەی ببینرێت، لەترسی ئەوەی بێئاگابێت و ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە. بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئاژەڵەکانی تردا دەبینرێت لەسەر پشتیان دەنیشێتەوە، لەگەڵیاندا خواردن دەخوات. کاتێک خواردنێکی دەستدەکەوێت دەیخوات و ئەگەر زیادەی لێ مایەوە بۆ کاتێکی تر هەڵیدەگرێت. کێ ئەم زانایی و زیرەکییەی لە سروشتەکەیدا داناوە؟ کێ بەم شێوازە سەرسوڕهێنەرە بەدیهێناوە؟ پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر.

سەیری (باشووکە) بکە لەبەرئەوەی لەنێو خەڵکدا نەخوازراوە، پەروەردگار بۆ پاراستنی توانای فڕین و بەرزبوونەوەی خێرای پێبەخشیوە. هەروەها رۆزییەکەی لەهێزی بینینیدا داناوە؛ لەبەرزاییەکی زۆرەوە خۆراک دەبینێت، بەخێرایی دەنیشێتەوە خۆراکەکەی دەڕفێنێت و بەرزدەبێتەوە. پەروەردگار ئیلهامی ئەوەی پێبەخشیوە هاتوو و ڕۆیشتوو لەیەک جیابکاتەوە و تەنیا لەدواوە بۆ شتەکان دەڕوات و لەدەستی خەڵک دەیڕفێنێت، ترسی ئەوەی هەیە لەپێشەوە بۆی بڕوات مەترسی بکەوێتە سەر. لەبەرئەوەی رۆزییەکەی بەم شێوەیە دەستدەکەوێت، پەروەردگار چنگەکانی هاوشێوەی قولاپ بەدیهێناون و ئەستەمە ئەوەی گرتوویەتی لەدەستی بچێت. پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری کاربەجێ و دانا.

سەرنجی ئاژەڵی (قمقمۆکە) بدە، بزانە خودا چ موعجیزەیەکی تێدا داناوە. ئاژەڵێکی هێواشە، بۆیە بۆ دەستکەوتنی رۆزییەکەی خودا چەند هێزێکی پێبەخشیوە؛ چاوەکانی بۆ هەموو لایەک دەسووڕێن، بۆ ئەوەی بەبێ جوولّەی لەشی بتوانێت نێچیرەکەی ببینێت. لەشی لە جوولّە دەخات و وەک ئەوەی ئاژەڵ نەبێت. توانای گۆڕینی ڕەنگی هەیە و دەتوانێت خۆی بخاتە سەر

شێوە و ڕەنگی ئەو درەختەی لەسەریەتی. کاتێک نێچیرەکەی لێی نزیک دەبێتەوە زمانی دەردەهێنێت و بەخێرایی بروسک نێچیرەکەی دەڕفێنێت، پاشان دەگەڕێتەوە سەر باری پێشووی و وەک درەختەکەی لێدێتەوە. زمانەکەی بەشێوەیەکی تایبەت و سەرنجڕاکێش بەدیهێنراوە، توانای ڕاوکردنی ئەو نێچیرانەی هەیە کە نزیکەی سێ بست لێیەوە دوورن. کاتێک هەست بە مەترسییەک دەکات خۆی دەخاتە سەر شێوەیەکی وەهاوە کە بێزراو و نەخوازراو بێت، تا زیندەوەرەکە لێی دووربکەوێتەوە.

بیر لە کاربەجێیی خودا بکەرەوە، چونکە توانای جوواڵەی کەمە چەندین ئامرازی تری پێبەخشیوە.

سەرنجی (سبع الذباب) بدە، بزانە پەروەردگار چ ئامرازگەلێکی پێبەخشیوە بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزییەکەی. کاتێک دەبینێت مێشێک لەنزیکییەوە نیشتۆتەوە، خۆی لەگەز دەدات وەک ئەوەی مردبێت یان شتێکی بێگیان بێت. کاتێک هەستیکرد مێشەکە دڵنیایە لەوە جێگای مەترسی نییە، بەئەسپایی خۆی دەخشێنێت تا لێی نزیک دەبێتەوە، بەخێرایی باز دەداتە سەری و بەهەموو لەشی خۆی دەخاتە سەر نەکا لەچنگی دەربازی بێت، بەرینادات تا هەستەکات جووڵەی لێبڕاوە، ئینجا دەیخوات. سەرنجی ئەم زیرەکییە بدە، پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری کاربەجێ و دانا.

سەرنجی (مێشوولە) بدە، کە خودا لاواز و بچوک بەدیهێناوە، لەکتێبەکەیدا نموونەی لەسەر هێناوەتەوە. بەم بچوکییەی باڵی هەیە بۆ فڕین، قاچی هەیە بۆ وەستان، چاوی هەیە بۆ زانینی شوێنی ڕۆزیەکەی و بینینی مەترسییەکان، کۆئەندامی هەرس و دەردانی هەیە. بڕوانە ئاخۆ دەتوانێت بەبێ ڕۆزی بژێت؟ دەکرێ ڕۆزییەکەی لەچەند شوێنێکەوە بەدەست بێنێت؟ لەزیاتر

لە دەرچەیەك پاشەڕۆیەکەی فڕێ بدات؟ پاشان بڕوانە چۆن پەروەردگار بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە و زانست و زانیاری دەربارەی سوودبەخش و زیانبەخش پێبەخشیوە. هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر توانا و دانایی خودا. مێشوولەیەکی بچوکە، بەڵام ئەگەر دانیشتوانی زەوی و فریشتەکانی ئاسمان و هەموو بوونەوەر پێکەوە کۆببنەوە ناتوانن لە پێکهاتە و موعجیزەکانی تێبگەن.

چۆن دەزانێت لەنێوان پێست و گۆشتدا خوێن هەیە، کە بریتییە لە خۆراك و ڕۆزییەکەی؟

چۆن کرداری کونکردنی پێست و مژینی خوێن ڕوودەدات بێئەوەی مرۆڤەکە پێی ئاگاداربێت؟

ئەگەر شیکاری لەشی مێشوولە بکرێت و سەرنجی پێکهاتەکانیشی بدرێت هێشتا ناتوانرێت پەی بە هەموو تایبەتمەندییەکانی ببرێت[1].

---

[1] پەروەردگار لەقورئاندا نموونەی لەسەر هێناوەتەوە، فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾ ﴾ الحج: ٧٣ – ٧٤.

واتە: ئەی خەڵکینە! نمونەیەك هێنراوەتەوە، ئێوە گوێی لێ بگرن و لێی وردبنەوە: ئەو بتانەی لەجیاتی خوا دەیانپەرستن، گەر هەموی کۆببنەوە، تا یەك مێش دروست بکەن، ئەوا ناتوانن! کەواتە ئەدی چۆن دەتوانن لەوە گەورەتر دروست بکەن؟ ئەو بتانە گەر مێش شتێکیان لێ ببات و لێیان بفڕێنێ، ناتوانن ئەو شتە ڕزگاربکەن و لێی بستێننەوە، جا کەناتوانن ئەدی لەمە زیاتر نەتوانین و بێ دەسەڵاتیی مانای چی؟! هەردوکیان زەعیف و لاواز و بێ دەسەڵاتن داواکارەکە بێ هێزە، کەئەو بتەیە لەجیاتی خوا دەپەرستێ، کەناتوانێ ئەو شتەی مێش لێی بردوە ئەو لێی ←

باسی سێزدەیەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی ماسییدا

پەروەردگار فەرمووێەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا... ﴿١٤﴾ ﴾ النحل: ١٤.

واتە: خودای مەزن، دەریای بۆ ئێوە ڕام و دەستەمۆ کردوە، تا لەو ماسییە، کە لەو دەریایە ڕاوی دەکەن، گۆشتێکی تەڕ و تازە بخۆن، هەروا لەو دەریایە، شتی وای لێ دەردەهێنن، کەمایەی جوانیی و ڕازاوەییەو لەبەری دەکەن، وەك: مرواری و مۆری و مەرجان، لەم دەریایە، کەشتی گەورەو زەبەلاح دەبینی کە ئاوی دەبڕێ و دێ و دەڕوا و سواریشی دەبن، تا بەهۆی بازرگانییەوە، ڕزق و ڕۆزی خودا پەیدا بکەن و قازانجی لێ بکەن، بەڵکو سوپاسی خودای بەرز و مەزن بکەن لەسەر گەورەیی ناز و نیعمەتی خودا بەسەر ئێوەو، جگە لەخودا، کەس نەپەرستن.

بستێنێتەوە، داواکراوەکەش بێ هێزە، کەمێشەکەیە، دەی کەواتە چۆن ئەو بتانە دەپەرستڕێن لەکاتێکدا بەو شێوەیە سوك وچروك و بێدەسەڵاتن؟ ئەم موشریك و هاوبەشپەرستانە، وەکو پێویست خوایان بەگەورە نەزانی، ئەوان هاوبەشیان بۆ بڕیاردا، لەکاتێکدا ئەو خوایە، خوایەکی بەهێزە، کەهەمو شتێکی بەدیهێناوە و دەسەڵاتێکی وای هەیە، کەهەرگیز هیچ شتێ بەسەریدا زاڵ نابێت.

سەرنج بدە و پەند وەربگرە، لەو ئاژەڵانەی پەروەردگار لەسەر شێوەی جیاواز لە دەریا و زەریاکاندا بەدیهێناون، کە چ بەڵگەیەکی ڕوون و گەورەیان تێدایە، پەروەردگار ئاوی بۆ کردوون بە پەناگە، بێ پەل و پۆ بەدیهێناون، چونکە بە پێ ناڕۆن و نوقمی ئاون، لەبری ئەوە خودا باڵی بەهێزی بۆ بەدیهێناون، کە وەک سەولّ ئاو لادەدەن و پاڵی پێوە دەنێن. لەشی ماسی بە پوولەکە و پێستێکی پتەو دەورەدراوە، کە وەک قەڵغان وایە و دەپارێزێت. خودا بینایی و بیستن و بۆنکردنی بۆ ماسی بەدیهێناوە، بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و بپارێزن.

لەبەرئەوەی هەندێکیان خۆراکی هەندێکی تریانن، پەروەردگار ژمارەیەکی زۆری لێ بەدیهێناون. ماسی زۆرترین وەچەخستنەوەی هەیە و ئەم کارەش تایبەت نییە بە مێینەوە وەک ئاژەڵە وشکانییەکان، بەڵکو یەک ڕەگەزە و لەکاتێکی دیاریکراودا وەچە دەخاتەوە، بە ژمارەیەکی زۆر.

جۆرێکیان هەیە لەڕێی نێرە و مێیەوە زاوزێ دەکات، ئەم جۆرەیان هاوشێوەی کیسەڵ و تیمساح دەست و قاچی هەیە، هێلکە دادەنێتەوە و دوای ئەوەی بەهۆی تیشکی خۆرەوە گەرم دەبێت لەهەر هێلکەیەک یەکێک لە ڕەگەزی خۆی دێتە دەرەوە.

لەبەرئەوەی ماسی لەنێو ئاودا ناتوانێت بێچووەکەی لەباوەش بگرێت و بەخێوی بکات، پەروەردگار وایکردووە هەر کە لەدایک دەبێت هەموو ئەندامێکی پێویستی هەیە و پێویستی بەکەس نییە. بروانە ئەم حیکمەت و میهرەبانییە!

هەروەک باسمان کرد، لەبەرئەوەی هەندێک لە ماسییەکان خۆراکن بۆ

هەندێکی تریان و مرۆڤ و باڵندەش خۆراکە، پەروەردگار وایکردووە ژمارەیەکی زۆر بن و بەشی خۆراك و مانەوەی رەچەڵەکیش بکەن.

پاشان سەرنجی خێرایی جووڵەکەی بدە، ئەگەرچی هاوشێوەی ئاژەڵانی تر ئامرازی وەهاشی نییە. بڕوانە کلکەکەی چۆن بەهۆیەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات و ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت. پەڕەکانی تەنیشتیشی هەر بۆ راگرتنی هاوسەنگییە.

پاشان سەرنجی ئێسکەکانی بدە، وەك کۆڵەگەن و لەشیان لەسەر بنیات نراوە، ئێسکێك بەپێی شوێنی لەلەشی ماسییەکەدا بەدیهێنراوە، ئێسکە سەرەکییەکە، کە ڕاگری لەشیەتی هەموو لەشی پێکەوە بەستۆتەوە و پەراسوو و پشت و ئێسکەکانی سەر و ئەندامەکانی تری پێوە بەندە.

سەرنجی ماسییە گۆشتخۆرەکان بدە، کە لەڕێی خواردنی ماسییەکانی ترەوە رۆزییان دەستەکەوێت گۆشتیان رەق و تونده، خێرا و بەهێزن، ددانیان زۆرە بە ئەندازەیەك یەك قەپگرتن لەبری جوینی خۆراکەکەیە.

بڕوانە ئەو زیندەوەرە لاوازانەی پەروەردگار لەنێو دەریادا بەدیهێناون، وەك گوێچکە ماسی و لوولپێچ، چۆن بەهۆی بەرگە رەقەکەیانەوە خۆیان دەپارێزن. هەروەها ماڵ و پەناگەیان هەیە، ماڵی هەندێکیان هێندە تەنگە تەنیا شوێنی خۆیان دەبێتەوە. هەندێکی تریان لەشوێنی کراوەدا دەژین، بەڵام بەرد و تاوەرەکان بوونەتە پارێزەریان.

توانای خۆلکاندنیان هەیە بە چیاو بەردەکان و بەهێزێکی زۆر نەبێت ناتوانرێت دەربهێنرێن، ئەم جۆرەیان لەڕێی شێی چیاوە ڕۆزی دەستەکەوێت. هەرچی لوولپێچە، کە بەرگێکی ڕەقی لوولی بەدەورەوەیە، لەکاتی خواردندا

سەری دەهێنێە دەرەوە، لەکاتی هەست کردن بەمەترسیش سەری دەباتەوە نێو بەرگەکەیەوە. بڕوانە ئەم دانایی و میهرەبانییەی خودا، کە هیچ شتێکی پشتگوێ نەخستووە و هەموو زیندەوەرانی پاراستووە چ لەنێو دەریا و زەریاکاندا بن، یان لە گرد و چیایەکاندا... پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری دانا و کاربەجێ، کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، پاشان ڕێنموونیی کردووە[1].

سەرنجی جۆرەکانی ماسی بدە، بچوکەکانیان لە کەناراوەکاندا دەژین، گەورەکانیش لە قوواڵاییەکاندا. پەروەردگار لەهەناویدا بۆیەیەکی بەدیهێناوە هاوشێوەی مەرەکەب، کە لەنێو خۆراکەکەیەوە دەپاڵێورێت، هاوشێوەی شیر لەنێو گواندا، کاتێك هەست بە مەترسییەك دەکات ئەو ماددەیە دەردەدات و ئاوەکە شلوێ دەکات، بۆ ئەوەی نەزانرێ بۆ کوێ هەڵاتووە، ئەمەش جۆرێکی تر لە پارێزگاری خودایی بۆی و چەندین حیکمەتی تر کە تەنیا خودا بۆخۆی دەیانزانێت.

جۆرێکی تری ماسی هەیە، کە هاوشێوەی شەمشەمەکوێرە باڵی هەیە، لەنێو ئاودا دێتە دەرەوە و لەشوێنێکی تردا دەنیشێتەوە، کەسێك نەزانێت

---

[1] ئەم دەستەواژەیە لەوەڵامی موسا (سەلامی خوای لەسەربێت) وەرگیراوە، کاتێك فیرعەون لێی پرسی: (فمن ربكما يا موسى)؟ لەوەڵامدا فەرمووی: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾ طه: ٤٩ – ٥٠. واتە: فیرعەون لە ڕوی ئینکاریەوە پێی گوتن: ئەی موسا! پەروەردگارتان کێ یە؟! موسا بە فیرعەونی گوت: پەروەردگارمان ئەو کەسەیە، کە هەمو شتێکی بە شێوەیەکی لایەق و گونجاو لەسەر جوانترین دروستکردنی خۆی بە دیهێناوە، ئنجا هیدایەت و ڕێ نیشاندانی تەواوەتی بە هەمو بەدیهێنراوێکی داوە بۆ سوود وەرگرتن لەو شتانەی، کە خوا بۆی بەدیهێناوە.

جۆرێکی ماسییە گومان دەبات باڵندەیەکی وشکانیی بێت.

جۆرێکی تریشیان لاوازە، بەزۆری لەروویارەکاندا دەژی، پەروەردگار وایکردووە کاتێك مەترسییەکی لێ نزیکدەبێتەوە بەنجی دەکات و ناتوانێت بیگریت و خۆی دەرباز دەکات.

ئەگەر تەنیا موعجیزەکانی یەك بوونەوەری خودا بەوردەکارییەوە بنوسرێنەوە، کتێبەکان پڕدەبنەوە و مرۆڤ لەبەرامبەر تەواوکردنیدا دەستەوەستان دەبێت.

***

باسی چواردەیەم
حیکمەت لە بەدیهێنانی ڕووەکدا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾. النمل: ٦٠.

واتە: لێیان بپرسە، کێ ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوەو لەئاسمان بارانی بۆ باراندوون، کە بەهۆیەوە باخ و باخاتی دیمەن دڵڕفێنو جوانی بۆ ڕواندونو سەوزی کردوون؟ گەر خودا بارانی بۆ نەباراندبان، ئەوا بۆتان نەبوو دارو درەخت بڕوێنن. بەڕاستی پەرستنو عیبادەتی خودای بەرزو مەزن،حەقەو ڕاستەو پەرستنی جگە لەخودا بەتاڵ و ناحەق و پووچە، ئایا لەگەڵ خودا، کەسانێك هەن، ئەم کارانە بکەن، هەتا لەگەڵ خودا بپەرستێو بکرێتە هاوبەشی خوا؟ بەڵام، نا، ئەم موشریكو هاوبەش پەرستانە، قەومێکن لەڕێی حەق و ئیمان لایانداوەو هەڵدەستن شت و کەسانی دیکە لەگەڵ خودا یەکسان دەکەن و، وەك خودا دەیان پەرستنو بەگەورەیان دەگرن.

خودا سەرفرازت بکات، سەرنجی ڕووەکەکان بدە، چ دیمەنێکی جوانیان هەیە، کە خۆشییەکی تایبەت بە مرۆڤ دەبەخشن.

پاشان بڕوانە پەروەردگار چ تام و بۆن و سوودێکی لە ڕووەکەکاندا داناوە،

کە ناتوانین بیانژمێرین. خودا دەنك و ناوکی لەنێو ڕووەکەکاندا داناوە، بۆ پاراستنی جۆر. بەروبوومەکەی خۆراك و میوەیە، قەسەڵەکەی عەلەف و خۆراکی ئاژەڵانە و، قەدەکانی سووتەمەنی و بیناسازی درووستکردنی کەشتی و چەندین سوود و کاری تر، کە ئەستەمە بتوانین هەموویان بژمێرین. گەڵا و گوڵ، ڕەگ و ڕیشە، لق و پۆپ.. هەر یەکێکیان چەندین سوود و کەڵکیان هەیە: ئەگەر بەروبووم بەبێ درەخت لەسەر زەوی بوایە، چەندین گرفتی پێکهاتەیی بۆ درووست دەبوو، هەتا ئەگەر خۆراك و میوەش بوایە.

پاشان سەرنجی ئەو بەرەکەتە بدە کە لە زۆربوونییدا هەیە، دەنکۆڵەیەك دەبێتە سەد یان زیاتر یان کەمتر، حیکمەت لە زۆربوونیشیدا بۆ دابینکردنی ڕۆزی و بەشی هەڵگرتن و چاندنە، هاوشێوەی ئەو پاشایەی دەیویست ناوچەیەك ئاوەدان بکاتەوە، بۆ ئەم کارەی بەشی چاندن و بەشی خواردن تا دانەوێڵەکە دێتە بەرهەم دانەوێڵەی بە خەڵکەکەدا. ئەمە ئەو حیکمەتەیە پەروەردگار بەسەر ئاوەدانیی و بەندەکانیدا ڕشتوویەتی. درەخت و دارخورماش بەهەمان شێوە، لە دەنکۆڵەیەکەوە بەرەو ڕۆزییەکی زۆر و زەوەند زیاد دەکات، بۆ ئەوەی بەشی خۆراك و هەڵگرتن بکات و لەئەگەری ڕووداندا قاتی و قووڕییدا بۆ مانەوە پشتی پێببەستڕێت.

سەرنجی ئەو دەغڵ و دانە بدە، چۆن لەنێو گوڵێکی سەرنجڕاکێشدا درووستدەبێت وەك چۆن کۆڕپەلە لەنێو منداڵداندا پێدەگات و وەهاش دانەکە لەنێو گوڵدا پێدەگات.

سەری گوڵەکە هاوشێوەی ڕم تیژە، بۆ ئەوەی باڵندە دانەکە نەخوات. ببینە چۆن ئەو دانە بەم قەڵغانە پاڕێزراوە، ئەگەرچی باڵندەش پێویستی بەخۆراکە

بەڵام پێویستی مرۆڤ بە خۆراك زیاترە و لەپێشترە.

بـڕوانە حیکمەتـی خـودا لەبەدیهێنـانی درەخـت و جۆرەکـانی رووەکـدا، لەبەرئەوەی پێویستییان بە خۆراکی بەردەوام هەیە، هاوشێوەی ئاژەڵان — بەڵام توانـای جوولّەیـان پێنەبەخشـراوە و هـیچ ئامڕازێکیـان نەدراوەتـێ کە بەهـۆیەوە خۆراکیان پێبگات — پەروەردگـار وایکـردووە رەگەکانیـان لەزەوییـدا رۆبچـن بـۆ ئەوەی ئـاو لە زەویـیـەوە رابکێشـێت و قـاپ و قەد و گەڵا و بەروبوومەکەیشی تێر ئاو و تێر خۆراك بکات، بەم جۆرە زەوی هاوشێوەی دایك بۆتە بەخێوکـاری و هاوشـێوەی ئـاژەڵان لە دایکیـیـەوە خـۆراك وەردەگرێـت. نەتـدیوە چـۆن کۆڵەگەکـانی خێـوەت و ڕەشـماڵ لە هەمـوو لایەکەوە دەچەقێنـدرێن بـۆ ئەوەی نەکەوێـت و بەلایەکـدا نەچێـت. درەخـت و رووەکەکـانیش بەهەمـان شـێوەن؛ رەگەکانیان بەناخی زەوییدا رۆچوون و بەدەوروبەرییدا بڵاوبوونەتەوە، بـۆ ئەوەی رایبگـرن و بەلادا نەچێـت، ئەگەر ئەوە نەبـوایە درەخـتە بەرزەکـان بەرگەی ڕەشەبایان نەدەگرت.. بڕوانە حیکمەتی بەدیهێنەر، چۆن بۆتە نەخشـەیەك، کە خەڵك لەکاروبارەکانیاندا لەسەری برۆن.

بیـر لە بەدیهـاتنی گەڵای درەخـت بـکەرەوە، هەسـتدەکەیت لەنێویـدا ڕەگ بـڵاوەی کـردووە، شـووڵێکی درێـژی تێـدایە و هەنـدێکی تـری کـورتیش، چنراوێکی سەرنجڕاکێشە، ئەگەر بەدەستی مرۆڤ بچنرایە، چنینی گەڵایەك کـاتێکی زۆری دەویسـت و چەنـدین ئـامڕازی پێویسـت بـوو.. بـڕوانە چـۆن لەماوەیەکی کەمدا پڕ بە دەشت و کێـوو و زەوی گەڵا دەردەکەون، بەبـێ هـیچ ئـامێر و جـوولّەیەك، جـگە لە توانـای بەدیهێـنەر و ویسـت و کـاربەجێییـیەکی پەروەردگار.

سـەیری نـاوکی بەرویـووم بـکە، چـۆن لەنـاخی بەروبوومـدا پەیـدا دەبێـت و

بەچاندنی درەختێکی تر چەکەرە دەکات و هاوشێوەی درەختەکەی پێشووی لێدێت.

سەرەڕای رەقی تۆپکلّەکەی لەناخییدا نەرمی بەروبوومی هەڵگرتووە، ئەو بەرگە نەبوایە زوو تێکدەچوو.. هەندێك لە جۆرەکانی دەخورێت و هەندێکی تریان زەیتیان لێ دەردەهێندرێت و هەندێکی تریشیان چەندین سوود و کەڵکیان هەیە.

بڕوانە ئەوەی لە دەوری ناوکەکەدا پەیدا دەبێت، میوەیەکی نەرم و پڕچێژ، بەندەکان چێژی لێدەبینن. پاشان بڕوانە بەدیهێنەر چۆن هاوشێوەی ئاوی زیندەوەر ڕەچەڵەکی لەنێو ئەو ناوکەدا داناوە، هەموو ئەمانە بەڵگە و نیشانەی بەهێزن لەسەر دانایی و کاربەجێیی بەدیهێنەر.

پاشان سەیرکە چۆن ئەو بەرهەمە بەتۆپکلّێکی تەنك دەورەداوە، کە ئەگەر کەوتە نێو خاك و ئاوەوە زوو تێکنەچێت و بتوانرێت تا کاتی چاندن هەڵبگیرێت.

هەرچەند گەڵاکان زۆرترین ڕەگەکانیش زیاتر دەبن، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن درەختەکە لەکەوتن و شکان بپارێزن. ئاو لەڕێی ڕەگەکانەوە دەگاتە سەرچڵ، ئاوەکە بەیەکسانی بەسەر قەد و گەڵاکاندا دابەش دەبێت و ئەو خۆراکەی پێویستییانە لە ئاوەکە وەربدەگرن، هەر یەکێك لە بەروبووم و خونچە و گوڵ ئەو خۆراکەی پێویستییانە رایدەکێشن، بەم جۆرە بەروبوومەکە گەشە دەکات و تام و بۆن و ڕەنگ و شیرینییەکەی دروستدەکات.

پاشان ببینە چۆن پەروەردگار وایکردووە گەڵا پێش بەر پەیدا ببێت، چونکە بەر لەکاتی دەرکەوتنیدا لاوازە و بەرگەی گەرمی خۆر و ساردی هەوا

ناگرێت، ئەگەرچی بەئەندازەیەکی دیاریکراو پێویستی بە هەردووکیان هەیە، ئەو ئەندازەیەش بەنێو گەڵاکاندا وەردەگرێت و لە کرمیبوون و بۆگەنبوون و تێکچوون دەپارێزن.

پاشان بڕوانە چۆن بەدیهێنەر درەخت و بەروبووم و گوڵەکانی بە ڕەنگ و شێوە و تام و بۆنی جیاواز بەدیهێناوە.. هەیانە درێژە و هەیانە کورت، هەیانە بەنرخە و هەیانە بێنرخ.. ڕەنگەکانیان لەنێوان سوور و سپی و زەرد و سەوزدان بەئاست و ئەندازەی جیاوازەوە. تامەکانیان لەنێوان شیرین و ترش و مزر و تاڵدان، بۆنیان جۆراوجۆر و سەرنجڕاکێشە. قورئانی پیرۆز چەندین شتی لەم بارەیەوە باس کردووە کە دڵ دەکاتەوە و پەنهان بۆ ڕامێن دەردەخات.

پاشان سەرنجی ئەو نهێنییە بدە کە مرۆڤ لەکاتی تەماشاکردنیاندا دڵی دەکرێتەوە، ناخی نوێدەبێتەوە و ڕوخساری دەگەشێتەوە. چەندین سوودی تریشیان هەیە، هەیانە دڵ بەهێز دەکات، هەیانە بۆ تەندروستی لەش باشە، ئەمە جگە لەو چێژ و خۆشییەی دەیبەخشن.

بڕوانە و بیربکەرەوە لەم ئایەتەی پەروەردگار، کە دەفەرموێت: ﴿ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ المؤمنون: ٢٠.

واتە: هەروا لەو ئاوەوە، ئەو درەختە زەیتونەمان بۆ سازو دروست کردون، کە لە دەورووبەری چیای (طوری سینا) دەڕوێ، کە لەو زەیتونە ڕۆنی لێ دەردەهێنرێ و جەستەی پێ چەور دەکرێ و پێخۆریشە بۆ ئەوانەی بۆ خواردن بەکاری دێنن. پەروەردگار لەنێوان بەرد و ئاودا زەیتێکی سازگار و چێژبەخش و بەسوودی بەدیهێناوە، هەروەك چۆن لەنێوان پاشەڕۆ و خوێن شیر و لە هەنگدا ڕەنگجیاواز و شیفابەخشی بەدیهێناوە، بیربکەرەوە و پەند لەم

بەخششانە وەربگرە.

پاشان سەرنجی ئەو ئاوە بدە کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەنێو رەگ و ریشەی درەختەکانـدا سـەردەکەوێت و بڵاودەبێـتەوە، هەر درەختێـک بەپێـی قەبـارە و بەروبوومەکەی بەشی خۆی وەردەگرێت.

سـەرنجی بەرەکەش بـدە، لەسـەرەتادا بەسـەریەکەوەیە و بەرگێکی پـارێزەری هەیە، چـونکە لاوازە و بەرگەی کـارتێکەرە دەرەکییەکـان ناگرێـت، کاتێـک هێـز دەگرێـت بەرگەی خـۆر و هەوا دەگرێـت، بەشـێوەیەکی پلەبەنـد بەرگەکەی لەسـەر لادەچێـت، کاتێـک بەرەکە پێـدەگات بەخـواردنی چێـژ دەبەخشـێت و بـۆ هەڵگرتن دەشێت و بۆ ئەو مەبەستانەش بەکاردێت کە بۆی بەدیهاتووە. هەموو درەختەکان بەم جۆرەن، ئامرازی پارێزەریان هەیە، لەوانە: سـەرنجی هەنـار بـدە، کە چەنـدین شـتی سەرسـوڕهێنەری تێـدایە. دەبینیـت بەتـوێکڵێکی پـارێزەری رەنگاوڕەنگی سەرنجڕاکێش دەورەدراوە، دەنکەکانی بەشێوازێکی سەرسـوڕهێنەر ریزکـراوون، وەک ئەوەی بەدەسـت دانـرابن، ئەگەرچـی دەسـتەکان بێتوانـان لە ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە لەنێـو تـوێکڵێکی داخراودا. دەبینیـت لەنـاوەوە بەش بەشـە، هەر بەشـێک بە بەرگێکـی تەنـک دەورەدراوە، بـۆ ئەوەی دەنکـی بەشـەکان بەیەک نەگەن و تێکـنەچن، تـوێکڵەکەی دەوربەری هەمـوو دەنـک و بەشەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە.

حـــیکمەت لەوەدایە کەلەڕێـــی تـــوێکڵەکەیەوە کە هەمـــووی پـــێکەوە بەدرەختـەکەوە لکـاوە خـۆراکی بـۆ دەچێـت، بـۆیە دەبینیـت هەر کـۆمەڵێکی دەنکەکـان بە تـوێکڵەکەوە لکـاوە و هەر دەنکێـک داوێکـی بـاریکی پێـوەیە کە خـۆراکی بـۆ هێنـاوە، هێنـدە بـاریکە کە ڕێگـا لە خـواردن ناگرێـت و مـرۆڤ

هەستیشی پێناکات.

پاشان بڕوانە ئەم تام و چێژەی هەنار، کە لە درەختێکی تاڵی دڕکاوی سەرچاوەی گرتووە، ئەم جۆرە بەرهەمە چەندین سوودی بۆ مرۆڤ هەیە، لەلایەکەوە خۆراکە و لەلایەکی تریشەوە دەرمان.

پاشان سەرنجی قەدی درەختەکە بدە، چۆن بەرەکە دەگرێت ناهێڵێت بکەوێە خوارەوە، تا پێدەگات و مرۆڤ بەدەستەکانی لێیدەکاتەوە. ئەم درەختە تایبەتە بە مرۆڤ و بۆ ئاژەڵ نییە.

سەرنجی ئەو رووەکانە بدە، کە لەسەر ڕووی زەوی رادەکشێن، وەک شووتی و کودی و هاوشێوەکانیان، بزانە چ تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشیان هەیە، لەبەرئەوەی قەدەکانی باریك و ناسکن و بەرەکەشیان پێویستی بە ئاوێکی زۆر هەیە، پەروەردگار وایکردووە لەسەر زەوی رابکێشن، ئەگەر هاوشێوەی درەختەکانی تر بەرز بوایە نەیدەتوانی بەرەکەی هەڵبگرێت و بەر لە پێگەیشتنی بەروبوومەکەی دەپسا.

سەیرکە ئەو جۆرە بەروبوومە تەنیا لەو وەرزەدا پێدەگات کە شیاوە بۆ خواردنی، خۆ ئەگەر لەکاتی سەرمادا پێبگەیشتایە مرۆڤ لێی دووردەکەوتەوە و زیانی بەو کەسانە دەگەیاند کە دەیانخوارد.

پاشان بڕوانە دارخورما، لەبەرئەوەی مێیەکەی پێویستی بە پیتاندن هەیە، نێرەشی بۆ بەدیهێناوە، هاوشێوەی ئاژەڵ، بۆ ئەوەی جۆرەکەی بمێنێتەوە و لەناونەچێت.

پاشان سەرنجی ئەو دەرمان و چارەسەرانە بدە کە لە رووەك دەردەهێندرێن، هەندێکیان لەش پاك دەکەنەوە، هەندێکی تریان زەردار لەلەش فڕێدەدەن،

هەندێکی تریشیان بۆ بەڵغەم و هەندێکی تریان بۆ نەهێشتنی غازات و ئەوی تریان بۆ سکچوون و هەندێکیشیان بۆ رشانەوە و هەندێکی تریشیان بۆ کەسانی نەخۆش و لاواز.. هەموشیان لەئاوەوە پەیدابوون، پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر و رێکخەری بوونەوەر.

باسی پازدەیەم
گەورەیی بەدیهێنەر لەنێو دڵەکاندا

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤ ﴾. الإسراء: ٤٤. واتە: هەر حەفت ئاسمانەکان و زەوی‌و ئەو بەدیهێنراو و مەخلوقانەش کە لە ئاسمانەکان و زەوییدان، هەموویان تەسبیحات بۆ خودای بەرز و مەزن دەکەنو بە پاك وبێگەردی دەگرن، هەروا هەموو شتێك، کە بوونی هەیە، خودای بەرز و مەزن بە پاك و بێگەرد دەگرێ، لە گەڵ بەپاك گرتنەکەشدا سوپاس و ستایشی خودا دەکات، بەڵام - ئەی خەڵکینە - ئێوە هەسەت بەم تەسبیحاتە ناکەن و تێیناگەن، خودا بەرانبەر بەبەندەکانی نەرم و نیانە، هەرکەسێ سەرپێچی کرد، بەپەلە سزای نادات و، لێبوردەیە بۆیان.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥ ﴾ الشوری: ٥.

واتە: لەبەر گەورەیی خودای بەرز و مەزن، نزیکە ئاسمانەکان، هەریەکەو لەسەر ئەو ئاسمانەی دیکە پارچە پارچە دەبن و فریشتەکان بە سوپاس

کردنی خودای پەروەردگاریان، پاکیی و بێگەردیی بۆ دەنوێنن لەهەر شتێ، کە لایەق و شایستە بەو نیە، هەروا لە پەروەردگاریان داوای لێبوردن بۆ گوناهەکانی ئەو کەسانە دەکەن، کە لەسەر زەوی بڕوایان بەخودا هێناوە، هۆشیار بن و بزانن! هەر خودا زۆر لێبوردەیە بۆ گوناهی بەندە بڕوادارەکانی و بەبەزەییە بۆیان.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِۦ﴾ الرعد: ١٣.

واتە: هەورەگرمە، پاك و بێگەردی بۆ خودا دەنوێنێ و سوپاسی دەکات، بەشێوەیەك پاك و بێگەردیی بۆ خودا دەنوێنێ، کە بەڵگە بێ بۆ ملکەچی خۆی بۆ خودای پەروەردگاری، فریشتەکانیش لە ترسی خودای پەروەردگاریان، پاك و بێگەردیی بۆ خودا دەنوێنن، خودا هەورە تریشقەی لەناوبەر دەنێرێ، کە هەر کەسێکی بوێ، بەهۆی ئەم هەورە تریشقەوە لەناوی دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا کافر و بێ بڕوایان سەبارەت بە یەکخودایی خودا و توانابوونی لەسەر زیندوبوونەوە، دەمەقاڵێ و موجادەلە دەکەن، جا ئەو کەسەی سەرپێچیی خودا بکات، ئەوا خودا سزا و جەزرەبەی زۆر بەهێزە.

خوای گەورە ئێمە و تۆش سەرفراز بکات، بزانە، هەموو ئەوەی لەم کتێبەدا باسمان کردووە لە بەڵگە و نیشانەی ڕوون و راشکاو بەڵگەن لەسەر گەورەیی و توانا و دەسەڵات و ویستی پەروەردگار. ئەگەر سەرنجی نزیکترین شت بدەیت، کە خۆتیت، چەندین موعجیزە و بەڵگە دەبینیت، کە ڕەنگە بە بیری کەسدا نەهاتبێت. هەروەها ئەگەر سەرنجی ئەو زەویە بدەیت کە لەسەری وەستاویت و بیر لە چیای سەرکەش و دەریای فراوان و ڕووبار و جۆرەکانی ڕووەك و درەخت و ئاژەڵ بکەیتەوە، چەندین بەڵگە و نیشانە بەدیدەکەیت.

پاشان ئەگەر سەرنجی فراوانی ئەم زەمینە بدەیت، بۆت دەردەکەوێت، کە بوونەوەر بێتوانان لە گەیشتن بەهەموو ئاڕاستەکانی. پاشان ئەگەر سەرنجی قسەی زانایان بدەیت، دەبینیت ئەم بوونەوەرە مەزنەیان داوەتە پاڵ ئاسمان، کە بەراورد بە ئاسمان وەک ئەڵقەیەکە لەنێو بیابانداـ پاشان بڕوانە ئەوەی بینایان دەربارەی خۆر باسیان کردووە، کە سەد و ئەوەندە جارە لە زەوی گەورەترە و هەندێك لەهەسارەکانیش سەد ئەوەندەی زەویین.

پاشان بۆت دەردەکەوێت کە هەموو ئەو روونااککەرەوانە؛ خۆر و مانگ و ئەستێرەکان لەئاسماندان، ئینجا بیر لە گەورەیی و فراوانی ئەو ئاسمانە بکەرەوە چۆن هەموو ئەوانەی لەخۆ گرتووە؟!

پاشان سەرنج بدە، چۆن خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و ئاسمان بەچاوە بچوکەکانت دەبینیت؟!

پاشان بیر لە گەورەیی پێگەی ئەو شتانە بکەرەوە و گوێ بۆ سوێندەکانی پەروەردگار هەڵخە، کە لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ۝١﴾ البروج: ١. واتە: خودای بەرز و مەزن سوێند بە ئاسمان دەخوات، کە مەنزڵ و شوێنی خۆر و مانگە، کە پێیدا تێدەپەڕن. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ۝٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ۝٣﴾ الطارق: ١ — ٣.

واتە: خودای بەرز و مەزن سوێند بە ئاسمان و بەو ئەستێرە دەخوات، کە بە شەو دەردەکەوێت. تۆ چوزانی ئەم ئەستێرەیە چ گەورەیە؟ ئەو ئەستێرەیە پڕشنگداری زۆر درەوشاوەیە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ * فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ

﴿لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٞ ٧٦﴾ الواقعة: ٧٥ – ٧٦. واتە: خودای بەزر و مەزن سوێند بە شوێنی ئاوابوونی ئەستێرەکان لە ئاسمان دەخوات. ئەم سوێندەش، گەر بزانن زۆر گەورەیە!

تا کۆتایی ئەو ئایەتانەی لەم جۆرەن.

پاشان بینایيت بەرزتربکەرەوە و ئەوە ببینە کە جیهانی سەرەوە لەخۆیگرتووە، فریشتە و بوونەوەرە مەزنەکان. جبریل (سەلامی خودای لەسەر بێت) بە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) ی فەرموو: ئەگەر ئیسرافیل (سەلامی خودای لەسەر بێت ببینیت؟ عەرش لەسەر شانیەتی و قاچی لەسنووری زەوی خوارەوەدایە) لەمەش گەورەتر ئەوەیە کە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿... وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ ... ٢٥٥﴾ البقرة: ٢٥٥.

واتە: کورسی خودا بەفراوانی ئاسمانەکان و زەوی داگرتوە.

پاشان بینایيت بەرزتر بکەرەوە تا دەگەیتە بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرە مەزنە، لەڕێیەوە پەی بەگەورەیی و بەرزی و توانا و زانست و دەسەڵات و کاربەجێیی و دانایی بەدیهێنەرەکەی بەرە.

پاشان بڕوانە ئەو ئاسمانە فراوانە، بەبێ کۆڵەگە وەستاوە، هەر کەسێك بیر لە مەلەکووتی ئاسمانەکان و زەوی بکاتەوە، عەقڵ و دڵی بەکاریخات، پەروەردگارەکەی دەناسێت، پەی بە گەورەییەکەی دەبات، بۆ بیرمەندانیش لەم رێگەیە باشتر نییە، هەرچەند عەقڵ هاوتەریب لەگەڵ بینایی و لە موعجیزەکانی بوونەوەر وردبێتەوە، زیاتر خودا دەناسێت و باوەڕی پتەوتر دەبێت و باشتر ملکەچی دەبێت. بوونەوەران لەمەدا جیاوازن، لەسەر نووری عەقڵ و نووری هیدایەت وەستاوە، گەورەترین ئامڕازیش بۆ بەدەستهێنانی ئەو

سوودانەی باسمان کردن، بریتییە لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی تەقوای خودای پەروەردگار. ئەمەیە دەرگای ناسینی خودا و باوەڕبوون بەوەی لەلای خوداوە هاتووە.

پاشان بڕوانە و بیربکەرەوە لەوەی ئاماژەمان بۆ کردووە، چونکە ئەوە بزانە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) براوەتە ئاسمان و گەیشتۆتە (سدرة المنتهى) و ئایەتە گەورەکانی پەروەردگاری بینیوە و لەپرسی دنیا و دوارۆژ ئاشنابووە، زۆر لە خودا نزیک کەوتۆتەوە، کەچی فەرمانی پێکراوە بفەرموێت: ﴿ ... وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤﴾ ﴾ طه: ١١٤. واتە: بڵێ: پەروەردگارم زانستم زیاد بکە.

خودا بەناسینی خۆی زانستت زیاد بکات و نووری هیدایەتت پێببەخشێت و تۆ و ئێمەش بۆ بەندایەتی بخاتە کار و لە بەندە چاکەکانی خۆیمان هەژمار بکات، هەر ئەو بەسەر ئەو کارەدا توانایە.

والحمد لله رب العالمين

ناوەڕۆك

ژیاننامەی دانەر پێشەوا غەزالی (خوا لێی رازی بێت) ۹
پێشەکی دانەر ۱۲
باسی یەکەم: بیرکردنەوە لە بەدیهاتنی ئاسمان و جیهاندا ۱۵
باسی دووەم حیکمەت لە بەدیهاتنی خۆردا ۱۹
باسی سێیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی مانگ و هەسارەکاندا ۲۵
باسی چوارەم حیکمەت لە بەدیهاتنی زەویدا ۳۱
باسی پێنجەم حیکمەت لە بەدیهاتنی دەریادا ٤۱
باسی شەشەم حیکمەت لە بەدیهاتنی ئاودا ٤۵
باسی حەوتەم حیکمەت لە بەدیهاتنی هەوادا ٤۹
باسی هەشتەم حیکمەت لە بەدیهاتنی ئاگردا ۵۳
باسی نۆیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی مرۆڤدا ۵۷
کۆتایی ئەم بەشە: ڕێزی مرۆڤ ۷۹
باسی دەیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی باڵندەدا ۸۵
باسی یازدەیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی ئاژەڵدا ۹۳
باسی دوازدەیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی هەنگ و مێروولە و جاڵجاڵۆکە و کرم و مێش و هی تردا ۱۰۳

باسی سێزدەیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی ماسییدا ١١١
باسی چواردەیەم حیکمەت لە بەدیهاتنی ڕووەکدا ١١٧
باسی پازدەیەم گەورەیی بەدیهێنەر لەنێو دڵەکاندا ١٢٥
ناوەڕۆك ١٣١